# تێگەیشتنی کوردانە لەئایین

**زاناو عاریفانی کورد کاری زۆر باشیان لەبواری تێگەیشتنی کوردانە لەئایین کردووە، بۆیە ئێستا ئێمەی کورد ئەگەر کەمتەرخەم بین لەبواری پێشکەوتنی مادیداو شتەکان هاوردە دەکەین ئەوە ڕاستییەکی تێدایە، بەڵام لەمەعریفەی ئایینیدا عاریفانی کورد مەعریفەیان هەناردە کردووە.**



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

تێگەیشتنی کوردانە لەئایین، هەمیشە بەرهەمی جوان و تابلۆی جوانی پێکەوەژیانی لەکوردستاندا نەخشاندووە. بۆ نموونە شێخ مەحمودی حەفید لەشەڕی ئاوباریکدا، کاتێك ئینگلیز بەفڕۆکە بۆردومانی دەکەن، کەچی لەسوپاکەی شێخ مەحموددا پێشمەرگەی مەسیحی هەیە بەناوی جوبرائیل و بەناوی یوسف ئامادەن بۆ کورد دژی ئینگلیز شەڕبکەن.

نموونەی دی، (ویگرام) کە قەشەیەکی سکۆتلەندیی بوو لەخەمی مەسیحییەکانی کوردستاندا بوو، بەڵام کاتێك شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بینی، ئەو زیاتر لەخەمی مەسیحییەکانە، بۆیە ئەڵێ: یاشێخ ئەم خزمەتەی کە بە تۆ ئەکرێ بۆ مەسیحییەکان، بەمن ناکرێ، بۆیە لەبەرئەوە من دەڕۆمەوەو دڵنیام مەسیحییەکان لای ئێوە پارێزراو دەبن.

نموونەیەکی دیکە، شێخ سالاری حەفیدی نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ، خوا تەمەنی درێژبکات، لەبۆردی مافی چارەنووس لەیەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پێکەوە هاوکارین، بۆی گێڕامەوە دەیگوت: جارێکیان کۆمەڵێك لەدانیشتووانی شاری سلێمانی هاتن بۆلای کاك ئەحمەدی شێخ و گوتیان: یاشێخ موسڵمانان لەناو بازاڕدا بە ئێمەی مەسیحی ئەڵێن گاور، بەڵکو لە وەعزەکانتدا هەندێك ئامۆژگارییان بکەی.

شێخ چەندجار وەعزیان بۆ دەدات، سەیردەکات کاریگەری کەمە، بۆیە کە کوڕێکی هەیە

بەناوی شێخ محەمەدی بچووك كاك ئەحمەدی شێخ دێت بۆ ئەو كوڕەی خۆی كچێكی مەسیحی دەخوازێت، ئەوجا بەو خەڵكە دەڵێت: خەڵكینە ئەوە من ئەو كچەم مەسیحییەم خواستوە بۆ ئەم كوڕەی خۆم كە ئێوە پێیان دەڵێن گاور، ئیتر ئەگەر قسەی خراپ بەوان بڵێن، وەك ئەوە وایە بەئێمەتان وتبێ.

هەر بۆ زانیاریی زیاتر كاتێك كوڕەكەی كاك ئەحمەدی شێخ لەم هاوسەرە مەسیحییەی كوڕێكی دەبێت، دەیەوێت ناوی بنێت (محەمەد)، بەڵام كاك ئەحمەدی شێخ دەڵێت: ئەو ژنەش بەشی هەیە لەم منداڵەدا، بۆی دەبێت ناوێكی لێ بنێیت كە بۆ هەردوولاتان ئاسایی بێت، ئەوسا ناوی دەنێن عیسا.

نموونەیەكی دیكە، كەخودی شێخ سالاری حەفید بۆی گێڕامەوە، دەیگوت: لەساڵی ١٩٩١هەتا١٩٩٩ یەكێك هەبوو بەرپرسی لیژنەی مافی مرۆڤ بوو لەعێراق، وەزیری پێشووی دەرەوەی هۆڵەندا بوو، ناوی (ماكس ڤاندەرشتول) بوو. ماكس ڤاندەرشتول كاتێك كە شێخ سالاری حەفید دەبینێ، دەڵێ: یاشێخ هەندێك ئاگاتان لەكەمینە ئایینییەكانی كوردستان بێت، چونكە من لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بەرپرسی ئەو دۆسیەیەم، شێخ سالاری حەفید دەڵێ، پێمگوت: باپیری من كە كاك ئەحمەدی شێخە لە سلێمانییەوە هەتا مەهاباد چووە لەسەر داوای جوویەك، ئەویش ئەڵێ چۆن؟ شێخ ئەڵێ: لەمەهابادی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا شەڕێك لەنێوانماڵێكی موسڵمان و ماڵێكی جوودا دروست دەبێت، موسڵمانەكان لەسەر ماڵە موسڵمانەكەیان كردۆتەوەو ئازاری جووەكەیان داوە، جووەكە لەمەهابادەوە هاتووە بۆ سلێمانی بۆ لای كاك ئەحمەدی شێخ و گوتوویەتی: یاشێخ موریدێكی تۆ لە مەهاباد شەڕی لەگەڵدا كردووم، گەلەكۆمەكیشیان لێكردووم.

كاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانییەوە دەچێ بۆ مەهاباد، كاتێك ئەو هەموو موریدەی شێخ دێن بەپیریەوە لە مەهاباد هەر یەكەیان دەڵێت: فەرموو یاشێخ بۆ ماڵی ئێمە، شێخ دەڵێ : بۆ ماڵی كەستان نایەم، دەچم بۆ ماڵی ئەو جووە، لای ئەو دەبم، ئێوە ئەوتان ئازار داوە.

پاشان ئاشتیان دەكاتەوەو پێیان دەڵێ: ئەمانە لەگەڵ ئێمەدان لە وڵاتی خۆیاندان، هەموومان هاووڵاتی یەك وڵاتین.

بەم جۆرە لەمزگەوتی سووردا كاك ئەحمەدی شێخ یەك مانگ دەمێنێتەوە، یەك مانگ وەعزو ئیرشادیان دەكات كە چۆن بن لەگەڵ پێكهاتە ئایینییەكاندا.

جا بۆ ئەوەی نەوەی ئێستامان بەم شێوەیە بەردەوام بن لەسەر ئەو تێگەیشتنە كوردانەیە لە ئایین، سێ خاڵی زۆر سەرەكی و پێویست دەخەینەڕوو:


یەكەم: لەنیشتمانی ئیسلامییەوە بێینەوە بۆ ئیسلامێكی نیشتمانیی، واتە زیاتر لەخەمی ئیسلامێكی نیشتمانیی خۆمان بین، بەتێگەیشتنی كوردانەی خۆمان بەزمانی خۆمان، لەزەمین و زەمانی خۆماندا.

دووەم: لە بەئیسلامیكردنی كوردەوە بێینەوە بۆ بەكوردیكردنی ئیسلام، واتە واز لەوە بێنین كە خەڵكێك هێشتا لایان وایە ئێمە لەئیسلام نەگەیشتووین و، دێن بۆ ئەوەی ئیسلاممان پێ بناسێنن. با لەمەودوا لەخەمی بەكوردیكردنی ئیسلامدا بین، واتە تێگەیشتنی خۆماڵیی خۆمان هەبێت، نەك هاوردە.

سێیەم: لەگلۆبالەوە بێینەوە بۆ لۆكاڵ، وەك ئەڵێن جیهانییانە بیربكەرەوە، بەڵام لۆكاڵییانە پیادەی بكە.

زاناو عاریفانی كورد كاری زۆر باشیان لەبواری تێگەیشتنی كوردانە لەئایین كردووە، بۆیە ئێستا ئێمەی كورد ئەگەر كەمتەرخەم بین لەبواری پێشكەوتنی ماددیداو شتەكان هاوردە دەكەین ئەوە ڕاستییەكی تێدایە، بەڵام لەمەعریفەی ئایینیدا عاریفانی كورد مەعریفەیان هەناردە كردووە.

كەواتە پێویستە مەلاو شێخ و ئایینپەروەری كورد بەدەوروبەری بڵێ ئێمە قوتابیی كەس نین، ئێمە فەقێی كەس نین، ئێمە مامۆستای خەڵك بووین لە تێگەشتنی ئایین و ئەمەش بەرهەمەكەمانەو بەرهەمی تێگەشتنەكەی ئێمە لەئایین لەهەموو تێگەیشتنی ئەم ناوچەیە جوانترە. كەواتە ئێمە ئەبێ متمانەمان بەخۆ بێت، نەك ببینە فەقێی خەڵكی دی. ئێمە مامۆستاین، ئەگەر لەشتی دیكەدا هاوردەكار بین، ئەوا لەتێگەیشتنی مرۆڤدۆستانەی ئایینیدا ئێمە دەتوانین ببەخشین.



THE LINES
THAT BIND
A
B
100 YEARS OF
SYKES-PICOT
ANDREW J. TABLER, EDITOR

### خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی ١٠٠ساڵی سایکس پیکۆ

# سەربەخۆیی بۆ کوردستان و فیدراڵی بۆ عێراقی عەرەبی

**دەبێت ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا ناوبژیوانێکی راستگۆ بێت لەنێوان عێراق و کوردستان بۆ ئەوەی وەک دوو دەوڵەتی هاوسێ هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکا بن**

**ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی نزیك ئەم هەفتەیە نامیلكەیەكی ٩٨ لاپەڕەیی بەناونیشانی: (سنووره دەستكردەكان.. ١٠٠ساڵی سایكس-پیكۆ. The Lines That Bind: 100Years of Sykes-Picot) بڵاوكردۆتەوە و لەلایەن پرۆفیسۆر ئەندریۆ تالبەر توێژەری باڵا لە پرۆگرامی سیاسەتی عەرەبی و تایبەتمەند لە سیاسەتی سووریاو بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لەوڵاتانی عەرەبی لەئامۆژگای واشنتۆن سەرپەرشتی كراوەو ژمارەیەك توێژەرو ئەكادیمیی تایبەتمەند لە دەوڵەتانی ناوچەكە بەشدارییان تێدا كردووە. لەبەر گرنگیی ئەم توێژینەوانە كە وەك پێشنیارێكە بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردنی ئیدارەی داهاتووی ئەمریكا لەگەڵ كوردستان و عێراق، بە گرنگمان زانی پوختەیەكی بۆ خوێنەرانمان بڵاو بكەینەوە.**



**ئەندریۆ تالبەر**

**تایبەتمەند لەسەر سووریاو سیاسەتی عەرەبی:**

## دەبێت ئەمریكا بەرنامەیەكی سەركەوتووی سەربازی یان بەرنامەیەكی سیاسی پراكتیكی بۆ چارەسەر هەبێت

پرۆفیسۆر ئەندریۆ تالبەر كە لەمانگی نیسانی ٢٠١٦ سەرپەرشتی پەنێڵێكی كردووە بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ساڵ بەسەر سایكس پیكۆ-دا، لەو كاتەوە سەرپەرشتی ئەو پرۆگرامەی كردووە كە ئەم نامیلكە ٩٨ لاپەڕەیەی لێ بەرهەم هاتووەو وەك پرۆسەیەك ئەوە دەخاتەڕوو كە كاتی ئەوە هاتووە سایكس پیكۆ كۆتایی بێت، پرۆفسیۆر تالبەر كە پێشەكیی ئەم نامیلكەیەی نووسیوە، هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە دەكات ئێستا زۆربەی خەڵك باس لەوە دەكەن كە سایكس پیكۆ وەك ئەو رێككەوتنە نهێنییەی لەنێوان بەریتانیاو فەرەنسا بۆ دابەشكردنی میراتی عوسمانی گرێدرابوو، ئێستا لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە، ئەم رێككەوتنە نەیتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بكات. هەروەها ئەو دەوڵەتانە كە بوونە ئەندامی كۆمەڵەی گەلانیش راستەخۆ لەلایەن پاریس و لەندەنەوە ئاراستە دەكران، ئەمەش وایكرد دەستەبژێری قەومی عەرەبی هەست بەوە بكەن كە رۆژئاوا بەسەر ناوچەكەیاندا باڵادەستە، ئەمە بووە هۆكاری گەشەسەندنی فیكری قەومی عەرەبی و هەوڵدان بۆ یەكگرتن، هەروەك یەكگرتنی نێوان میسرو سووریا لەساڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی پان عەرەبیزم جێگەی سایكس پیكۆ بگرێتەوە، بەڵام ئەمەش سەری نەگرت و هەڵوەشایەوە. پاش هاتنی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی كە بە تەواوەتی بارودۆخی ناوچەكەی گۆڕی، بیر لەوە دەكرێتەوە كە سیستمێكی دیكە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتەئاراوە، لەئێستاشدا كە رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخەكە ئاڵۆزتر دەبێت، كاتی ئەوە هاتووە كە ئەمریكا بیر لەوە بكاتەوە كە یان بەرنامەیەكی سەربازیی سەركەوتووی هەبێت، یان بەرنامەیەكی سیاسیی پراكتیكی هەبێت كە توانای جێبەجێكردنی هەبێت بۆ ئەوەی كێشەكانی ئەو ناوچەیە چارەسەر بكرێت.

**پرۆفیسۆر مایکل نایتس**
**تایبەتمەند لەسەر کاروباری ئاسایش و سەربازیی عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو:**

## سەربەخۆیی بۆ کوردستان و فیدراڵیزم بۆ عێراقی عەرەبی

لەدەستپێکی وتارەکەیدا پرۆفیسۆر مایکل نایت بەمجۆرە پێناسەی عێراق دەکات: «ئەم خاکەی ئێستا پێی دەگوترێت عێراق، تەنانەت دەرهاویشتەی تەواوی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆش نییە.» لەبەر ئەوەی بەپێی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ عێراق تەنیا ویلایەتی بەغداو بەسرای دەگرتەوەو ئەم بەشەش بەر بەریتانیا کەوتبوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی پاشان ویلایەتی موسڵی پێوە لکێنرا»، هەربۆیە عێراقیش وەك هەر یەکە لە دەوڵەتانی سعودیەو تورکیا دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی دروستکراوە لەماوەی ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٣٠ سنوورەکانی بەتەواوەتی دیاری کراوە.

لەناو ئەم دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوەدا کۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبگەرای جیاواز پێکەوە کۆکراونەتەوەو هەمووشیان لەلایەن حکومەتێکەوە حوکمڕانی کراون کە نوێنەرایەتی ئەم مۆزائیکە ئاڵۆزە لەخۆی ناگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لەعێراقدا فرەیی هەیە، بەڵام نوێنەرایەتی نییە ( Diversity Without Representa-tion).

لەبەشێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا پرۆفیسۆر نایتس باس لەوە دەکات لەساڵی ٢٠١٤ ـەوە کە داعش موسڵی داگیرکردو پاشان خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند، لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش دوایین بزمار بوو کە لەتابووتی سایکس پیکۆ درا، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، بۆیە پرسیاری سەرەکی و گرنگ کە ئەم توێژینەوەیە دەیوروژێنێت ئەوەیە:

١. ئایا ئەمریکا چۆن بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سروشت و فۆرمی ئایندەی دەوڵەتی عێراق ڕێکدەخاتەوە؟

٢. ئایا سوور دەبێت لەسەر سیاسەتی (یەك عێراق) یان پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات؟

٣. ئایا چاوەڕێی عێراقییەکان دەکات خۆیان ڕێکبکەون و بەرنامە بۆ خۆیان دابنێن؟

توێژینەوەکە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەخاتە بەردەم دووڕیانێکی چارەسەرو لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە دەبێت ئیدارەی داهاتوو ئاسانکاری لەنێوان کوردو بەغدا بکات، بەڵام دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و گێڕانەوەی سەقامگیری لەکوردستانەوە دەست پێبکات، لەمبارەوە ڕاشکاوانە نووسیویەتی: «مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستان باشترین خاڵە بۆ دەستپێکردنی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کوردستان خاڵی هەرە گەورەو سەقەتی عێراقە هەر لەسەرەتای دامەزراندیەوە وەك دەوڵەتێکی دروستکراو "artifi-cial state"، ئەمەش وەك توێژینەوەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەگەر ئەم خاڵە گەورەو سەقەتە کە لکاندنی کوردستانە بەعێراقەوە چارەسەر بکرێت و کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی عێراقی عەرەبی زۆر ئاسان دەبێت. سەبارەت بەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە دەکات کە لەمیانەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی (تورکیا و ئێران) دروست دەبێت، ئەم حاڵەتانەی بەمجۆرە دەستنیشان کردووە:

- دەبێت ئەمریکا دیدو بۆچوونێکی گرنگ و ڕاشکاوانەی بەرامبەر ئایندەی عێراق هەبێت، بەڵام نابێت هەوڵبدات دۆسیێ چارەنووسی ئایندەی عێراق فەرز بکات، بۆ ئەمەش ئەرکی ئەمریکایە پارێزگاری لە سنوورەکانی ئێستای عێراق بکات بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك نەتوانێت بیگۆڕێت، بەڵام کاتێك لەناو سنوورەکانی عێراقدا خودی عێراقییەکان دیالۆگ دەکەن بۆ ئەوەی لەناوخۆی عێراقدا سنوورەکان هەموار بکەنەوەو کراوەبن بۆ جیابوونەوەی ئاشتییانە، ئەوا نابێت چیتر ئەمریکا پێداگیری لەسیاسەتی (یەك عێراق ) بکات، هەروەها نابێت لەخودی عێراقییەکان زیاتر خەمی یەکپارچەیی عێراقی هەبێت، بەڵکو دەبێت هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە چڕبکاتەوە کە دەوڵەتی عێراق و کوردستان دوو هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکا بن.
- کوردستانی عێراق لەماوەی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆ بووەو پێوەندی بە عێراقەوە نەبووە، ئەو پشکەش کە لەبودجەی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، هەمان



**«مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستان باشترین خاڵە بۆ دەستپێکردنی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کوردستان خاڵی هەرە گەورەو سەقەتی عێراقە هەر لەسەرەتای دامەزراندیەوە وەک دەوڵەتێکی دروستکراو “artificial state”،**

**کاتێک لەناو سنوورەکانی عێراقدا خودی عێراقییەکان دیالۆگ دەکەن بۆ ئەوەی لەناوخۆی عێراقدا سنوورەکان هەموار بکەنەوەو کراوەبن بۆ جیابوونەوەی ئاشتییانە، ئەوا نابێت چیتر ئەمریکا پێداگیری لەسیاسەتی (یەک عێراق) بکات، هەروەها نابێت لەخودی عێراقییەکان زیاتر خەمی یەکپارچەیی عێراقی هەبێت**

**پێویستە ئەمریکا بۆ جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق رۆڵی ناوبژیوانێکی پراکتیکی بگێڕێت، دەبێت خۆی زامنی ئەوە بکات کە عێراق و کوردستان وەک دوو دەوڵەتی دراوسێی یەکتری دەبنە دوو هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا**

ئەو پشکەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لەچوارچێوەی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراك بەپێی بڕیاری ٩٨٦ ی ئەنجومەنی ئاسایش لەنەوتی عێراق بۆ کورد تەرخان کراوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە ئەو پشکە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە، هەورەها کورد ریفراندۆمی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەنجامداوەو هەموویان دەنگیان بەو ئاراستەیە داوە کە کوردستان لەگەڵ عێراق دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی بێت، یان دوو دەوڵەتی دراوسێی یەکتری بن؟ لەمبارەوە راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئەمریکا بۆ جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق رۆڵی ناوبژیوانێکی پراکتیکی بگێڕێت، دەبێت خۆی زامنی ئەوە بکات کە عێراق و کوردستان وەك دوو دەوڵەتی دراوسێی یەکتری دەبنە دوو هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا.

● سەبارەت بە پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە توێژینەوەکە بە (ناوچەی تێکەڵی کێشەلەسەر) ناوی بردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو عەرەبانەی لەوناوچانە لەگەڵ کورد دەژین و ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە(KRG) کۆنترۆڵ کراونەتەوە، بەرژەوەندییەکی ئەوتۆیان نابێت ئەگەر داوابکەن ئەو ناوچانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کۆنترۆڵ بکرێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە خاوەنی تێڕوانینێکی راشکاوانە بێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لەسەر ئەم ناوچانە، بۆیە ئەمریکا دەبێت رۆڵی ناوبژیوانێکی راستگۆ و جێگەی متمانەی هەمووان بگێڕێت و هەوڵێکی هەمەلایەنە بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی چارەسەری تەواو بۆ ئەو ناوچە جێناکۆکانە بدۆزێتەوە، بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکیشەوە، هەروەها دەبێت هاوکار بێت بۆ دروستکردنی گەرەنتی بۆ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان لەو ناوچانەدا. لەم حاڵەتەدا ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانە دەژین و لەئێستادا دژی سەربەخۆیی کوردستانن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەتا ئێستا کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر نەکراوە، ئەگەر چارەسەر کران، ئەوەش کۆتایی دێت. بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی راست مامەڵە لەگەڵ کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت، ئەوا ئاماژە زۆرن بۆ ئەوەی بەغداش بەم جیابوونەوە ئاشتییانەیەی کوردستان رازی بێت.

● تورکیا دژی سەربەخۆیی کوردستان نابێت، لەبەر ئەوەی تورکیا گەیشتۆتە قەناعەت ئەو دەوڵەتەی کوردستان کە دروست دەبێت، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو سنوورانە دەبێت کە ساڵی ١٩٢٦ـەوە بە سنووری عێراق ناسراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان نابێتە هۆکاری ئەوەی کە سنوورەکانی تورکیا بگۆڕدرێن.

● ئەوەی ئێستا دەبینرێت، ئەوەیە ئێران زۆر دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات، ئەم دژایەتییەی ئێران بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەشێکی لە ترسی ئەوەیە ئەم دەوڵەتە ببێتە هاندەرێك بۆ کوردی ئێران و ئەم پرسەکە ئێرانیش بگرێتەوە، بەڵام بەشێکی دیکەی دژایەتی ئێران بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پێوەندی بەوەوە هەیە، کە دوای راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە پێوەندیی نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا زۆر بەهێز دەبێت. سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دژایەتییەی ئێراندا، راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر بەپشتگیری ئەمریکا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکات، ئەوا ئێران ناتوانێت تاسەر درێژە بە دوژمنایەتی دەوڵەتی کوردستان بدات.

● **چارەسەری فیدراڵی بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق**

چارەسەری فیدراڵی بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ئێستا باس و خواسی هەموو ئەو ناوەندانەی فیکر و توێژینەوەن کە لە ئەمریکا و رۆژئاوا پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەکەن. ئەم پرسە هەر لەماوەی یەك دوو مانگی رابردوو لە چەند راپۆرتێکی دیکە کە وەك پێشنیار ئامادەکراون بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە وردی جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەر بۆ نموونە:

- لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ راپۆرتی تاسکفۆرسی ئایندەی عێراق کە لەلایەن پڕۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئامۆژگای برۆکینگز ئامادەکرابوو، راشکاوانە پێشنیار بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەکات کە نابێت کوردستان تێکەڵی پرۆسەی داڕشتنەوەی سیستمی حوکمڕانی لەعێراق بکرێت و بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا باشترە ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە کوردستان وەك دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی لەگەڵ عێراق، یان کوردستان و عێراق وەك دوو دراوسێ لەبەرژەوەندی سیاسەتی ئەمریکادایە لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

- لە کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ تاسکفۆرس ئاراستەکانی ستراتیژیەتی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو بوو کە بە ڕاپۆرتی (ئۆلبرایت – هادلی) ناسراوە، ئەم ڕاپۆرتەش بەجیا باسی کوردستان و عێراق دەکات و، داوای گۆڕین و دووبارە دارشتنەوەی سیستمی حوکمڕانی لەعێراق دەکات، بەڵام سەبارەت بە کوردستان داوای چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ عێراق دەکات و پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەخاتە دوای چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی دوای ئەوەی ئەو کێشانە نەمان، جیهان پێشوازی لەسەربەخۆیی کوردستان بکات.

- لەم نامیلکەیەشدا کە هەفتەی ڕابردوو بەناونیشانی (١٠٠ ساڵی سایکس پیکۆ) بڵاوکراوەتەوە، پرۆفیسۆر فابریس باڵۆنش توێژینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی: (شام: لەبەریەکهەڵوەشان و دووبارە نەخشە دارشتنەوە) ئەو نەك هەر داوای لەبەریەك هەڵوەشانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا دەکات، بەڵکو داوای ئەوە دەکات سەرلەنوێ نەخشەی لوبنانیش دابڕێژدرێتەوە، لوبنانیزەیش بکرێت لەسەر شێوازی بەلکانیزەکردن.

ئەم کۆدەنگییەی لەناوەندەکانی فیکرو لێکۆڵینەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرەتایەکە بۆ ئەوەی لەئیدارە و کۆنگرێسی تازەی ئەمریکا، دانیشتنی تایبەتی بۆ ئەو ئەکادیمی و بیرمەندانە بکرێت بۆ ئەوەی لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی سوودی لێوەربگرن، دیارە ئەوانەشی لەنزیکەوە چاودێری کاری ئەو ناوەندانەی فیکرو لێکۆڵینەوە لەئەمریکا دەکەن، ئەو ڕاستییە دەزانن ئەم ناوەندانە تەنیا کاریان ئەوە نییە توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ پلەی زانستی ئامادەبکەن، بەڵکو کاری سەرەکیی ئەو ناوەندانە ئامادەکردنی پێشنیارو ڕاسپاردەی سیاسییە بۆ ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئەوەی سیاسەت دروستکەران سوودی لێوەر بگرن و سوودیشیان لێوەرگرتووە.

سەبارەت بە گرنگیی جیاکردنەوەی پرسی کوردستان لەپرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا، ڕاستە بۆچوون و پێشنیارەکان جیاوازن، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەموو ڕاپۆرتەکان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە ئەمری واقیعی ئێستای دەوڵەتی کوردستان وەك خۆی بمێنێتەوە، پاشان بیر لەوە بکرێتەوە چۆن پێوەندی نێوان کوردستان و عێراق ڕێکدەخرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا گرنگیی توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر مایکل نایتس لەوەدایە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان و عێراق و ئەوەی پێویستە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا لەم پرسەدا کاری پێبکات، وەك پێشنیار دیاریکردووەو جەختی لەسەر کردۆتەوە، بۆیە ئەو پرسەی کە ڕاپۆرتەکەی (ئۆلبرایت – هادلی) ئاماژەی پێکردووە کە دەبێت ماوەیەك چاوەڕێ بین تا کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان کوردستان و عێراق چارەسەر بکرێت، توێژینەوەکەی نایتس چارەسەری ئەوەی دەستنیشان کردووەو دوای ئەم چارەسەرە دێتە سەر ڕێکخستنەوەی سیستمی حوکمڕانی لەبەشە عەرەبییەکەی عێراقدا، بۆ ئەمەش پرۆفیسۆر نایتس داوای سیستمێکی فیدراڵی بۆ عێراقی عەرەبی دەکات لەسەر بنەمای (فیدراڵیزمی پارێزگاکان و لامەرکەزیەت لەئاسایشدا) لەمبارەوە نووسیویەتی: «جیابوونەوەی ئاشتییانەی کوردستان لەعێراق، عێراقێکی تازە دروست دەکات، هەروەها گەورەترین تەحەددی لەبەردەم دروستبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی بۆ عێراقییەکان لادەچێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەشی هەرە زۆریان عەرەبن و کێشەی ناسنامەیان نابێت. لەوانەیە هەندێك کێشە هەبن کە دەتوانرێت بەئاسانی چارەسەر بکرێن، لەوانە بەشێکیان پێوەندی بە شێوازی حوکمڕانی ڕژێمی پێشووی سەدام حوسێنەوە هەیە کە ساڵی ٢٠٠٣ کاریگەری لەسەر عەرەبی شیعە بووە، بەشێکی دیکەیان هۆکاری زۆر تازەن و پێوەندی بەو بارودۆخی توندوتیژییەوە هەیە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ هەموو کۆمەڵگەی شیعەو سوننە بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەمەش واتە پرسەکە لەهەندێك حاڵەتەدا پێوەندی بە کێشەی نێوان شیعەو سوننە نییە. هەر بۆ نموونە لەو کاتەوەی داعش خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووە، کێشە لەنێوان سوننەو سوننەش دروست بووە، لەبەر ئەوەی چەکدارانی داعش کاری ئەوتۆیان بەرامبەر سوننە کردووە کە دوژمنایەتی لەنێوانیاندا دروست کردووە، بۆیە لە پرۆسەی پێکهێنانەوەی نیشتمانی لەعێراقی عەرەبیدا پرسەکە تەنیا پێکهاتنەوەی نیشتمانی نییە لەنێوان شیعەو سوننەدا، بەڵکو نێوانی سوننەو سوننەش دەگرێتەوە، بەڵام هەموو ئەم پرسانە لە چوارچێوەی پرۆسەی فیدراڵییەتی دەوڵەتی عێراق و لامەرکەزییەتی پارێزگاکانی بەشە عەرەبییەکەی عێراق چارەسەر دەکرێت، ئەمە لەبەرژەوەندیی ئەمریکاشدا دەبێت کە عێراقێکی سەقامگیرو بەهێز لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان دوو هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکا دەبن.»

**دەبێت ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە خاوەنی تێڕوانینێکی ڕاشکاوانە بێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لەسەر ئەم ناوچانە، بۆیە ئەمریکا دەبێت ڕۆڵی ناوبژیوانێکی ڕاستگۆ و جێگەی متمانەی هەمووان بگێڕێت**

**تورکیا گەیشتۆتە قەناعەت ئەو دەوڵەتەی کوردستان کە دروست دەبێت، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو سنوورانە دەبێت کە ساڵی ١٩٢٦ـەوە بە سنووری عێراق ناسراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان نابێتە هۆکاری ئەوەی کە سنوورەکانی تورکیا بگۆڕدرێن**

**بەشێکی دیکەی دژایەتی ئێران بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پێوەندی بەوەوە هەیە، کە دوای ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتە پێوەندیی نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا زۆر بەهێز دەبێت**

**پرۆفیسۆر فابریش بالۆنش**
**پسپۆڕ لە کاروباری سووریا و سیاسەتی عەرەبی و ئیسلامی:**

## دەوڵەتە دروستکراوەکانی سایکس پیکۆ پێناسەی نەتەوەییان شێواندووە



لەتوێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (شام: لەبەریەك هەڵوەشان و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەکان) پرۆفیسۆر فابریش بالۆنش توێژەری باڵاو پسپۆڕ لە کاروباری سووریا و سیاسەتی عەرەبی و ئیسلامی لەئامۆژگای واشنتۆن، لەدەستپێکی باسەکەیدا باس لە گوتەیەکی پرۆفیسۆر جۆن کەرەمی مێژوونووسی لوبنانی دەکات کە لەساڵی ٢٠٠٧ گوتوویەتی: «لە بەلکانیزەکردنەوە بۆ لوبنانیزەکردن..لوبنان لەساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٩٠ بەدەست شەڕی ناوخۆوە ناڵاندوویەتی، بەڵام ئەوە ماوەی دوو دەیەیە شەڕ کۆتایی هاتووە، بەڵام هێشتا مەترسیی هەڵوەشانەوەی لەسەرە، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە توانایەکی ئەوتۆ بۆ هاووڵاتیان دروست بکەنەوە کە بتوانێت بەوجۆرە پێناسەی نەتەوەیی بکاتەوە کە لەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا پێناسەی نەتەوە دەکات.» سەبارەت بەم قسەیە پرۆفیسۆر بالۆنش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەوەی پرۆفیسۆر کەرەم بۆ لوبنان دەستنیشانی کردووە، تەنیا کێشەی لوبنان نییە، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بەدەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنن، بۆیە ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەك تەنیا لوبنان، بەڵکو عێراق و سووریاش پێویستیان بە بەلکانیزەکردن هەیە.

سەبارەت بە کێشەی نەخشەی سایکس پیکۆ، دیراسەتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە سایکس پیکۆ هەر لەسەرەتاوە بەمردوویی لەدایك بوو، هەر بۆیە ئەو نەخشەیەی کە بەریتانیاو فەرەنسا لەجەنگی یەکەمی جیهانی دایانڕشت، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، واتە تەنیا دوای ٣٠ ساڵ گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنەکەش هەر لەسەرەتا وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، لەم لایەنەوە توێژینەوەکە ئاماژەی بەم خاڵانە کردووە:

١- لەنەخشەکەی سایکس پیکۆدا سووریاو لوبنان یەك دەوڵەتن، بەڵام لەساڵی ١٩٤٥ لەیەکتری جیابوونەوەو سەربەخۆییان ڕاگەیاند.

٢- لەساڵی ١٩٤٧ فەلەستین لەنێوان عەرەب و جوو دابەش بوو، لە ئایاری ساڵی ١٩٤٨ جووەکان دەوڵەتی ئیسرائیلیان ڕاگەیاند. پاشانیش سنووری دەوڵەتەکەی لەمیانەی سەرکەوتنی سەربازی بەسەر عەرەبدا دیاری کرد.

ئەم دوو حاڵەتە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە گۆڕانکاری لەسنوورەکانی سایکس پیکۆ کارێکی تازە نییە، بەڵکو جیا لەوەی هەر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانکاری گەورە لەنەخشەکە کراوە، لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانیش جارێکی دیکە گۆڕانکاری لەو سنوورانەدا کراوە، لەئێستاشدا کە تەواوی کێشەکانی ناوچەکە پێویستی بەوەیە کە نەخشەکە دووبارە دابڕێژرێتەوە، ئەوا دەبێت پێداگیری لەسەر مانەوەی ئەو سنوورە دەستکردو مردووانە نەکرێتەوە.

لەبەشێکی دیکەی توێژینەوەکەو سەبارەت بەعێراق وەك دەوڵەتێکی دەستکرد، توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە، عێراق هەر لەسەرەتاوە بە زەبری ئاگرو ئاسن بەیەکەوە هێڵدراوەتەوەو لەو ڕۆژەی عێراق بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بە ئاگرو ئاسن بەرامبەر هەر داواکارییەك وەستاوەتەوە کە پێکهاتەیەك داوای ئۆتۆنۆمی کردبێت، هەر بۆ نموونە لەساڵی ١٩٣٢ حکومەتی عێراق کۆمەڵکوژی دژی کریستیانەکان ئەنجامدا، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای ئۆتۆنۆمییان کردووە، هەروەها هەتا ساڵی ١٩٩١ کورد لەعێراقدا کۆمەڵکوژ کراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای ئۆتۆنۆمی کردووە، لە ئێستاشدا ئەو ئاژاوەو پاشاگەردانییەی ناوچەکەی داگیرکردووەو ئەو کێشە توندەی لەنێوان سعودیەو ئێراندا هەیە، هەموو هۆکاری ئەو دەوڵەتە لاوازو دەستکردنایە، هەموو ئەمانەش بوونەتە تەحەددی گەورەو نەمانی سایکس پیکۆ.



**دیڤید پۆلۆك پسپۆڕ لە دینامیکیەتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

## پێویستە ئەمریکا هەوڵبدات کێشەی کورد لەسێ پارچەی عێراق و تورکیا و سووریا چارەسەر بکات و ناوی لێ بنێت: (سایکس پیکۆیەکی بچووك)

لەتوێژینەوەکەیدا بەناونیشانی: (کۆتاییهاتنی سەدەیەك ملکەچی: میراتی سایکس پیکۆ بۆ کورد) پرۆفیسۆر دیڤید پۆلۆك باس لەوە دەکات چۆن ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لەماوەی ١٠٠ ساڵەدا کوردستانی دابەشکردووە و بە درێژایی ئەو سەدەیەش کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان خەباتی کردووە بۆ ئەوەی ئەو غەدرە لابەرێت کە ئەو سنوورە دەستکردانە بەسەریدا سەپاندووە، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو جیهان دەڵێت: کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لەجیهاندا، لەوانەیە وەك نەتەوەی بێ دەوڵەت تامیلەکان لەهیندستان و سریلانکا و پاکستان ئەوانیش وەك کورد بێ دەوڵەت بن، بەڵام نەتەوەیەك کە ماوەی ١٠٠ ساڵە هەوڵدەدات سنوورەکانی سایکس پیکۆ بسڕێتەوە، یان لانیکەم لاوازیان بکات، ئەوە نەتەوەی کوردەو ئەم پرسەی کردۆتە گرنگترین پرسی ئیتنی لەجیهانی هاوچەرخدا.

پرۆفیسۆر پۆلۆك لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە دروستبوونی کۆماری کوردستان دەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دواتر لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە ڕووخێنرا، هەروەها ئاماژە بە شۆڕشی باشووری کوردستان و ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ دەکات کە پاشان بەغدا لێی پاشگەزبووەوەو لەدوای ئەوەش حکومەتی عێراق ژینۆسایدو ئەنفال و کیمیابارانی لەدژی کوردستان بەرپا کردووە، هەتا لەدوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ نەوای ئارامی بۆ دابین کراوەو کورد توانی ئیدارەیەك بۆ خۆی دروست بکات، وێڕای کەموکوڕییەکانیش، بەڵام ئەوە ماوەی چارەکە سەدەیەکە لەم بەشەی کوردستان حکومەتی خۆیان و سوپا و ئابووریی خۆیان هەیە، هەروەها ئەم هەرێمە پێوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ تورکیا هەیە، سەبارەت بەم پێوەندییەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، پرۆفیسۆر پۆلۆك وای دەبینیت ئەم پێوەندییە چۆن بۆتە هۆکاری ئەوەی تورکیا ڕازی بێت هەرێمێکی کورد لەیەکێك لەسنوورەکانی هەبێت، ئەوا هیچ دوور نییە سبەی بەوەش ڕازی بێت کە لە سنووری سووریاشەوە هەرێمێکی دیکەی کوردی هەبێت، ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی قبوڵیش بکات لەناو تورکیاشدا هەرێمێکی کوردی هەبێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پێویستە ئەمریکا هەوڵبدات کێشەی کورد لەسێ پارچەی عێراق و تورکیا و سووریا چارەسەر بکات و ناوی لێ بنێت: (سایکس پیکۆیەکی بچووك)، بەڵام سەبارەت بە ئێران پرۆفیسۆر پۆلاك زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕێککەوتنی ئێران لەسەر پرسی نیوکلیاری و لابردنی سزاکان وای لە ئێران کردووە کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەئێران کارێکی ئاسان نەبێت و ئێران لەم پرسەدا نایەتە ژێربار.



**دانیاڵ سەروەر** شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# عێراق لەسەردەمی نوری مالیکی بووە دەوڵەتێکی فاشیل

**دانیاڵ سەروەر، توێژەرە لەئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆفیسۆرە لەسکوولی دیراساتی نێودەوڵەتی پێشکەوتوو لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز. لەتوێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و بنیادنانی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ناوچەی بەلقاندا. بۆ شرۆڤەکردنی رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاوتوێکردنی دۆخی سووریا و پێشبینییەکانی پەیوەست بەسیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لەئاست ئێراندا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**



*** ئایا دەتوانرێت لەچوارچێوەی سنوورە تەقلیدییەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە جارێکی دیکە سەقامگیری بگەڕێتەوە؟**

- من سەقامگیری و دیموکراسی بە دوو شتی لێکدژ نابینم. رژێمە تاکڕەوەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناسەقامگیری دروست دەکەن. پرسیارە قورسەکە ئەوەیە چۆن بتوانین قۆناغی راگوزەری لەتاکڕەوییەوە بەرەو دیموکراسی ببڕین، بەبێ ئەوەی دەرگا بۆ توندڕەوەکان والا بکەین. پێدەچێت هێشتا تونس خەریکی ئیدارەدانی ئەم پرۆسەیە بێت. میسرو لیبیا شکستیان هێنا. هەروەها عێراقیش لەسەر سایەو سەردەمی مالیکیدا، ئەگەرچی عەبادی ئەوەی خستۆتەڕوو کە کەسێکی ژیرترە. سووریا سەقامگیر نییە لەکاتێکدا کە ئەسەد لەدەسەڵاتدایە. کە هەڵدەستێت بە کوشتنی کەسە میانڕەوەکان، ئەو کەسانەی دەتوانن ئاڵوگۆڕێکی تا رادەیەك ئاشتییانە دروست بکەن لەپێناوی دروستکردنی سیستمێکی حوکمڕانی کە دەرفەت بۆ هەمووان برەخسێنێت.

*** زۆر کەس ئەم پاشاگەردانییەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك شەڕی ٣٠ساڵەی ئایین لە سەدەی حەڤدەیەمی ئەورووپا سەیردەکەن، ئەمەش بەو مانایەی چۆن کۆتایی هێنانی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لەئەورووپا پێویستی بە رێککەوتنێکی ئاشتی**

**وەك ویستفالیا هەبوو، ئەوا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێویستی بە رێككەوتنێكی هاوشێوەی وێستفالیا هەیە، ئایا مەزەندە دەكرێت سیستمێكی ئیقلیمی تازە بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتەئاراوە بۆ ئەوەی لەناو ئەو سیستمە تازەیە دووبارە سەقامگیری بۆ ناوچەكە بگەڕێتەوە؟**

- من باوەڕم بەهێنانەئارای سیستمێكی ئیقلیمی نوێ هەیە، سیستمێك كە تێیدا سەرجەم وڵاتانی ناوچەكە بەشداری بكەن و هەم زەمانەت بە گروپە كەمینەكان و هەم زەمانەت بە دەوڵەتانی دیكە بدەن. بەڵام ئێمە رێگەیەكی دوورودرێژمان لەپێشە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە.

*** ئێستا لەعێراقدا خەریكە شەڕی داعش كۆتایی دێت، بەڵام مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشێكی دیكە هەر هەیە. پرسیار ئەوەیە بۆ ئەوەی رێگە لە دروستبوونەوەی داعشێكی دیكە بگیرێت، دەبێت حوكمڕانیی عێراق گۆڕانكاری بەسەدار بێت، ئایا چۆن دەتوانرێت لەعێراقی دوای داعش رێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعشێكی دیكە، یان شەڕێكی خوێناوی لەنێوان سوننەو شیعە بگیرێت؟**

- ئەوە بۆ خودی عێراقییەكان خۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵام راسپاردەی من بۆیان ئەوەیە كە كار بۆ شۆڕكردنەوەی دەسەڵات بۆ پارێزگاكان بكەن، كە ئەمەش كارێكی كردەنییە لەسایەی دەستووری وڵاتەكەدا. پێویستە خەڵكی عێراق متمانەیان بەوە هەبێت كە حكومەتەكەیان پارێزگارییان لێدەكات، كە كارێكی زۆر ئاسانتر دەبێت ئەگەر بێتوو دەسەڵاتەكان لەسەر ئاستی پارێزگاكاندا بەو كارە هەڵبستن.

*** ئایا ئیدارەی داهاتووی ئەمریكا سزاكان دەخاتەوە سەر ئێران و رێككەوتنەكە گۆڕانكاری بەسەردا دێت؟**

- من دڵنیانیم لەوەی كە گەڕاندنەوەی سەقامگیری ئەولەوییەتی ئیدارەی نوێی ئەمەریكا بێت. ئەمەریكییەكان هەوڵەكانیان لەكوشتنی توندڕەوەكان و چوونە دەرەوەدا چڕكردۆتەوە، ئیدی بە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن، دەرئەنجامەكە چی دەبێت. من هیچ ئەگەرێكی راستەقینە بەدی ناكەم بۆ دووبارە گفتوگۆكردنەوە لەبارەی رێككەوتنە ناوكییەكەوە، هەروەها پێشم وانییە ئەمە شتێكی خوازراو بێت، لەبەر ئەوەی ئەمەریكا دەیەوێت شتێك بە ئێران ببەخشێت لە پێوەندی بە پرسی بەرنامە ئەتۆمییەكەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا سازش لەئێرانەوە بەدەست بێنێت لەبارەی پرسە ئیقلیمییەكانەوە. كەواتە نە واشنتۆن و نە ناوچەكەش خوازیاری ئەمە نین. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە كە ئەمەریكا سزاكان سەختتر بكات لەسەر ئێران وەك كاردانەوەیەك لەبەرامبەر رەفتاری ئێران لە ناوچەكەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، من گومانم هەیە كە ئەوروپییەكان هەمان رێچكە بگرنەبەر، ئەمەش كاریگەری سزا تاكلایەنەكانی ئەمەریكا سنووردار دەكات.

*** بەهۆی هاتنە ناوەوەی رووسیا بۆ ناو سووریا، ئێستا رژێمی ئەسەد نەك هەر مەترسیی رووخانی لەسەر نەماوە، بەڵكو ئەسەد دڕندانەتر دەیەوێت هەموو سووریا كۆنترۆڵ بكاتەوە، ئایا مانەوەی رژێمی ئەسەد تا چەند مەترسی لەسەر ناوچەكە و ئاسایشی یەكێتی ئەوروپا و رۆژئاوا دروست كردووە؟**

- پێموایە مانەوەی ئەسەد لەدەسەڵاتدا ببێتە هۆی ئەوەی توندڕەوەكان باشتر بتوانن خەڵك بەلای خۆیاندا رابكێشن و هێرش بكەنەسەر ئامانجە رۆژئاواییەكان. ئەمە تێڕوانینی ئیدارەی ئێستا بووە. من دڵنیانیم لەبارەی ئیدارەی نوێیەوە، كە دەیەوێت هاوكاری لەگەڵ رووسیادا بكات، نەك ئێران. ئەمە كارێكی دژوار دەبێت لە سووریا.

*** ئێستا پێشنیاری ئەوە دەكرێت لە دوو شوێنی ناو سووریا ناوچەی ئارام دروست بكرێت و هەروەها ئاسمانی سووریا بكرێتە ناوچەی دژەفڕین، ئایا ئەگەر ئەم هەنگاوانە هەڵبگیرێن، دەتوانرێت رێگە لەفڕۆكەكانی رووسیاش بگیرێت بۆ ئەوەی لەئاسمانەوە ناوچەكانی سووریا بۆمباران نەكات؟**

- لەئێستادا ئەگەری دامەزراندنی نەوای ئارام زۆر كەم بۆتەوە بە بەراورد بە رابردوو. كە دەبێت ئەم ناوچەیەش بەردەوام پارێزگاری لێبكرێت — لە حاڵەتی دامەزراندنیدا-. سیستمەكانی بەرگریی ئاسمانیی رووسی ئەنجامدانی ئەم كارەی كردۆتە كارێكی مەترسیدار لە زۆربەی ناوچەكانی سووریادا. پێدەچێت جۆرێك لەنەوای ئارام لەباكووری وڵاتەكەدا و لەسەر سنووری توركیا سەرهەڵبدات، بەڵام ئەوەش پتر بە رێككەوتن لەگەڵ رووسیادا كراوە، نەك دژ بە خواستی رووسیا. بەلەدەستدانی حەلەب و بە باڵادەست بوونی بەرەی نوسرە لەئیدلب، ئەوا دامەزراندنی نەوای ئارام نە كارێكی خوازراوەو نە كارێكی كردەنییە. بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە كە ئەمەریكا بتوانێت چەك بەكار بهێنێت بۆ تێكشكاندنی ئەو فڕۆكانەی هێرش دەكەنەسەر خەڵكە مەدەنییەكە. بەڵام ئەوەش پێویست بەوە دەكات كە قەناعەت بە سەرۆكی ئەمەریكا بكرێت بۆ ئەوەی شەڕ لەدژی سووریا بەرپا بكات، كە ئۆباما پێیوایە كۆنگرێس رێی بە كارێكی وا نەداوە. ناشزانم ترەمپ لەو بارەیەوە چی دەكات.

**بەلەدەستدانی حەلەب و بە باڵادەست بوونی بەرەی نوسرە لەئیدلب، ئەوا دامەزراندنی نەوای ئارام نە كارێكی خوازراوەو نە كارێكی كردەنییە**

**ئەگەری ئەوە هەیە كە ئەمەریكا سزاكان سەختتر بكات لەسەر ئێران وەك كاردانەوەیەك لەبەرامبەر رەفتاری ئێران لە ناوچەكەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گومانم هەیە كە ئەوروپییەكان هەمان رێچكە بگرنەبەر، ئەمەش كاریگەری سزا تاكلایەنەكانی ئەمەریكا سنووردار دەكات**

**ئەوەی ئەمەریكا دەیەوێت شتێك بە ئێران ببەخشێت لە پێوەندی بە پرسی بەرنامە ئەتۆمییەكەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا سازش لەئێرانەوە بەدەست بێنێت لەبارەی پرسە ئیقلیمییەكانەوە**


ONE


ئابووری وەک ئامرازێک بۆ خزمەتی جیۆپۆلیتیک

# تاچەند لە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا رەنگدانەوەی دەبێت؟



«خەریکە لێهاتوویی هەڵسووڕانی ئابووری وەک هونەرێک کە میراتی کۆماری ئەمریکایە لەدەستی دەدەین. باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا هەر لەدەستپێکەوە هەوڵیانداوە کە ئابووری بکەنە ئامرازێک بۆ خزمەتی جیۆپۆلیتیک. تۆماس جیفرسۆن لەساڵی ١٨٠٣ ویلایەتی ئەریزۆنای لەفەرەنسا کڕی، بەمەش رووبەری ئەمریکا دوو هێندەی خۆی زیادی کرد، کە نرخی هەر هکتارێک زەوی لەسەر ئەمریکا تەنیا ٤ سەنت کەوتبوو، لەساڵی ١٨٦٧یش ولیام سیوارد کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، توانی بەدانوستاندن ئەلاسکا لە رووسیا بکڕێت کە رووبەرەکەی ٦٠٠ هەزار میل چوارگۆشە بوو، لەمەشیاندا هکتارێک زەوی تەنها دوو سەنت لەسەر ئەمریکا کەوتووە، بەکڕینی ئەلاسکا ئەمریکا لەهێزێکی کیشوەرییەوە گۆڕا بۆ ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی، خۆ ئەگەر ئەمریکا ئەلاسکای نەکڕیبایە، ئەوا لەمیانەی شەڕی سارددا قوڕگی دەکەوتە ناو دەستی رووسیا. لەساڵی ١٩٤١ کۆنگرێس یاسای خواستن و بەکرێگرتن Lend–Lease Act ی پەسەندکردو لەمیانەی ئەم یاسایەوە توانرا بڕی ٥٠ ملیار دۆلار کە بەپارەی ئەمڕۆ دەکاتە ٦٠٠ ملیار دۆلار بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمان لە ئەوروپا دابین بکرێت. ئەوکات هینری ستیموسۆن ئەمەی ناولێنا: (راگەیاندنی شەڕی ئابووری)، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی شەڕ لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانان یەکلایی ببێتەوە، بەڵام زۆرێک لەبەریتانییەکان دەیانگوت ئەم شەڕی ئابوورییە هێندە دژی لەندەن راگەیەنراوە، هێندە دژی بەرلین نییە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ئەم یاسایە وایکرد کە بەریتانیا بەمەرجی دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا رێکبکەوێت.

لایەنێکی دیکەی بەکارهێنانی ئابووری وەک ئامرازێک بۆ خزمەتی جیۆپۆلیتیک، بریتییە لەپلانی مارشال بۆ بونیادنانەوەی وڵاتانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ئەگەرچی ئەمریکا لەپلانی مارشاڵدا



**• بازرگانی و ئابووری وەك دوو توخمی سەرەکی لەسیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکادا**

تازەترین کتێبی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهانی تۆماس فریدمان بەناونیشانی (سوپاس بۆ دواکەوتنت: رێگەپیشاندەرێکی گەشبینانە بۆ گەشەسەندن لەچەرخی خێرایدا . Thank You for Being Late: An Optimist›s Guide to Thriving in the Age of Accelerations) ئەوەندەی لەیەك دوو پەنێڵدا خۆی باسی ئەم کتێبەی کردووە، ئەم کتێبەشی درێژەپێدەری ئەو هەوڵانەیە بۆ تیگەیشتن لەجیهانگیری و جیهانگیری دیجیتاڵی کە لەساڵی ١٩٩٥ەوە بەهەردوو کتێبی (ئۆتۆمبێلی لیگزس و داری زەیتوون)،

ئەو وڵاتانەی بونیادنانەیەوە، بەڵام زۆر نزیک بوو کە شەڕی سارد بدۆڕێنێت، لە ساڵی ١٩٥٠ کاتێک شەڕی کۆریا هەڵگیرسا، ئەگەر ئەمریکا هاوکاری کۆریای باشووری نەکردایە، ئەوا ئێستا دووچاری گەورەترین تەحەددی لە نیمچە دوورگەی کوریا دەبوو، لەهەمانکاتدا سیئول-یش هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکا نەدەبوو. لەدوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە وردە وردە پشت لەم هونەرە کرا کە ئابووری وەک ئامرازێک بەکار بهێنرێت و زیاتر پشت بە دەستتێوەردان و هێزی سەربازی بەسترا، بەڵام لەبەرامبەردا دەوڵەتانی دیکە وەک چین توانیویانە زۆر بەباشی ئابووری وەک ئامرازێک بۆ ئامانجی جیۆپۆلیتیکی خۆیان بەکار بهێنن. هەر بۆ نموونە لەبەر ئەوەی حکومەتی فلیپین بۆ دەریای باشووری چین بۆتە هەڕەشە، ئەوا چین هەموو ئەو مۆزەی کە لە فلیپینەوە ناردرابوونە بەندەرەکانی چین، هەموویان بۆگەنی کردو لێی نەکڕین، هەروەها کاتێک سیاسەتی ئاسایشی ژاپۆنی وەک هەڕەشە بۆ خۆی سەیرکرد، چین کڕینی ئۆتۆمبێلی لە ژاپۆن راگرت.

بۆ ئێستای ئەمریکا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ شکۆی خۆی گرنگە ئابووری بکەینە ئامرازێک بۆ ئامانجە جیۆپۆلیتیکیەکانمان، سەرۆکی هەڵبژێردراو دۆناڵد لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا زۆر جەختی لەسەر بایەخدان بەبازرگانی کردەوە، بەڵام ئامانجی ترەمپ لەبایەخدان بە بازرگانی تەنیا لەپێناوی بارزگانییە، بۆیە ئەگەر بیەوێت دووبارە شکۆی ئەمریکا بگەڕێتەوە، ئەوا دەبێت بازرگانی و ئابووری بکرێنە ئامراز لەپێناوی ئامانجە جیۆپۆلیتیکیەکاندا.»

***

- رۆبەرت بلاکویل . جینیفەر هاریس
- نووسەرانی کتێبی (شەڕ بەئامرازی دیکە: جیۆئیکۆنۆمیک و هونەری هەڵسووڕانی ئابووری)



هەروەها (جیهانی تەخت) دەستی پێکردووە. فریدمان لەم کتێبە تازەیەدا دەیەوێت پێمان بڵێت کە لەچەرخی خێرایدا جیهان بەخێرایی یاسای مۆر Moore›s law کە گۆردن مۆر دامەزرێنەری ئەنتل لەساڵی ١٩٦٥ دایهێناوەو بەپێی ئەم یاسایە لەماوەی ٢٤ مانگدا گۆڕانکارییەکان دەبن بەدوو هێندە، ئێستا جیهان بەو ئاستە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. هەربۆیە ئەگەر لە روانگەی یاسای مۆرەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی جیهان بکەین، لەماوەی ٢٠٠٥ -٢٠١٦ دەبینین گۆڕانکارییەکان هێندە گەورەن، کە مەزندە ناکرێت، مرۆڤ چەند خێراش بێت، لەگەڵ چەرخی خێراییدا هەر دوادەکەوێت. بەپێی بیرکردنەوەی فریدمان ئەگەر

**سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سەلماندوویەتی هەمان توانای سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی سیستمێکی لەوجۆرەی هەیە کە هەم توانای سەرکردایەتیکردنی سوپا و هەم توانای تێکشکاندنی تیرۆریستانیشی هەیە**

**پێکهاتەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی جیاوازە، بەڵام بەشێک نییە لەشەڕی نێوان شیعەو سوننە و سەرۆکی کوردستان هەر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق رایگەیاندووە کورد دەبێتە بەشێک لەچارەسەری کێشەی نێوان شیعەو سوننە، بەڵام نابێتە بەشێک لەو کێشەیە**

**ئەگەر سیئۆل تەنیا لە دەریای باشووری چین و لە رووبەڕووبوونەوەی کۆریای باکوور خاڵێکی جیۆپۆلیتیکی بێت بۆ نفوزی ئەمریکا، ئەوا هەولێر نەک هەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەتەواوی هاوپەیمانی دژەتیرۆر و رێزگرتنی پێکەوەژیان و فرەیی ئەو پێگە جیۆپۆلیتیکییە جیهانییە دەبێت بۆ ئەمریکا کە تەواوی ستراتیژیەتی خۆی لەهەولێرەوە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکات**

مرۆڤ پەنجە بنێت بە دوگمەی راوەستانی کۆمپیوتەردا، ئەوا کۆمپیوتەرەکە دەکوژێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆی وا مەزندەبکات کە ئەویش دوگمەیەکی راوەستانی هەیەو پەنجەی پیادا بنێت، ئەوا کە مرۆڤ راوەستا، ئەو کاتە بیرکردنەوەی دەکەوێتە ئیش و رەنگدانەوەی لەسەر کاروبارەکانی دەبێت و دەتوانێت بە گەشبینانە لەگەڵ چەرخی خێراییدا هەنگاو هەڵبگرێت.

لەپەنێڵکدا کە ئەم مانگە لەئامۆژگای برۆکینگز لەسەر ئەم کتێبە بۆی سازکرابوو، کۆڕگێڕەکە لێی پرسی لە روانگەی کتێبی (سوپاس بۆ دواکەوتنت) چۆن سەیری سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ دەکەیت؟ فریدمان گوتی: سەرکەوتنی ترەمپ تەنیا رووداوێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی رۆشنبیری و کەلتووری بوو، ئەمەش بەو مانایەی لەچەرخی خێراییدا کەلتوور و بەهاکان ئاراستەی هەنگاوەکانمان دیاری دەکەن.

ئەگەر لەسەر بنەمای لێکدانەوەکەی فریدمان، سەرکەوتنی ترەمپ بە شۆڕشێکی کەلتووری و رۆشنبیری سەیری بکەین، ئایا ئەم شۆڕشە وەك شۆڕشی پیشەشازی و شۆڕشی تەکنەلۆژیا، سەردەمێکی نوێ دێنێتەئاراوە؟ یان ئایا ئەم شۆڕشە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سیستمێکی نوێی جیهانی کە ریچارد هاس ناوی لێناوە (سیستمی جیهانیی ژمارە ٢) دێتەئاراوەو جیهان بەشێوەیەکی دیکە رێکدەخاتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەندە بەوەی ئایا بەچەند ساڵ پێش هەڵبژاردنی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا، ئەم پرسیارانە لەئەندێشەی بیرمەندانی جیهاندا بوون و بەدوای وەڵامەکەیدا وێڵ بوون؟ بێگومان لەساڵی ٢٠٠٥ەوە بیرمەندان و ئەکادیمی و پسپۆڕان مەزندەی ئەوەیان کردووە کە سیستمە کۆنە جیهانییەکە توانای ئەوەی نییە لەئاستی گۆڕانکارییەکانی جیهاندا بێت، ئەمریکاش بەم سیستمەی ئێستا هەیەتی (سیستمی سەردەمی شەڕی سارد) ناتوانێت سەرکردایەتی جیهان بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە هەم دەبێت پێکهاتەو سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەمیش دەبێت سیستمی ئەمریکاش لەسەر ئاستی ناوخۆو لەسەر ئاستی سەرکردایەتیکردنی جیهانیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

سەبارەت بەم دوو گۆڕانکارییە پێوستە لەسەر ئاستی جیهان و ئەمریکا، پرسیار ئەوەیە ئایا مەزندە دەکرێت یەکەمجار پێویستە سیستمی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یان بەپێچەوانەوە سیستمی جیهانی؟ مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردووی جیهان کە دوو شەڕی گەورەی جیهانی و دوو رێکخراوی جیهانی (کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان)ی تێدا دروست بووە، پێمان دەڵێت، هەم شەڕەکان ئەمریکا رۆڵی کاریگەری هەبووە لەکۆتایی پێ هێنانیان، هەم هەردوو رێکخراوەکەش لەسەر داواکاری و پێشنیاری ئەمریکا بۆ جیهان دامەزراون.

بۆ ئەم وەرچەرخانە، یان بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت لەم چەرخی گۆڕانکارییە خێرایەدا سەرکردایەتی بکات، لەماوەی ١٦ ساڵی رابردووی هەر چوار ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش و باراك ئۆباما شێوازی جیاوازیان تاقی کردۆتەوە. هەر بۆ نموونە لەئیدارەی یەکەمی جورج دەبلیو بوش، ژەنراڵ کۆڵن پاول کە سەرپەرشتی پرۆسەی سەربازیی ئازادکردنەوەی کوێتی لەساڵی ١٩٩١ پێسپێردرابوو لە ٢٠٠١ کرایە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بێگومان دەستنیشانکردنی ژەنراڵێکی سەربازی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە پێی دەگوترێت (سکرتێری دەوڵەت لەئەمریکا)، مانای ئەوەیە ستراتیژیەتی جۆرج دەبلیو بوش ئەوە بوو کە هێزی دیپلۆماتی بگۆڕێت بۆ دیپلۆماتییەتی هێز، بنەمای ئەم ستراتیژەش ئەوە بوو کە جۆرج بوشی باوك لەساڵی ١٩٩١ دوای ئازادکردنەوەی کوەیت سیستمی نوێی جیهانی راگەیاند، بەڵام جورج دەبلیو بوش وێڕای ئەوەی هەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستانی کرد، لەگەڵ ئەوەی هەردوو جەنگەکەی بردەوە، بەڵام شەڕەکەی دۆڕاندو نەیتوانی سەقامگیری و دەوڵەت بونیاد بنێتەوە. بۆیە لە خولی دووەمی ئیدارەی بوشدا، کوندالیزا رایس کرایە وەزیری دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کوندالیزا رایس ژن بوو، بەڵام ژنێك بوو لە هاوشێوەی مارگرێت تاتچەری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا نەك لە هاوشێوەی خاتوو میشێلی

باشلێی سەرۆکی ئێستای چیلی، بۆیە چۆن تارچەر سەرکردایەتی شەڕی فۆکلاندی کرد، بە هەمان شێوە لەسەردەمی کوندالیزا رایسیش کە وەزیری دەرەوە بوو، لەمیانەی پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێز جارێکی دیکە لە ٢٠٠٧ هێز رەوانەی عێراق کرایەوە.

لەئیدارەی یەکەمی باراك ئۆبامادا نەك هەر هەوڵدرا جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ هێزی دیپلۆماتی، بەڵکو بڕیار درا کە بەهیچ جۆرێك بیر لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی نەکرێتەوە، بۆ ئەمەش خاتوو هیلاری کلینتۆن کرایە وەزیری دەرەوە، خاتوو کلینتۆن جیا لەوەی دژی هەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان بوو، لەهەمانکاتدا پێش ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی بیل کلینتۆن خەریکی ئەنجامدانی کاری خێرخوازی بوون، بۆیە کاتێك راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەب روویانداو ئاژاوە دروست بوو، دیپلۆماتیەتی ئەمریکا سەری لێتێکچوو، تەنانەت بۆ رووخاندنی رژێمی موعەمەر قەزافی کە دەستتێوەردانی سەربازی زۆر پێویست بوو، ئیدارەی ئۆباما سەرکردایەتییەکەی سپارد بە ناتۆ و خۆی سەرکردایەتی نەکرد، پاشتریش کە سیسی لەمیسر مورسی لابرد، باڵیۆزی ئەو وڵاتە ئەمەی بەکودەتا پێناسە کردو وەزارەتی دەرەوە بە کارێکی ئاسایی، دوای هیلاری، جۆن کیری دانرا. دانانی جۆن کیری لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە جۆن کیری دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان هەیەو توانای ئەوەی هەیە بە رێگەی دیپلۆماتی کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام لەسەردەمی جۆن کیریدا نەك هەر کێشەکان چارەسەر نەکران، بەڵکو نوری مالیکی عێراقی کاولکردو داعشیش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندو ئەوا ئۆباماو کیری کۆشکی سپی بەجێ دەهێڵن، بەڵام داعش هێشتا خەلافەتەکەی هەرماوەو نەڕووخاوە.

کەواتە لەماوەی ١٦ ساڵی رابردوواو لەمیانەی چوار ئیدارەی بەدوای یەکی ئەمریکادا، نەتوانراوە نە دیپلۆماتیەتی هێزو نە هێزی دیپلۆماتی مامەڵە لەگەڵ ئەم جیهانە خێرایەدا بکەن، بۆیە ئەم حاڵەتە چەقبەستوویە پێویستی بە شۆڕشێك بوو کە ئەویش شۆڕشێکی رۆشنبیری و کەلتوورییە کە بەتەواوەتی سیستمی سیاسیی ئەمریکا سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە.

سەرەداوی ئەم شۆڕشە (ئەگەر سەرکەوتوو بێت)، ئەمجارەش لەدەستنیشانکردنی وەزیری دەرەوەی کابینەکەی ترەمپەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەویش دانانی ریکس تیلێرسۆن بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلە، ریکس کە بەو کەسە لەقەڵەم دەدرێت توانایەکی باشی گرێدانی سەفقەی ئابووری هەیە (Dealmaker)، بەشی زۆری ئەو سەفقانەی کردوونی لەگەڵ سیاسەتی فەرمی ئەمریکا یەکینەگرتۆتەوەو پێچەوانە بووەو هەندێك جاریش تەنانەت پێشێلکردن بووە. هەر بۆ نموونە ریکس کە سەفقەی لەگەڵ رووسیا هەیە، زۆر دژی ئەوە بووە گەمارۆ بخرێتە سەر رووسیا، هەروەها لە ٢٠١٣ کاتێك کۆنتراکتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، ئەمە خۆی لەخۆیدا ژێرپێنانی سیاسەتی فەرمیی ئەمریکا بوو بەرامبەر بە عێراق کە پێی دەگوت (سیاسەتی یەك عێراق).

پرسیاری سەرەکی و سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئایا ترەمپ ئامانجی ئەوەیە ریکس تیلێرسۆن، بازرگانی بۆ بگۆڕێت بۆ دیپلۆماتی، یان ئامانجی راستەقینەی ئەوەیە دیپلۆماتیەت بگۆڕێت بۆ ئابووری و بازرگانی؟ ئایا ترەمپ ئامانجی ئەوەیە ئەمریکا وەك ئیکسۆن مۆبیل لەماوەی چەند ساڵیدا دووبارە گەورە بێتەوە، یان ئامانجی ئەوەیە ئیکسۆن مۆبیل وەك ئەمریکا لێ بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەزموونی تیلێرسۆن دەیداتەوە و پێمان دەڵێت بێجگە لەئەزموونی سەفقەو گەورەکردنی ئیکسۆن مۆبیل، تیلێرسۆن ئەزموونی دیپلۆماتی نییە.

### ● ئەمریکا پێویستی بەشکۆی جیۆپۆلیتیکە نەك تەنیا شکۆی بارزگانی

جۆزیف لەکتێبی (داکشانی ئەمریکا: ئایا سەدەی ئەمریکا کۆتایی هاتووە؟) وەڵامی ئەو توێژینەوەو کتێبانە دەداتەوە کە لەساڵانی ٢٠١٤ – ٢٠١٥ سەبارەت بە داکشان و کۆتایی سەدەی ئەمریکا نووسراون. لەم کتێبەدا جۆزیف نای جەختی لەسەر دەکاتەوەو بەرگری لەباڵادەستیی ئەمریکا دەکات، گرنگن بۆ ئەوەی

■

**ئیکسۆن مۆبیل عێراق بە کوردستان ناگۆڕێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆنتراکتی ئیکسۆن مۆبیل لەگەڵ عێراق لە رووی ماددییەوە قازانجی زیاتر بوو، بەڵام کە کوردستانی هەڵبژاردو نەچووە ژێر گوشاری عێراقەوە، ئەمە مانای ئەوەیە تایبەتمەندیەکانی کوردستان لای ئیکسۆن مۆبیل لە قازانجەکانی عێراق باشترە**

■

**کوردستان لەشەڕی دژی داعش سەلماندی، گرنگیی سلیکۆن ڤالی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆژی چەندە، گرنگیی کوردستانیش بۆ شۆڕشی بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش هێندە گرنگە، بۆیە ئەگەر سلیکۆن ڤالی بە پایتەختی شۆڕشی تەکنەلۆژی لەقەڵەم بدرێت، ئەوا کوردستان بۆ شکۆی مرۆڤایەتی پایتەختی تێکشکاندنی تیرۆریستانە**

■

**سیستمی حوکمڕانیی کوردستان ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆی دروستکردووە، کە فیکری توندڕۆیی تێیدا سەرنجڕاکێش نەبێت، بە پێچەوانەوە لەزۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، ئێستا ئایدیۆلۆژیەتی توندڕۆیی ئەوجا ئیسلامی بێت، یان غەیرەئیسلامی سەرنجڕاکێشە و خەڵک دوای دەکەوێت و زوو بڵاودەبێتەوە**

دیپلۆماتیەتی ئیدارەی داهاتووی ترەمپی پێ بخوێنینەوە، نای بۆ بەهێزیی ئەمریکا ئاماژە بەم خاڵانە دەکات:

١. ئەمریکا خاوەنی ٢٠٪ی ئابووری جیهانەو هیچ دەوڵەتێك لەم جیهانەدا توانای ئابووری ئەمریکای نییە.

٢. لەناو ٢٠ باشترین لە زانکۆکانی جیهاندا، ١٤ زانکۆیان لەئەمریکادان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستاش لە رووی بەرهەمهێنانی مەعریفییەوە هیچ وڵاتێك نییە شان لەشانی ئەمریکا بدات.

٣. لە رووی داهێنان و پێشکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوە، ئەمریکا نەك هەر لە ریزی پێشەوەیە، بەڵکو یەك دوو دەیەی دیکەش هیچ وڵاتێك ناتوانێت بیر لە رکابەریی ئەمریکا لەم بوارە بکاتەوە.

٤. لە رووی بەرهەمهێنانی هێزی نەرمەوە، هێزی نەرمی ئەمریکا سەرنجی هەموو جیهانی راکێشاوە.

٥. لە رووی سوپاو هێزی سەربازی و تەکنەلۆژیای بۆشاییش ئەمریکا یەکەم هێزی جیهانە.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو خاڵە بەهێزانەی جۆزیف نای بۆ ئەمریکای ریزکردوون، ئەو پرسیارە بکەین، ئایا بۆچی ئەمریکا کە ئەمەندە بەهێزە نەیتوانی بەسەر کێشەی تیرۆردا زاڵ بێت؟ یان بۆ نەیتوانی چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بکات کە لەدوای رووخانی دیواری بەرلینەوە خۆی بەخاوەنی ئەو ناوچەیە دەزانێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کتێبی (شەڕ بە هۆکاری دیکە: جیۆئیکۆنۆمیك و هونەری هەڵسووڕانی ئابووری) دەیداتەوە، ئەمەش بەو مانایەی، راستە ئەمریکا خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و خاوەنی سلیکۆن ڤالییە وەك پایتەختی شۆڕشی تەکنەلۆژی، بەڵام تائێستا ئابووری و بازرگانی تەنیا وەك ئامرازێك بۆ پارە کۆکردنەوە بەکار هاتووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە سیاسەت ببێتە ئامرازێك بۆ پارە کۆکردنەوە، تۆماس فریدمان دەڵێت: کاتێك سەردانی کۆنگرێسمانێك دەکەیت، هێندەی بە رێگەی کۆمپیتەرو ئایپادەکەی خەریکی بورسەو نرخی پشکەکانە، هێندە خەریکی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات نییە، هەروەها فرانسیس فۆکۆیاماش دەڵێت: سیاسەت بۆتە باشترین مەیدان بۆ پارە پەیداکردن، بۆیە ئەوەی بیەوێت دەوڵەمەند بێت، رووەدەکاتە سیاسەت و تەنانەت لەناو کۆنگرێسیشدا هێندەی یاساکان بۆ بەرژەوەندی دەستەبژێرێکی بازرگان دەردەکرێن، هێندە بۆ بەرژەوەندی گشتی نییە.

جیاکردنەوەی ئابووری و سیاسەت، یان بازرگانی و سیاسەت کە بەدرێژایی مێژووی ئەمریکا دووانەیەکی پێکەوە گرێدراوبوون بۆ شکۆی ئەمریکا، لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە و پشتگوێ خراوە، لە ئێستاشدا کە ئەم پشتگوێ خستنە بۆتە هۆکاری ئەوەی پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا بێتەخوارەوەو نەتوانێت سەرکردایەتی جیهان بکات، یان سیستمی جیهانی بپارێزێت و کێشەکان چارەسەر بکات، مانای ئەوەیە کۆمارییەکان کە بە ئەمریکی پێی دەگوترێت پارتە گەورەو دێرینەکە (GOP) دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ میراتی باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکاو شکۆی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئابووری و گرێدانی سەفقە دووبارە بگێڕنەوە، ئەمەش وەك چۆن لەکرینی ویلایەتی ئەریزۆنا لە فەرەنسا رووبەڕووی ئەمریکا بووە دووهێندە زیاترو بەمەش بووە هێزێکی کیشوەری گەورە لەهەردوو ئەمریکای (باکوور و ناوەڕاست و باشوور) بەهەمان شێوە بەکرینی ئەلاسکاش لە رووسیا بووە ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا چ لە وەرچەرخانی بۆ هێزێکی کیشوەری بێ هاوتاو پاشانیش وەرچەرخانی بۆ ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی بە رێگەی بەکارهێنانی ئابووری بوویێت، وەك ئامرازێك بۆ شکۆی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا، ئەوا ئێستاش کێشەی ئەمریکا ئابووری و بازرگانی نییە، بەڵکو کێشەی شکۆی جیۆپۆلیتیکی و نەتوانینی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی ئەمریکاو جیهانیشە.

ئەو دروشمەی ترەمپ لەهەڵبژاردنەکان بانگەشەی بۆ دەکرد، بیرنی ساندرزیش کە خۆی کاندید کردبوو لەناو حزبی دیموکراتیدا بەرزی کردبووەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ

**ماوەی ٢٥ ساڵە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و حزبەکانی کوردستان روانگەی راشکاوانەی خۆیان بۆ شێوازی حوکمرانی بۆ جیهان سەلماندووە، کە هەموو حزبەکان بەئایینی و عیلمانی و نەتەوەییەوە، بڕوایان بەسیستمێکی دیموکراتی و فرەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان هەیە**

**کێشەی سەرەکیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوونی حوکمڕانی باش و نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری پتەوە کە خۆشگوزەرانی و کەرامەت بۆ تاکەکانی دروست بکات**


**ئیسرائیل نەک کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئیسرائیل خۆی بەشێکە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستی بە ناوبژیوانێکە کە کێشەکانی خۆی بۆ چارەسەر بکات**


**ئیسرائیل بەکردەیی و بەتەواوەتی جێگەی هەژموون و باڵادەستی پێشانی ئەمریکای لەناوچەکە گرتۆتەوە، مەترسیی هەژموونی ئێران لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەو کەنداو سعودیە وایکردووە کە دەوڵەتانی عەرەبی لەدژی ئێران، بیر لەهاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل بکەنەوە**

لێرەدا ئەوەیە بۆ دیموکراتەکان ساندرز-یان نەکرد بەکاندیدو هیلاری-یان هەڵبژارد، بەڵام کۆمارییەکان لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆریان ترەمپ-یشیان بەدڵ نەبوو و دەنگیان پێنەدا، بەڵام هەر ترەمپ بەکاندید مایەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بەکارهێنانی ئابووری وەك ئامرازێك بۆ گێڕانەوەی شکۆی ئەمریکا، ئەمە بەرنامەی سیاسیی حزبی کۆمارییەکانە، سیاسەتی بەکارهێنانی ئابووریش وەك ئامراز بۆ شکۆی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا، تەنیا بە بزنسمان و ئەو خاوەن کۆمپانیانە جێبەجێ دەکرێت کە دەتوانن لەبازاڕی کاردا سەفقە بکەن واتە ( Dealmaker) نەك سیاسەت دروستکەر واتە ( Policymaker).

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا سەفقە دروستکەر چۆن دەتوانرێت بگۆڕێت بۆ سیاسەت و چارەسەرکردنی کێشەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش رۆبەرت بلاویل هاونووسەری کتێبی (شەڕ بە ئامرازی دیکە) دەیداتەوەو دەڵێت: دەبێت ئابووری بکرێتە ئامراز بۆ گۆڕینی رەفتار و ئەقڵییەت و بڕوابوون بەدیموکراتی. بەدیوێکی دیکە، ستیفن هادلی راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەڵێت: لەئیدارەی داهاتووی ئەمریکادا ئەو پرۆسەی پێی دەڵێن (بونیادنانی دەوڵەت، یان بونیادنانی نەتەوە) ئەمریکا درێژەی پێنادات، بەدیوێکی دیکەدا ئیدی ئەمریکا بەناوی (دەوڵەتی هاوچەرخ و سیستمی دیموکراتی) هیچ شتێك بەسەر هیچ دەوڵەت و نەتەوەیەکدا فەرزناکات، بەڵکو دەبێت نەتەوەو دەوڵەتەکان تێڕوانینی راشکاوانەی خۆیان وەك پرۆژە بە روونی بخەنەڕوو، هەروەها هەر خۆشیان توانای سەرکردایەتی ئەو پرۆژەیەی خۆیان هەبێت، ئەوجا ئەمریکا لەپرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت، یان نەتەوە هاوکارییان دەکات.

پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە ئەم وەرچەرخانە گەورە و گرنگە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە فەشەلی ئەمریکا لەدووبارە بونیادنانەوەی عێراق و ئەفغانستان و بەرهەمهێنانی داعش لەبری دیموکراتی دەیداتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا لەهەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان و لە




**ئەمریکا لەهەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان و لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ئەو دوو دەوڵەتە زیاتر لە ٦-٨ ترلیۆن دۆلاری خەرجکردووە، ئاکامەکەشی ئەوەیە سوننەو شیعە، عەرەب و فارس و تورک و ئەفغانی هەموویان بەیەک دەنگ بە ئەمریکا دەڵێن شەیتانی گەورە**

**راستە ئەمریکا خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و خاوەنی سلیکۆن ڤالییە وەک پایتەختی شۆڕشی تەکنەلۆژی، بەڵام تائێستا ئابووری و بازرگانی تەنیا وەک ئامرازێک بۆ پارە کۆکردنەوە بەکار هاتووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە سیاسەت ببێتە ئامرازێک بۆ پارە کۆکردنەوە، تۆماس فریدمان دەڵێت: کاتێک سەردانی کۆنگرێسمانێک دەکەیت، هێندەی بە رێگەی کۆمپیتەرو ئایپادەکەی خەریکی بورسەو نرخی پشکەکانە، هێندە خەریکی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات نییە**

**جیاکردنەوەی ئابووری و سیاسەت، یان بازرگانی و سیاسەت کە بەدرێژایی مێژووی ئەمریکا دووانەیەکی پێکەوە گرێدراوبوون بۆ شکۆی ئەمریکا، لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە و پشتگوێ خراوە**

**لەماوەی ١٦ ساڵی رابردوودا لەمیانەی چوار ئیدارەی بەدوای یەکی ئەمریکادا، نەتوانراوە نە دیپلۆماتیەتی هێزو نە هێزی دیپلۆماتی مامەڵە لەگەڵ ئەم جیهانە خێرایەدا بکەن، بۆیە ئەم حاڵەتە چەقبەستوویە پێویستی بە شۆڕشێک بوو کە ئەویش شۆڕشێکی رۆشنبیری و کەلتوورییە کە بەتەواوەتی سیستمی سیاسیی ئەمریکا سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە**

**دانانی جۆن کیری لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە جۆن کیری دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان هەیەو توانای ئەوەی هەیە بە رێگەی دیپلۆماتی کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام لەسەردەمی جۆن کیریدا نەک هەر کێشەکان چارەسەر نەکران، بەڵکو نوری مالیکی عێراقی کاولکردو داعشیش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندو ئەوا ئۆباماو کیری کۆشکی سپی بەجێ دەهێڵن، بەڵام داعش هێشتا خەلافەتەکەی هەرماوەو نەڕووخاوە**

پرۆسەی بونیادنانەوەی ئەو دوو دەوڵەتە زیاتر لە ٦-٨ ترلیۆن دۆلاری خەرجکردووە، ئاکامەکەشی ئەوەیە سوننەو شیعە، عەرەب و فارس و تورك و ئەفغانی هەموویان بەیەك دەنگ بە ئەمریکا دەڵێن شەیتانی گەورە، بەڵام لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی و لەمیانەی پرۆژەی مارشاڵ لەماوەی پێنج ساڵدا تەنیا ٤ ترلیۆن دۆلاری خەرجکرد، دەبینین لەدوای کەمتر لە٢٥ ساڵ لەتەوابوونی شەڕی دووەمی جیهانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی دەستی پێکرد، کە ئەم شەپۆلە لەماوەی کەمتر لە ١٥ ساڵدا رانەوەستا هەتا دیواری بەرلینی رووخاند، بەڵام ئەو پارەو قوربانییەی ئەمریکا لەماوەی ١٥-١٦ ساڵی رابردوو خەرجی کردووە، داعشی بەرهەمهێناوە کە مەترسیی داعش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بیرمەندان بڵێن ئەمریکا ئەزموونی ئیمپراتۆریەتی رۆما دووبارە دەکاتەوە و بەدەستی تیرۆریستان دەڕووخێت.

بۆ ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واقیعەکە پێمان دەڵێت، ئیسرائیل بەکردەیی و بەتەواوەتی جێگەی هەژموون و باڵادەستی پێشانی ئەمریکای لەناوچەکە گرتۆتەوە، مەترسیی هەژموونی ئێران لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەو کەنداو سعودیە وایکردووە کە دەوڵەتانی عەرەبی لەدژی ئێران، بیر لەهاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل بکەنەوە. سەبارەت بەم وەرچەرخانە دیپلۆماتکارانی توێژەر لەناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە، ئەم وەرچەرخانە بەمەترسییەکی گەورە بۆ نفوزی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقەڵەم دەدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیسرائیل نەك کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئیسرائیل خۆی بەشێکە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستی بە ناوبژیوانێکە کە کێشەکانی خۆی بۆ چارەسەر بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەمریکا نەك هەر خۆی نفوزی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێدێت، بەڵکو وەك ئێستا دەیبینین رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوەتی بۆتە کێشە بۆ ئاشتی و ئاسایش لەجیهاندا. وەك هەموو راپۆرت و راپرسییەکانیش ئاماژەی پێدەکەن، کێشەی سەرەکیی رۆژهەڵاتی ناوەراست نەبوونی حوکمڕانی باش و نەبوونی ژێرخانێکی ئابووری پتەوە کە خۆشگوزەرانی و کەرامەت بۆ تاکەکانی دروست بکات، بۆیە ئەگەر ئەمریکا چۆن لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی رێگەی نەدا دەوڵەتانی ئەوروپی دوچاری تەنگژەیەکی ئابووریی ئەوتۆ ببنەوە کە پەنا بۆ کۆمۆنیستی بەرن، بەهەمان شێوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێویستی بەپلانێکی هاوشێوەی مارشاڵە بۆ ئەوەی خەڵك ناچار نەبێت دوای داعش و هاوشێوەکانی داعش بکەوێت.

### ● کوردستان وێستگەی یەکەم دەبێت لەنەخشەی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکادا

هەموو ئەو راپۆرتانەی هەتا ئێستا وەك پێشنیارو راسپاردە بۆ سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەخرێنەڕوو، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە باشترین شوێن کە ئیدارەی داهاتوو بیکاتە دەستپێك بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست عێراقە، تەنیا سیستمێکی حوکمڕانیش لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەو ئاستەدا پەرەی پێبدرێت و پێویستی بە دەستکاری ریشەیی نەبێت، سیستمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانە. لەمەش زیاتر بۆ ئەوەی هاوکێشەی سیاسی ئاسان بێت و ئاڵۆزی زیاتری تێنەکەوێت، پێشنیارەکان بەو ئاراستەیەن یەکەمجار کێشەی نێوان عێراق و کوردستان لەچوارچێوەی جیابوونەوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، ئەوجا کێشەی عێراقی عەرەبی چارەسەر بکرێت.

ئەو خاڵ و تایبەتمەندییانەی وادەکات، ستراتیژیەتی ئابووری وەك ئامراز بۆ ئامانجی جیۆپۆلیتیکی یەکەمجار لەکوردستان جێبەجێ بکرێت ئەمانەن:

١. پێکهاتەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی جیاوازە، بەڵام بەشێك نییە لەشەڕی نێوان شیعەو سوننە و سەرۆکی کوردستان هەر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق رایگەیاندووە کورد دەبێتە بەشێك لەچارەسەری کێشەی نیوان شیعەو سوننە، بەڵام نابێتە بەشێك لەو کێشەیە.

٢. ماوەی ٢٥ ساڵە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و حزبەکانی کوردستان روانگەی

راشکاوانەی خۆیان بۆ شێوازی حوکمڕانی بۆ جیهان سەلماندووە، کە هەموو حزبەکان بەئایینی و عیلمانی و نەتەوەییەوە، بروایان بەسیستمێکی دیموکراتی و فرەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان هەیە، لەمەش زیاتر کە خاڵی بەهێزی کوردستانە، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سەلماندوویەتی هەمان توانای سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی سیستمێکی لەوجۆرەی هەیە کە هەم توانای سەرکردایەتیکردنی سوپا و هەم توانای تێکشکاندنی تیرۆریستانیشی هەیە.

٣. سیستمی حوکمڕانیی کوردستان ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆی دروستکردووە، کە فیکری توندڕۆیی تێیدا سەرنجڕاکێش نەبێت، بەپێچەوانەوە لەزۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، ئێستا ئایدیۆلۆژیەتی توندڕۆیی ئەوجا ئیسلامی بێت، یان غەیرەئیسلامی سەرنجڕاکێشە و خەڵك دوای دەکەوێت و زوو بڵاودەبێتەوە.

٤. کوردستان لەشەڕی دژی داعش سەلماندی، گرنگیی سلیکۆن ڤالی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆژی چەندە، گرنگیی کوردستانیش بۆ شۆڕشی بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش هێندە گرنگە، بۆیە ئەگەر سلیکۆن ڤالی بە پایتەختی شۆڕشی تەکنەلۆژی لەقەڵەم بدرێت، ئەوا کوردستان بۆ شکۆی مرۆڤایەتی پایتەختی تێکشکاندنی تیرۆریستانە.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم تایبەتمەندییانەی کوردستان، ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا هاوکاری کوردستان بکات بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لەهەموو سێکتەرەکان دەست پێبکات و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش خۆیان سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە بکەین، ئایا پابەندبوونی کوردستان وەك هاوپەیمانێك بە ئەمریکاوە دەگاتە چ ئاستێك؟ ئایا کوردستان نابێتە گرنگترین ناوچە بۆ شکۆی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا؟ لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە کۆنتراکتی ئیکسسۆن مۆبیل لەگەڵ کوردستان بیداتەوە، ئایا کۆنتراکت لەگەڵ کوردستان بۆ ئیسکۆن مۆبیل گرنگترە، یان عێراق؟ بێگومان ئەوەی کەس مەزندەی نەدەکرد، ئەوە بوو کە ئیکسۆن مۆبیل عێراق بە کوردستان ناگۆڕێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆنتراکتی ئیکسۆن مۆبیل لەگەڵ عێراق لە رووی ماددییەوە قازانجی زیاتر بوو، بەڵام کە کوردستانی هەڵبژاردو نەچووە ژێر گوشاری عێراقەوە، ئەمە مانای ئەوەیە تایبەتمەندیەکانی کوردستان لای ئیکسۆن مۆبیل لە قازانجەکانی عێراق باشترە، هەروەها پێشتر زۆر جار دیپلۆماتەکانی ئەمریکا بەکوردیان دەگوت: کارێك مەکەن لەنێوان ئەنکەراو هەولێر، ئەنکەرا هەڵبژێرین، بەڵام رەفتاری ١٢-١٠ ساڵەی رابردووی تورکیا بەرامبەر ئەمریکا سەلماندی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣ ئەنکەرای لەدەست چوو، بەڵام هەولێر فریای کەوت، لەساڵی ٢٠١٤ ش کە داعش هات، ئەنکەرای لەدەست چوو، بەڵام هەولێر وەك هاوپەیمان لەگەڵی مایەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەمریکا زیاتر لە ٧٠ ساڵە لە رێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیاو دانانی تورکیا بە ئەندامی ناتۆ و ئەو هەموو هەوڵەی ئەمریکا بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام وەك ئێستا دەیبینین ئەو رای گشتییەی لەناو تورکیا دژی ئەمریکایە، لەوانەیە لەوڵاتانی عەرەبی ئەو ئاستە دژی نەبن، بەڵام لە کوردستاندا کە هەتا ئێستا ئەمریکا وەك پێویستیش هاوکاری نەکردووە، رای گشتی دژی ئەمریکا بوونی نییەو کوردستان تەنیا وڵاتە گوڵ پێشکەشی ئەمریکییەکان دەکات، هەر بۆیە ئەگەر بە هاوشێوەی کۆریای باشوور هاوکاری کوردستان بکرێت، ئەوا ئەگەر سیئۆل تەنیا لە دەریای باشووری چین و لە رووبەڕووبوونەوەی کۆریای باکوور خاڵێکی جیۆپۆلیتیکی بێت بۆ نفوزی ئەمریکا، ئەوا هەولێر نەك هەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەتەواوی هاوپەیمانی دژەتیرۆر و رێزگرتنی پێکەوەژیان و فرەیی ئەو پێگە جیۆپۆلیتیکییە جیهانییە دەبێت بۆ ئەمریکا کە تەواوی ستراتیژیەتی خۆی لەهەولێرەوە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکات.

**جۆرج بوشی باوک لەساڵی ١٩٩١ دوای ئازادکردنەوەی کوەیت سیستمی نوێی جیهانی راگەیاند، بەڵام جورج دەبلیو بوش وێڕای ئەوەی هەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستانی کرد، لەگەڵ ئەوەی هەردوو جەنگەکەی بردەوە، بەڵام شەڕەکەی دۆڕاندو نەیتوانی سەقامگیری و دەوڵەت بونیاد بنێتەوە**

**لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە بیرمەندان و ئەکادیمی و پسپۆڕان مەزندەی ئەوەیان کردووە کە سیستمە کۆنە جیهانییەکە توانای ئەوەی نییە لەئاستی گۆڕانکارییەکانی جیهاندا بێت، ئەمریکاش بەم سیستمەی ئێستا هەیەتی (سیستمی سەردەمی شەڕی سارد) ناتوانێت سەرکردایەتی جیهان بکات**

# ئەجیندای ڕێکس تیلێرسۆن

## وەک وەزیری دەرەوەی داهاتووی ئەمریکا



**تیلێرسۆن دووساڵ پێش ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سیاسەتی (یەك عێراق)ی لەمیانەی ئیمزاکردنی کۆنتراکت لەگەڵ کوردستان سڕییەوە، وەك فلادمیر پۆتین-یش دەڵێت: بوونی کۆنتراکت لەگەڵ ئیکسۆن مۆبیل لەهاوپەیمانی لەگەڵ ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا گرنگترە.**

**نووسینی: جێنیفەر هاریس**

**سەرچاوە: گۆڤاری فۆرن ئەفێرز**

دوای چەند هەفتەیەك لەهەڵپەساردنی پرسەکە، دواجار سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ، -کاندیدی- وەزیری دەرەوەی دەستنیشانکرد. کە لەبەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممەدا، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل، ڕێکس تیلێرسۆنی بۆ ئەو پۆستە ناونا. بە ماوەیەکی کەم دوای ڕاگەیاندنەکە و بۆ بەرگریکردن لەکەسە دەستنیشانکراوەکەی، ترەمپ لەتویتەردا ڕایگەیاند کە «ئەو —تیلێرسۆن- خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لەمامەڵەی سەرکەوتووانە لەگەڵ سەرجەم حکومەتە بیانییەکاندا».

ئاشکرایە تیلێرسۆن کەسێکی مامەڵەکارە. لەسایەی سەرکردایەتی ئەودا، ئیکسۆن، کە لەشەش کیشوەردا کاردەکات و بۆرسەیەکی «سوق الأوراق المالیة» هەیە کە بەهاکەی پترە لە ٣٩٠ ملیار دۆلارە، پتر لە سەد ڕێککەوتنی ئاوێتەبوون و دەستبەسەرداگرتنی ئەنجام دراوە. شێوازی گفتوگۆی وەزیری داهاتوو، بەچەشنی شێوازی گفتوگۆی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی داهاتوو، درامائامێز دەبێت. نیویۆرك تایمز یەکێك لەو حاڵەتە تایبەتە پڕ لە درامایە دەگێڕێتەوە کە لە یەمەن ڕوویداوە، کە تێیدا تیلێرسۆن لە میانەی گفتوگۆکردن لەبارەی هەناردەکردنی گازی سروشتییەوە، بەهۆی دەستی دەستی پێکردنی حکومەتەوە شەکەت و دووچاری هەڵچوون و تووڕەیی دەبێت «کتێبێکی پێنج ئینجی هەڵدەدات بە ژوورەکەداو دەچێتە دەرەوە.»

**زۆرجار ڕکابەرەکانی ئەمەریکا ئیکسۆن و گەورە کۆمپانیا نەوتییە ڕۆژئاواییەکانی دیکە وەک ئامرازێک بۆ مومارەسەرکردنی فشار لەسەر واشنتۆن بەکار دەهێنن**

جگە لەم حاڵەتی میزاجییە، ئەوەی تیلێرسۆن جیادەکاتەوە وەك نوێنەری سیاسەتی دەرەکیی داهاتووی ئەمەریکا بریتییە لەتێگەیشتنی ڕوونی ئەو بۆ ئەوەی چۆن پاڵنەرە ئابوورییەکان بڕیارەکانی حکومەت دادەڕێژن لەجیهاندا. ئەوەی مایەی گەشبینییە، ئەوەیە کە دەکرێت تیلێرسۆن بە گەڕانەوە بۆ ئەو حاڵەتە ناو ببەین کە من پێی دەڵێم جیوئیکۆنۆمیکس- واتە بەکارهێنانی ئابووری وەك ئامرازێك بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت- بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ئەویش دوای ١٥ ساڵ ئەمەریکا بە ڕاددەیەکی گەورە پشتی بە هێزی سەربازی بەستووە. بەڵام لەکۆتاییدا جیوئیکۆنومیکس تەنیا کۆمەڵە ئامرازێکە. کەوابێت پرسیارەکە پەیوەستە بەوەی ئایا ئامانجەکانی وەزیرە نوێیەکە- هەروەها ئامانجەکانی سەرۆکە نوێیەکە- چین؟ بە ڕوانین لەباکگراوندی تیلێرسۆن لە ئیکسۆندا، دەکرێت چەند بیرۆکەیەك بەدەست بێنین، کە هەمووشیان دڵنیاکەرەوە نین.

### دابەش بوونی دڵسۆزییەکان

تیلێرسۆن بەدرێژایی ژیانی فەرمانبەری ئیکسۆن بووە، لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە سەرکردایەتی کۆمپانیاکەی کردووە، کە گەورەترین کۆمپانیای

نەوتـی ئەمەریکایـە. لـەو ماوەیـەدا، کەلێنێکـی زۆر هەبـوو لەنێـوان بەرژەوەندییەکانـی ئیکسـۆن و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریـکادا. بـۆ نموونـە، تیلێرسـۆن رێککەوتنێکـی نەوتـی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتاندا ئەنجام دا، کـە ئەمـەش تەحەددییەکـی راسـتەوخۆی سیاسـەتی وەزارەتـی دەرەوە بـوو کـە بریتـی بـوو لەسیاسـەتی یەکپارچەیـی عێـراق و هەوڵـی ئـەوەی دەدا وڵاتەکە لەسایەی دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز لەبەغـدا یەکبخاتـەوە. لەساڵی ٢٠٠٨، دوای ساڵانێك لەپێوەندی نزیك لەگەڵ موعەممەر قەزافی، ئیکسۆن بووە یەکێك لەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا نەوتییانە کە هانـی کۆنگرێسـیان دا بـۆ ئـەوەی لیبیـا ببەخشـرێت لـەو یاسـایەی رێگـە بـە خێزانـی قوربانییەکانـی ئەمەریـکا دەدات بـۆ بەرزکردنـەوەی داوای یاسـایی لـەو لایەنـە دەرەکییانـەی پشـتیوانی تیرۆریزمیـان کـردووە. لەسـایەی سـەرکردایەتی تیلێرسـۆندا، ئیکسـۆن رێککەوتنـی گـەورەی ئەنجامـدا لەگـەڵ دیکتاتۆرەکانـی ناوچـە دەوڵەمەنـد بـە نەوتەکانـی ئەفریقیـا، ئەمـەش بـووە هـۆی درێژکردنـەوەی تەمەنـی رژێمـە تاکرەوەکان لەهەنـدێ وڵاتـی وەك ئەنگـۆلا، تشـاد، کۆمـاری دیموکراسـی کۆنگـۆ و گینیـای ئیسـتوائی. بەدڵنیاییـەوە لەئەمەریـکادا مێژوویەکـی دوورودرێـژ هەیـە کـە گـەورە کۆمپانیـا نەوتییـەکان سیاسـەتی دەرەکیـی خۆیـان پیادە کردبێت، زۆرجاریش ئەمـە دژ بـووە بـە بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا.


هـەروەك مێژوونـووس ئـادەم هۆچشـیڵد تەوسـیقی کـردووە، کۆمپانیـای نەوتـی تیکسـاکۆ رێککەوتنـی بێلایەنبوونـی ئەمەریـکای پێشـێلکرد لەسـەروەختی شـەڕی ناوخۆیـی ئیسـپانیا بـۆ ئـەوەی بـە نرخێکـی داشـکاو وزە بـە لایەنـە ناسیۆنالیسـتیەکان بفرۆشـێت، هەمـوو ئەوەش لەبەر ئەوەی سـەرۆکی جێبەجێکاری ئـەو کاتـەی کۆمپانیاکـە، تۆرکیڵـد ریبـەر، زۆر سەرسـام بـوو بـە سـەرکردەی ناسیۆنالیسـتی ئیسـپانی فرانسیسـکۆ فرانکـۆ و بـە هاوپەیمانەکـەی ئەدۆلـف هیتلـەر.

ریبـەر حاڵەتێکـە لـە رابـردوودا. بـەڵام پێویسـتی کۆمپانیـاکان بـۆ گرتنەبـەری سیاسـەتێکی دەرەکیـی سـەربەخۆ لـەم چەنـد ساڵانەی دواییـدا زیـادی کـردووە، لەبـەر ئـەوەی زیاتـر و زیاتـر سـەرچاوەکانی وزە لەجیهانـدا کەوتنـە دەسـتی لایەنـە خـاوەن سـەروەرییەکانەوە. سـەرەڕای هەمـوو هەوڵەکانـی بەتایبەتکردن لەساڵانی نەوەتەکاندا، ئەوا حکومەتەکان نەك لایەنە تایبەتەکان، لەئێستادا خاوەنی گەورەترین ١٣ کێڵگـەی نـەوت و گاز و سـێ لەسـەر چـواری یەدەگـی نەوتـی جیهانیـن کـە تـا ئێسـتا زانرابێـت. بـەو پێیـە سـەرۆکێکی جێبەجێـکاری وەك تیلێرسـۆن ناچـار بـووە هەنـدێ جـار کاری دیپلۆماتـی بـکات و ئیـدارەی پێوەندییـەکان بـکات لەگـەڵ حکومەتەکانـدا کە شەریکی کاربوون لەگەڵیداو هەندێ جار لەگەڵ رکابـەرە گەورەتـرەکان کـە خـاوەن داراییەکـی باشـتر بوون، کاتێك حکومەتەکانیش هاوپەیمانێتی ئەمەریکا نەبووبێتـن، هـەروەك ئـەوەی لـە حاڵەتـی رووسـیادا هەیـە، ئـەوا سەرسوڕمانێکی زۆری نـاوێ کـە بڵێیـن ئـەوەی لـە بەرژەوەنـدی ئیکسـۆنە مـەرج نییـە لـە بەرژەوەنـدی واشـنتۆن بێـت. سـەرۆکی جێبەجێـکاری پێشـووی ئیکسـۆن لیـی رایمۆنـد جارێکیـان دانـی پێدانـا، کـە کۆمپانیاکـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە بڕیـار نـادات کـە لـە بەرژەوەندیـی ئەمەریـکا بێـت.

هەرچۆنێـك بێـت، کێشـە راسـتەقینەکە، بریتـی نییـە لـە جیاوازیـی بەرژەوەندییـەکان، بەڵکـو ئەوەیـە زۆرجـار رکابەرەکانـی ئەمەریـکا ئیکسـۆن و گـەورە کۆمپانیـا نەوتییـە رۆژئاواییەکانـی دیکـە وەك ئامرازێـك بـۆ مومارەسـەرکردنی فشـار لەسـەر واشـنتۆن بـەکار دەهێنـن. بڕواننـە، پێشـێلکارییەکانی رووسـیا لـە ئۆکرانیـا، کـە بەپێـی رۆژنامەنـووس پیتـەر پۆمێرانتسـەڤ، سـەرۆکی رووسـیا باسـی لـەوە کـرد کـە «هاوپەیمانێتییـە کۆنەکانـی وەك یەکێتـی ئەورووپـا و ناتـۆ مانایەکـی کەمتریـان هەیـە لەسـەدەی ٢١دا بـە بـەراورد بـە پێوەنـدی و رایەڵـە بازرگانییـە نوێیـەکان کـە رووسـیا دایمەزرانـدووە لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی وەك BP، ئیکسۆن، مەرسیدس و BASF » لەبنەڕەتدا، پوتیـن حیسابی ئەوەی کردووە کە ئیسـکۆن لەگـەڵ ئەودایـەو هـەر سـزایەك کـە لەلایـەن رۆژئـاواوە بسـەپێندرێت، رووبـەڕووی بەرهەڵسـتیی تونـد دەبێتـەوە لەلایـەن کەرتـی وزەوە.

ئەمـە گرەوێکـی خـراپ نەبـوو. ئیکسـۆن بـە ملیـاران دۆلاری وەبەرهێنـان کـردووە لـەو گرێبەسـتانەدا کـە تەنیـا ئـەو کاتـە کاریـان لەسـەر دەکرێت، ئەگـەر بێتـوو ئەمەریـکا

**ئیکسۆن رێککەوتنی گەورەی ئەنجامدا لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی ئەفریقیا، ئەمەش بووە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی رژێمە تاکرەوەکان لەهەندێ وڵاتی وەک ئەنگۆلا، تشاد، کۆماری دیموکراسی کۆنگۆ و گینیای ئیستوائی**



سزاکانی سەر رووسیا هەڵبگرێت. لەساڵی ٢٠١٤دا کۆمپانیاکە بە میلۆنان دۆلاری لەکاری فشار و لۆبیدا لەواشنتۆن خەرج کرد، کە یەکێك لەگەورەترین پرسەکانی پەیوەست بوو بە سزاکانی سەر رووسیاوە.

ئەگەر لەبەر رۆڵی رووسیا نەبووایە لە خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی هێڵی مالیزیا لەمانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٤، کە لەلایەن میلیشیا گرێدراوەکانی سەر بە رووسیاوە ئەنجام درا کە لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا چالاك بوون، ئەوا روون نەبوو کە ئایا واشنتۆن و برۆکسل سزاکانیان توندتر دەکرد بەو شێوەیەی کە دواتر کردیان.

**● شۆکی کەلتوور**

ئایا تیلێرسۆن بەرژەوەندییەکانی خۆی، وەك دیپلۆماتکارێك کە باکگراوندی هەیە لەکاری کۆمپانیادا، بە نیگەرانییە بەرفراوانەکانی ئەمەریکا دەگۆڕێتەوە؟ ئەمە روون نییە. لەبەر ئەوەی ئەو نەك تەنیا خاوەنی ئەزموونێکی رەسمی نییە لە حکومەت، یان سیاسەتی دەرەکیدا، بەڵکو تەواوی ژیانی پیشەیی خۆی لەئیکسۆندا بەسەر بردووە. لە راستیدا، تیلێرسۆن دەقاودەق لەبەر ئەوە سەرکەوتوو بوو کە کارێکی باشی کرد لەچوارچێوەی کەلتووری کۆمپانیای ئیکسۆندا. ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی چۆن ئەو لەجیهان و لەبەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان تێدەگات کە دەیەوێت بەدییان بهێنێت.

کەلتووری ئیکسۆن بەوە بەدناوە کە ناشەفاف و داخراوە. کۆمپانیاکە بەوە ناسراوە کە گرنگی بە سەلامەتی دەدات: کارمەندە جێبەجێکارەکانی بە رێ و شوێنی ئەمنی دەپارێزن، هاوشێوەی رێکارە ئەمنییە نهێنییەکان، هەروەها مامەڵەکانیان لەئاماری ساڵانەدا هەڵدەگرن، هەموو ئەوانە بە گوێرەی کتێبی ئیمپراتۆریەتی تایبەتی رۆژنامەنووس ستێڤ کۆڵ — کە کاری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری دەکات.

بەڵام رەنگە بەهێزترین مەیلی کۆمپانیاکە لە رووی دامەزراوەییەوە بە ئاڕاستەی پاراستنی نیزامدا -سەقامگیری- بێت. بەلەبەرچاوگرتنی وەبەرهێنانی درێژخایەن و سەرمایەی زەبەلاح کە بوونەتە خەسڵەتی ئەنجامدانی گرێبەستەکان لەکاری پەیوەست بەنەوتەوە، ئەوا ئیکسۆن بۆ ماوەیەکی زۆرە تەفزیلی سەقامگیریی سیاسی لەسەر هەر شتێکی دیکە دەکات. بەڵام لە زۆر بەشی جیهاندا، سەقامگیری لە بەرگی حکومڕانییەکی تاکڕەودا بەرجەستە دەبێت، کە کاریگەری و ئاکامی ئاشکرای هەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی.

هەروەها پێداگیری لەسەر بەردەوامبوون، بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ئومێدی بێ بنەما، ئەویش لە فۆرمی خۆپەیوەستکردنێکی ناعەقڵانییەوە بە رژێمەکانەوە. بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی لەکۆتایی ساڵانی نەوەتەکاندا وەبەرهێنانێکی زۆری کردبوو لەوڵاتی ڤەنزویلا، ئەوا ئیکسۆن بەردەوام بوو لەکارکردن لەو وڵاتەدا سەرەڕای زیادبوونی ئاماژەکان لەبارەی پەککەوتنی ئابووری و ئاژاوەی سیاسی. لەکۆتاییدا و لەساڵی ٢٠٠٧، حکومەتی ڤەنزویلا، کە ئەو کاتە هۆگۆ شافێزی سەرۆکی وڵات بوو، هەڵسان بە دەستبەسەرداگرتنی رەسیدی کۆمپانیاکە، کە بووە هۆی داوایەکی یاسایی — کە حەوت ساڵی خایاند- و لەکۆتاییدا حکومەت تیلێرسۆنی ناچارکرد بە وەرگرتنی نرخێکی کەم رازی بێت بە یەکلاکردنەوەی کێشەکە.

تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەك لە شێوەکان تیلێرسۆن بتوانێت دەست لە رێچکەکەی خۆی هەڵبگرێت کە زیاد لەپێویست رێچکەیەکی بەحەزەرە، ئەوا دەبێت بە هەمان شێوە زاڵ بێت بەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیدا، کە پێدەچێت بە شێوەیەك گرێدرابێتن بە بەرژەوەندییەکانی ئیکسۆنەوە کە قابیلی لێکجیاکردنەوە نەبن. پشکی تیلێرسۆن لە کۆمپانیاکەدا کە ١٥٠ ملیۆن دۆلارەو گرێدراوە بە گرێبەستی "stock option" و تا چەند ساڵی دیکە بە تەواوەتی گەڵاڵە نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناتوانێت بەئاسانی خۆی لە کۆمپانیاکە رزگاربکات، یان هەموو شتێك بە متمانەیەکی کوێرانە بسپێرێت. لەبەر ئەوە دژوارە خۆی لەبیرکردنەوە لەئیکسۆن لابدات- کە لە ٥٠ وڵات و شەش کیشوەردا کاردەکات- کاتێك لەبری — بە نوێنەرایەتی- ئەمەریکا گفتوگۆ دەکات.

دەکرێت ئومێدی ئەوە بکەین کە تیلێرسۆن بەرژەوەندی ئەمەریکا بکاتە ئەولەوییەت، بەڵام ناکرێت پشت بەمە ببەسترێت. هەر لەبەر ئەوە لەکاتی دانیشتنی پەیوەست بە یەکلاکردنەوەی دەستنیشانکردنەکەیدا، پێویستە ئەنجومەنی سینات تیشك بخاتەسەر ئەو ناوچانەی کە تێیاندا بەرژەوەندییەکانی ئیکسۆن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا لێکدادەبڕێن. ئاشکرایە رووسیا لە سەرووی لیستەکەوەیە، بەڵام وڵاتانی دیکەش هەن، وەك عێراق و سووریا، کە حکومەتی ئەمەریکا پتر لە دەیەیەکە کاری کردووە بۆ ئەوەی خۆی لە کارێکی لەم چەشنە لابدات بۆ رەواندنەوەی ئەو تێڕوانینەی کە ئەو سەرقاڵی داگیرکردنی سەرچاوەکانە.

**تیلێرسۆن رێککەوتنێکی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دا، کە ئەمەش تەحەددییەکی راستەوخۆی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە بوو کە بریتی بوو لەسیاسەتی یەکپارچەیی عێراق و هەوڵی ئەوەی دەدا وڵاتەکە لەسایەی دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز لەبەغدا یەکبخاتەوە**

**تیلێرسۆن بەدرێژایی ژیانی فەرمانبەری ئیکسۆن بووە، لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە سەرکردایەتی کۆمپانیاکەی کردووە، کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکایە. لەو ماوەیەدا، کەلێنێکی زۆر هەبوو لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئیکسۆن و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا**

**نیویۆرک تایمز یەکێک لەو حاڵەتە تایبەتە پڕ لە درامایە دەگێڕێتەوە کە لە یەمەن روویداوە، کە تێیدا تیلێرسۆن لە میانەی گفتوگۆکردن لەبارەی هەناردەکردنی گازی سروشتییەوە، بەهۆی دەستی دەستی پێکردنی حکومەتەوە شەکەت و دووچاری هەڵچوون و تووڕەیی دەبێت و کتێبێکی پێنج ئینجی هەڵدەدات بە ژوورەکەداو دەچێتە دەرەوە**



## جۆشوا رۆڤنەر پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# دەبێت سەرلەنوێ دەوڵەتانی ناوچەکە بونیادبنرێنەوە، بەڵام پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت خوێناوییە

**جۆشوا رۆڤنەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لەسەنتەری «John Goodwin Tower» سەر بەکۆلێژی دێدمان بۆ زانست و مرۆڤایەتییەکان، بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتە لەهەمان سەنتەر، پێشتریش پرۆفیسۆری ستراتیژیەت و سیاسەت بووە لەکۆلێژی جەنگی دەریایی. بۆ قسەکردن لەبارەی دەوڵەتی لەرزۆك و شکستخواردوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی کرد.**

*** چۆن لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، لەڕووی بوونی ژمارەیەك لەدەوڵەتی شكستخواردوو لەم ناوچەیەدا؟**

- لەڕاستیدا ژمارەیەكی زۆری دەوڵەتی زۆر لاواز هەن — ئەگەر نەڵێین شكستخورادوو- لەم ناوچەیەدا، ئێوە دەزانن سووریا لە شەڕێكی ناوخۆیی مەترسیداردایە، مانەوەو نەمانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا وەك پرسیارێكی كراوە دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە دەسەڵاتیشدا بمێنێت، ئەوا ناتوانێت ئەو خاكانە كۆنتڕۆڵ بكاتەوە كە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون. ئەوەتا عێراقیش پێی نایە دەیەی دووەمی شەڕێكی ناوخۆیی نەگریسەوە، ڕەنگە دەسەڵاتی بەغدا بمێنێت، بەڵام كۆنترۆڵێكی كەمی دەبێت بەسەر پانتاییەكی گەورەی وڵاتەكەدا، بەتایبەتی ئەگەر پشتیوانی دەرەكی نەبێت لەلایەن ئەمەریكاو هێزەكانی دیكەوە. هەروەها لەیەمەن شەڕی ناوخۆیی لە ئارادایەو لەمیسریشدا بارودۆخەكە تاراددەیەك لەرزۆكە، كەواتە ئەمە سەروەختێك نییە كە حكومەتێكی جێگیرو بەهێزت هەبێت كە باوەڕی بە خۆی هەبێت.

*** تا چەند گرنگە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا بایەخ بە چارەسەركردنی كێشەكانی ئەم ناوچەیە بدات؟**

- كێشەكە ئەوەیە كە نیگەرانییەكانی ئەمەریكا لەئاستی بەرژەوەندییە ئەمنییەكانیدا ڕوون نین. لە ڕووی مێژوییەوە ئەمەریكا، سێ بەرژەوەندیی گەورەی ئەمنی هەبووە لەپێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، كە بریتی بوون لە تیرۆریزم و نەوت و پرسی بڵاوبوونەوەی چەكی ناوكی. ئەوەی پێوەندی بە تیرۆریزمەوە هەبێت، ئەوا ئەمە وەك هەڕەشەیەك دەمێنێتەوە، بەڵام ڕوون نییە كە ئایا بوونی دەوڵەتی لاواز سەردەكێشێت بۆ هێرشی تیرۆریستی، چونكە هەندێ لە تیرۆریستان توانییان هێرشەكانیان ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوەی لەسایەی سیستمێكی سەقامگیردا دەژیان، وەك ئەلقاعیدە لەساڵانی نەوەتەكاندا، كە دەوڵەتێكی شكستخواردوو لەئارادا نەبوو، بەڵكو تالیبان دەسەڵاتی خۆی سەپاندو دالدەی دان. كەواتە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆ نییە لەنێوان دەوڵەتی لاوازو تیرۆریزمدا. مەسەلەی دووەم پەیوەستە بە نەوتەوە كە پێوەندی بە بەرژەوەندیی ئەمنیی ئەمەریكاوە هەبووە، بەڵام لەئێستادا بازاڕی نەوتی جیهانی گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، ئێستا خستنەڕوویەكی گەورەی نەوت هەیەو داخوازییەكی كەمتری لەسەرەو نرخی زۆر دابەزیوە، ئەمەریكا بڕێكی زۆری نەوت و گازی سروشتی بەرهەم دەهێنێت، كەواتە بە چەشنی ڕابردوو پێویستییەكی ڕوونی نییە بەم كاڵایە. دوایین مەسەلە بریتییە لەپرسی بڵاوبوونەوەی چەكی ناوكی. كە لەدوای ڕێككەوتنە ناوكییەكە لەگەڵ ئێراندا بەلای كەمەوە تا دەیەیەكی دیكە ئەم پرسە هەڵپەسێردراوە. كەواتە بوونی دەوڵەتی لاوازو شكستخورادوو مایەی كارەساتەو دەرئەنجامی زۆر خراپی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، بەڵام بوونی پێوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو حاڵەتەو بەرژەوەندییە ئەمنییەكانی ئەمەریكاوە بەلای منەوە ڕوون نییە.

*** ئایا دەتوانین پێشبینی ئەوە بكەین كە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا كەمتر لە كاروبارەكانی ئەم ناوچەیەوە تێوەدەگلێت؟**

- من بیرۆكەیەكم نییە لەم ڕووەوە. ئیدارەی ترەمپ زۆر جیاواز دەبێت و دەیەوێت دابڕانێك لەسیاسەتە دەرەكییە تەقلیدییەكەی ئەمەریكادا دروست بكات. ئایا ئەمە چ ئاكامێكی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، ئەمە هیچ ڕوون نییە. چونكە لەسەروەختی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا ترەمپ هەندێ جار وا قسەی دەكرد، وەك ئەوەی لەناوچەكە بكشێتەوەو هەندێ جاریش وا دەدوا وەك ئەوەی قووڵتر ڕۆبچێت.

*** ئایا پێتوایە دۆزینەوەی چارەسەرێكی درێژخایەن بۆ كێشەو قەیرانەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەسازكردنی كۆنفرانسێكی نێودەوڵەتی هەیە؟**

- بەداخەوە من بەگومانەوە لەسازكردنی كۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەڕوانم وەك ڕێگایەك بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونكە ئەگەر وابووایە ئەوا زۆر پێش ئێستا كێشەی عەرەب و ئیسرائیل كۆتایی پێدەهات و چارەسەر دەكرا، چەند كۆنفرانسی نێودەوڵەتی و هەمەلایەنمان بینی بۆ سەقامگیركردنی عێراق و بۆ سەقامگیركردنی سووریا. گومانی من لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە ئەوەی لەم وڵاتانەدا دەگوزەرێت شێوازی كۆنی شەڕی ناوخۆییە كە شەڕە لەپێناوی دەسەڵاتدا، لەبەر ئەوە من قەناعەتم نییە تەنانەت ئەگەر هەوڵێكی دیپلۆماسی جددیش

**بنیادنانی دەوڵەت تەنیا بە ڕەوانەكردنی كەسانی تەكنۆكرات و دووبارە دارشتنەوەی یاساكان ناكرێت، بەڵكو مەسەلەكە پەیوەستە بەململانێكردن لەسەر دەسەڵات**

**تا ئێستاش ئێران تەكنەلۆژیای ساڵانی حەفتاكان بەكار دەهێنێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت بە پاڵپشت بەم هێزە درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات بە بێ بەكارهێنانی گروپە وەكیلەكانی**

بخرێتەگەڕ ئەوا رەنگە نەبێتەهۆی گۆڕینی داینامیکیەتی ئەم شەڕانە.

*** چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانیت لەم ناوچەیەدا؟ ئایا پێتوایە ئێران تا چەند پرسی ململانێی تایفەگەری بۆ برەودان بەئەجێندای خۆی و بۆ دەستتێوەردان لەکاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا بەکارهێناوە؟**

- ئەوە راستە ئێران زۆر چالاکە لەم رووەوە و نایشارێتەوەو ئێستا پشتیوانی ئەسەد دەکات و کار بە گروپە وەکیلەکانی خۆی دەکات، وەك حزبوڵا و حەمماس، لەئێستاشدا لەیەمەنەوە تێوەگلاوە. لە روانگەی ئێرانەوە ئەم شێوازی کارکردنە باشترین ستراتیژیەتە بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەشێکی زۆری ئەم مەسەلەیەش پەیوەستە بەوەی ئێران هێزێکی تەقلیدی بەکارناهێنێت، چونکە ئەم هێزە زۆر سنووردارە، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش ئێران تەکنەلۆژیای سالانی حەفتاکان بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت بە پاڵپشت بەم هێزە درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات بە بێ بەکارهێنانی گروپە وەکیلەکانی. واتە ئەمە شێوازێکی کارکردنە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو لاوازییەی کە لەهێزە تەقلیدییەکەیدا هەیە.

*** کەواتە دەبێت چۆن ئێران ئیحتیوا بکرێت، بەڵام چۆن سنوورێك بۆ دەستتێوەردانەکانی دادەنرێت و ئایا باشترین میکانیزم و رێگاچارە لەم رووەوە چییە؟**

- من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم، بەڵام لەپێوەندی بە رووبەڕووبوونەوەی گروپە وەکیلەکانەوە، ئەوا ئەمە پرسێکە دەبێت حکومەتە مەحەلییەکان پێی هەڵبستن. لەپێوەندی بە ئیحتیواکردنی ئێرانەوە، ئەوا پێموایە ئەمە کارێکی مومکینە، راستە ئێران دەتوانێت کێشە دروست بکات و دەتوانێت گروپە وەکیلەکانی بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری سیاسی، بەڵام ئێرانیش چەند خاڵێکی لاوازی هەیە، یەکێکیان بریتییە لەهێزە سەربازییە تەقلیدییەکەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە کێشەی سیاسیی جددی هەیە، ئەو نوخبەیەی لە دەسەڵاتدا ناتوانێت پشت بە پشتیوانی بەردەوامی نەوەی گەنجان ببەستێت، کە بە چەشنی نەوەی پێش خۆیان ئەوەندە رۆنەچوونەتە شۆڕشەکەوە. خاڵێکی دیکە مەسەلەی ئابوورییە، ئێران لەم رووەوە کێشەی جددی و درێژخایەنی هەیە، وەك رەخساندنی هەلی کار و کۆنترۆڵکردنی هەڵئاوسان، کە هەر دەبێت رووبەڕووی ئەم کێشانە ببێتەوە.

*** هەروەك ئاماژەتان پێکرد ژمارەیەکی دەوڵەتی لاواز لەئارادان لەم ناوچەیەدا، ئایا گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئارامی لەم ناوچەیەدا دووبارە داڕشتنەوەی ئەم دەوڵەتانە لەخۆ ناگرێت؟**

- بەڵێ، پێموایە بوونی دەوڵەتی سەقامگیر زۆر گرنگە، چونکە بە بێ بوونی سیستمی سیاسیی روون، ئەوا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی دێتەئاراوە، کەواتە بەشێکی وەڵامی پرسیارەکەتان ئەوەیە کە بەڵێ دەبێت ئەو دەوڵەتانە سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە بنیادنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی درێژخایەن و خوێناوییە، کە پێموایە زۆر کەس لەلایەنە پێوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان ساویلکانە لەم مەسەلەیە دەڕوانن. بنیادنانی دەوڵەت تەنیا بە رەوانەکردنی کەسانی تەکنۆکرات و دووبارە داڕشتنەوەی یاساکان ناکرێت، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بەململانێکردن لەسەر دەسەڵات، ئەوەی لەیەمەن و لیبیاو سووریاو عێراقدا دەیبینین، ئەوەیە کە زۆرێك لەو کەسانەی بەشدارن لەململانێ لەسەر دەسەڵات، کەسانی دڵڕەقن و شەڕێکی سەخت دەکەن و خۆیان رووبەڕووی مەترسیی گەورە دەکەنەوە. کەواتە لەلایەك تەواو هاوڕام لەگەڵتاندا کە دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئارامی کارێکی گرنکە، بەڵام پێموانییە ئەمە بتوانرێت بەئاسانی لە دەرەوەڕا بسەپێندرێت، بەڵکو دەبێت لەناوخۆدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاسان نابێت.

*** ئایا پێتوایە ئەم دەوڵەتانە لە داهاتوودا بەیەکگرتوویی دەمێننەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، من ناتوانم پێشبینی داهاتووی هەموو ئەم وڵاتانە بکەم. با لەعێراق بڕوانین، کە نموونەیەکی باشە لەم رووەوە، چونکە تۆ حکومەتێکت هەیە لەبەغدا، بەڵام پانتاییەکی گەورەی خاکی وڵاتەکەی ناتوانێت کۆنترۆڵ بکات، واتە توانای نییە کۆنترۆڵیان بکات، ئەویش لەبەر هۆکاری ماددی و هۆکاری سیاسی، کەواتە رەنگە ئایندەی عێراق، یان سووریا هاوشێوەی دۆخی هەندێ وڵاتی ئەفریقی لە چەند دەیەیەکی پێش ئێستا بێت، واتە حکومەتێکی مەرکەزی تا رادەیەك سەقامگیرت هەبێت لەپایتەختدا، بەڵام ناتوانێت بەشێکی گەورەی خاکی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات.

**به بێ بوونی سیستمی سیاسیی روون، ئەوا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی دێتەئاراوە**

**ئیدارەی ترەمپ زۆر جیاواز دەبێت و دەیەوێت دابڕانێک لەسیاسەتە دەرەکییە تەقلیدییەکەی ئەمەریکادا دروست بکات**

**رەنگە دەسەڵاتی بەغدا بمێنێت، بەڵام کۆنترۆڵێکی کەمی دەبێت بەسەر پانتاییەکی گەورەی وڵاتەکەدا، بەتایبەتی ئەگەر پشتیوانی دەرەکی نەبێت لەلایەن ئەمەریکاو هێزەکانی دیکەوە**



گەلی کوردستان شانازی بە بەرهەمی خوێنی شەهیدانەوە دەکات، ئەوەی جێگەی ستایشی خەڵکی کوردستانە ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی تێکەڵی کێشمەکێش و ململانێی نێوان حزبەکانی کوردستان نەکردووە، گەلی کوردستانیش بەبێ بوونی هیچ یاسایەك لە رووی ئەخلاقییەوە رێز لەپێشمەرگەو خێزان و خانەوادەو کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەگرێت، بوونی وەزارەتێکیش بەناوی وەزارەتی شەهیدانەوە بۆ رێزگرتن و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی خانەوادەی شەهیدانە، لەم دۆخە سەختەدا کە گەلەکەمان رووبەڕووی چەندین قەیران بووەتەوە، ئایا وەزارەتی شەهیدان تا چ رادەیەك توانیویەتی خزمەت بەکەسوکاری شەهیدان بکات؟ ئایا یاسایەك هەیە بۆ ئەوەی سووکایەتیکردن بەشەهیدان (تەحریم و تەجریم) بکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ مەحمود حاجی ساڵح وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان ئەنجام داوە.

## مەحمود حاجی ساڵح

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ گوڵان:

# پێویستە هەموو مرۆڤێک ئەوەندە ئەخلاقی نیشتمانی بەرز بێت کە بزانێت هەرچی لەم وڵاتە هەمانە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە

## هەوڵەکانمان بۆ دەرکردنی یاسایەکە تاوەکو رێکاری توند بگیرێتەبەر لەبەرامبەر بێڕێزیکردن بە کەسوکاری شەهیدان

*** ئەوەی ئێستا شانازی پێوەدەکەین بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیابارانکراوان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشەرانی گەلەکەمانە، بەتایبەت لەم قۆناغەدا شەهیدانی شەڕی داعش کە قارەمانێتی ئەوان بووە هۆکاری ئەوەی کە ئێستا ناو و ناوبانگی گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەهەموو دنیادا وەك هێما و سیمبوڵی نەتەوەکەمان بەڕێزەوە باس دەکرێت. ئایا ئێوە وەك وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان چ پرۆژەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام ژیانی کەسوکاری شەهیدان خۆشگوزەران بێت؟**

- بەندە وەك وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە٢٠١٤/٦/١٩ دەست بەکار بووم، بەڵام بەداخەوە حکومەت و هەرێمەکەمان تووشی چەندین قەیرانی وەك شەڕ و باری دارایی خراپ و کێشمەکێشی سیاسی و مەرگەسات و تەحەددای جۆراوجۆر بووەتەوە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر جێبەجێنەکردنی پرۆژە گشتییەکانی وەزارەتمان هەبووە کە وەك پێویست نەمانتوانیوە لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بین بەرامبەر ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان، هەرچەندە لەم چەند ساڵەدا پرۆژەی جۆراوجۆرمان هەبووە، سەرەتا لەهەموارکردنەوەی ئەو یاسایە بەشێوازێك کە بتوانێت هەموو گرفتەکانی ئەو توێژە خەباتگێڕە زامن بکات، هەربۆیە زوو بیرمان لەئامادەکردنی رەشنووسی پرۆژە یاسایەکی نوێ کردەوە بۆ باشترکردنی ئیمتیازاتەکان و دابینکردنی مافی زیاتر، ئێستا ئەو رەشنووسی پرۆژە یاسایە ئامادەیەو لەم نزیکانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەرکاتێکیش پەرلەمان کارا بوو، ئەو یاسایە دەنێرین بۆ دەنگدان لەسەری، کارەکانی ئێمە سەد لەسەد خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسییە، بەتایبەتی لەبواری خوێندن و دابینکردنی مووچەو زەوی و شوێنی نیشتەجێبوون و هەروەها چارەسەری بەرکەوتووانی گازی کیمیاوی بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتمان. خۆشبەختانە سەرەڕای قەیرانی دارایی و گرفتی نەبوونی بودجە، توانیومانە بەپاڵپشتی و هاوکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بۆ دابینکردنی زۆر لە پێداویستی و کارەکانمان بۆ نموونە کرێی خوێندنی ٢٠١٤- ٢٠١٥ نزیکەی ٤ ملیار دینارمان لاماوە کە مانگانە چەند سەد ملیۆنێك دابین دەکرێت بۆ دانەوەی ئەو پارانەی کە پێشتر قوتابیان و خوێندکاران داویانە بۆ ئەوەی بەپێی پسولە بۆیان خەرج بکرێتەوە، بەڵام ساڵی ٢٠١٥ – ٢٠١٦ نزیکەی ١٤ ملیار دینار کرێی خوێندن هێشتا نەدراوە و لیژنەمان داناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیەشمان بۆ دابین بکرێت، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦- ٢٠١٧ نوسراومان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە نووسیوە کەکرێ لەقوتابیان و خوێندکاران وەرنەگیرێت، هەر کاتێك دۆخی دارایی باش بوو، کرێکانیان بۆ دابین دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە خۆشبەختانە توانیمان ئەو زانکۆو پەیمانگایانەی ئێوارانەو بەپارەیە بۆ کوڕو کچی شەهیدان و ئەنفالکراوان و یەکێك لە رۆڵەکانی زیندانییانی سیاسی کە ئەو مافە دەیانگرێتەوە کرێی خوێندنەکەیان لێ وەرنەگیرێت. یەکێکی دیکە لەخزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کەرتی تەندروستییەو بەپێی ئەو رێنماییەی وارسی شەهید دەگرێتەوەو نەخۆش دەکەون و تووشی کاری نەشتەرگەری و هەر گرفتێکی تەندروستی دەبن، ئەرکی تێچوونی پزیشکی بەپێی ئەو پسولانەی لێژنەیەکی باوەڕپێکراوی پزیشکی دەکەوێتە سەر وەزارەتمان، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونمان بودجە نەبووە تاوەکو ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەین، لەماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیودا تەنیا ٥٠ ملیۆن دینارمان وەرگرتووەو بە ریزبەندی دراوە بەو دۆسێیانەی کە زیاتر لە سێ هەزار دۆسێیە، ئێستا داوامان کردووە ئەو بڕە پارەیە زیادبکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لەماوەی یەك دوو ساڵێکدا پارەکانیان بۆ دابین بکرێتەوە. دەربارەی چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی، تائێستا ٣٢ وەجبە بۆ دەرەوەی وڵات نێردراون. دەربارەی بەهاوسەرێتی کوڕو کچی شەهید کە لەم کابینەیەدا نەمانتوانیوە هیچ بڕە پارەیەکیان بۆ خەرج بکەین و ئەو پارەیەی لە ٢٠١٠-٢٠١١-٢٠١٢-٢٠١٣ لەسەرمانە ئەویش خەرج نەکراوەو لەهەوڵداین، هەروەها لەبواری زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەوانەی کە تا ئێستا بۆیان دابین نەکراوە، بەهەمانشێوە لە هەوڵێکی زۆردایین و لێژنەمان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دروست کردووە کەهاوکارمان بن بۆ ئیفرازکردنی زەوی بۆ ئەو کەسوکارانەی شەهیدان کە فەرمانی زەوییان هەیەو ئەوانەشی فەرمانیان نییە، نووسراومان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، هەندێك زەویشمان دابین کردووە وەکو ئەوەی بۆ زیندانییانی سیاسی و شەهیدان لەهەڵەبجەو هەندێك شوێنی دیکە. بەشێوەیەکی گشتی کەسوکاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی ئەوانەی تا ئێستا فەرمانیان نییە ١٠٦٥٨پارچە زەویمان پێویستە و داوامان کردووە

**چەندین نووسراومان کردووە بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە ریزبەندی وەزارەتەکان لەدوای وەزارەتی پێشمەرگەوە مووچە وەربگرن و بەڵێنی زارەکی لەلایەن بەرێز سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی داراییەوە دراوە، ئومێدەوارین لەساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێت**

**لە هەوڵێکی زۆردایین و لێژنەمان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دروست کردووە کەهاوکارمان بن بۆ ئیفرازکردنی زەوی بۆ ئەو کەسوکارانەی شەهیدان کە فەرمانی زەوییان هەیەو ئەوانەشی فەرمانیان نییە، نووسراومان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە**

**توانیمان ئەو زانکۆو پەیمانگایانەی ئێوارانەو بەپارەیە بۆ کوڕو کچی شەهیدان و ئەنفالکراوان و یەکێك لە رۆڵەکانی زیندانییانی سیاسی کە ئەو مافە دەیانگرێتەوە کرێی خوێندنەکەیان لێ وەرنەگیرێت**

**لەلاهای سکاڵامان لەسەر سەرانی داعش و ئەو شێوە دەوڵەتەی هەیانە تۆمارکردووە، بەڵگەنامەکان جگە لەشایەتحاڵەکان گۆڤاری- دابق- مان پێداون کە لەسەر زاری خۆیان و بەدیکیومێنت شانازی بەو کۆمەڵکوژییەوە دەکەن کە لەشنگال ئەنجامیان داوە**

**بڕیاردرا سەنتەرێک یا دەستەیەک دابمەزرێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەو دیکیومێنتەکان لە زیندانەکان و قوربانییەکان و زانیاری کاولکردنی پەرستگاو کڵێسەو شوێنە پیرۆزەکان، ئەم سەنتەرە لەدهۆک بەسەرپەرشتی دادوەرێک دامەزراوەو توانیوێتی زیاتر لە ١٠٠٠ دۆسێ ئامادە بکات**

**سەبارەت بەشەهیدانی شەڕی داعش لیژنەیەکی باڵا بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون پێکهاتووە تاکو یەکەی نیشتەجێبوون لەرێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ خانەوادەکانیان دابین بکەین**

فەرمانیان بۆ دەربکرێت، هەروەها ئەوانەی فەرمانی زەوییان هەیە ٦٢٦٧ پارچە زەوییە کە پێویستە ئیفراز بکرێت، لەزیندانانی سیاسی توانیمان ٢٦٧٤ کەس زەوی وەربگرێت لەکۆی نزیکەی ٥٠٠٠ کەس. سەبارەت بەشەهیدانی شەڕی داعش لیژنەیەکی باڵا بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون پێکهاتووە تاکو یەکەی نیشتەجێبوون لەرێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ خانەوادەکانیان دابین بکەین، کە لەگەڵ ئامادەبوونی ئەم یەکانە بەسەریاندا دابەشی دەکەین.

*** لایەنێکی دیکە کاری وەزارەتەکەتان جینۆسایدو ئەنفال و قوربانییانی کیمیاباران لەخۆدەگرێت، پرسیار ئەوەیە چیتان بۆ قوربانیانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان کردووە؟ لە رووی ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە رووی یاسایی و سیاسییەوە چ هەوڵێکتان داوە؟**

- لەدوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە راستەوخۆ کۆبوونەوەیەك لەئەنجومەنی وەزیران بۆ دوو مەبەست ئەنجام درا، هەم بۆ پێشوازیکردنی ئاوارەکان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستی بەپەلە بۆیان، هەمیش لیژنەیەك دامەزرا بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو زانیارییەکان و ناساندنی کەیسی ژینۆسایدی ئێزیدیەکان بەدنیای دەرەوە کە لێپرساوێتی ئەم لیژنەیە بە بەندە سپێردرا نوێنەرایەتی وەزارەتی کارو فەرمانگەکانی دەرەوەو ئێزیدییەکان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی تێدایەو ئێستاکە زۆر فراوانتر بووەو حەوت ئەندامی تێدایە، لەو ماوەیەدا لەدوای ٢٠١٤-٨-١٧ ـەوە تا ٢٠١٤-١٠-١٨ چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان کردووە، ئەوەی شارەزایی و پسپۆڕایەتییان لەکەیسی جینۆساید هەیە، کە جگە لەسەردان و دانیشتن و گفتوگۆکانی ناوخۆی لایەنە پێوەندیدارەکانی کوردستان هەر لەئەنجومەنی دادوەری و پەرلەمان و مافی مرۆڤ و وەزارەتی دادو ناوخۆ و پێشمەرگەمان کردووە، هەموو ئەمانە ئێمە سەرنج و تێڕوانینەکانمان پێداون و تێڕوانین و پێشنیازەکانمان وەرگرتووەو بڕیاردرا سەنتەرێك یا دەستەیەك دابمەزرێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەو دیکۆمێنتەکان لە زیندانەکان و قوربانییەکان و زانیاری کاولکردنی پەرستگاو کڵێسەو شوێنە پیرۆزەکان، ئەم سەنتەرە لەدهۆك بەسەرپەرشتی دادوەرێك دامەزراوەو توانیوێتی زیاتر لە ١٠٠٠ دۆسێ ئامادە بکات، لەئاستی نێودەوڵەتیش توانیمان لەگەڵ کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ لێپرسینەوەو دادپەروەری پێوەندییەکی باش بکەین و سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری و کردنەوەی خولی راهێنانین لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری و دیکیومێنت و بەڵگەنامە یاساییەکان و ڕێکخستنیان، ئەمە جگە لەوەی چەندینجار سەردانی وڵاتانی ئەوروپیمان کردووە، بەتایبەتی سەردانی لاهای لەهۆڵەندا کە لەنزیکەوە دانیشتن لەگەڵ سەرۆك و تیمە پسپۆڕەکان و هەموو بەڵگەکانمان پێدان و دەستخۆشییان لێکردین کە لەماوەی دوو مانگدا توانیومانە ئەو هەموو بەڵگەنامانە بگەیەنینە ئەوان، دواتر سەردانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی دەرەوەو باڵیۆزخانەکان و بارەگای یەکێتی ئەوروپامان لەبرۆکسل کردووە و لەنزیکەوە کەیسی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدیمان بۆ باسکردون ئەمە جگە لەزنجیرە سەردانەکانی فەرەنساو سویسراو بینینی سەرۆکی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ و ئەنجومەنی دادوەری و کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی گرنگی پێوەندیدار بەمافی مرۆڤ. لەم سەردانانەدا توانیمان ئەو جینۆسایدەی کوردانی ئێزیدی و شەبەك و سابیئە و کاکەیی و کریستیانەکان و کوردی موسڵمان رووبەڕووی بوونەتەوە بگەیەنینە ئەوان، ئەوانیش زۆر بەگرنگییەوە ئەم کەیسانەیان لێوەرگرتین تەنانەت لە لاهای سکاڵامان لەسەر سەرانی داعش و ئەو شێوە دەوڵەتەی هەیانە تۆمارکردووە، بەڵگەنامەکان جگە لە شایەتحاڵەکان گۆڤاری- دابق-مان پێداون کە لەسەر زاری خۆیان و بەدیکیومێنت شانازی بەو کۆمەڵکوژییەوە دەکەن کە لەشنگال ئەنجامیان داوە، هەر لە رفاندن و کڕین و فرۆشتنی کچ و ژنی کوردانی ئێزیدی و کوشتنی گەنج و پیاوەکان و مامەڵەی نادروست و بەزۆر سەپاندنی دینی داعش بەسەریانداو خراپ پەروەردەکردنی منداڵەکان و جیاکردنەوەی پیاو ئافرەت بۆ نەهێشتنی رەچەڵەك و هیلاکبوون و مردنی زیاد لە ٦٠٠ کەس لەچیای شنگال لەکاتی هەڵهاتن و وێرانکردن و دزینی ماڵ و مومتەلەکاتیان و فڕێدانیان لەناو گۆڕی بەکۆمەڵ، سەرەڕای ئەم هەموو بەڵگەنامانەی کە رەگەزەکانی ژینۆسایدن، کەچی بەفەرمی وەڵام دراینەوە کە ئەوان ناتوانن لێکۆڵینەوە لەو کەیسانە بکەن لەبەر ئەوەی عێراق ئەندام نییە لەدادگاکەیان —دادگای تاوانی نێودەوڵەتی- (ICC) ئەمەش بەپێی ئەو یاسایەی لەساڵی ٢٠٠٢ دایانناوە، وڵاتی عێراق نەبووەتە ئەندام و هەر وڵاتێك ئەندام نەبێت، هەر کردەوەیەکی کۆمەڵکوژی تێدا ئەنجام بدرێت، تا ئەو وڵاتە نەبێتە ئەندام، لێکۆڵینەوەی تێدا ناکرێت. ئێمە هەر بەمەوە نەوەستاین بەناچاری هەندێك رێگەی دیکەمان گرتەبەرو لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە هەوڵێکی زۆرمان داوە.

لە دواسەردانمدا بۆ بەلجیکا لەگەڵ کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ دادپەروەری و لێپرسینەوە (CIJA)

دانیشتم و داوامان کرد لەبەدیلی ( icc) دادگایەکی نێوخۆیی، بەڵام بە ئیعترافی نێودەوڵەتی لەهەرێمی کوردستان دروست بکرێت، ئەوانیش پێیان باش بوو لەچوارچێوەی پرۆژەیەکدا دایان بە ئێمەو ئێستا کاری لەسەر دەکەین. تەنانەت رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەڵێنیان پێداین لەگەڵ عێراقدا دابنیشن و حکومەتی عێراق رازی بکەن، ئەگەر بێتوو ئەو دادگایە لەهەرێمی کوردستان دروست بێت، گرنگییەکی زۆری دەبێت، چونکە بەسەرپەرشتی پسپۆڕان و شارەزایانی یاسایی نێودەوڵەتی دەبێت و کەیسی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی زۆر بەرەوپێشەوە دەبات، راستە لەئاستی زۆر لە پەرلەمانەکان و وەزارەتەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا سۆزێکی زۆریان بۆ گەلی کورد هەیە لەم کەیسەدا، بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە لە رووی یاساییەوە لە دادگاکاندا بناسێنرێت. دەبێت رۆڵی تیمەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەبیر نەکەین کە هەر پێش ئازادکردنەوەی شاری شنگال تیمەکانمان لە سنونێ و ناوچەکانی دەڤەری شنگال توانییان سێ گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵبدەنەوەو بەرێزەوە بەمەراسیمێك و بەبۆنەیەکی شایستە بەئامادەبوونی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەرفەدین بەخاك سپێردران، دوای ئەوەی سەمپڵیان لەئێسکەکانیان وەرگیرا، لەگوڵاڵەو سەعدییەش حەوت گۆڕمان دەرهێنا، لەکاتی ئازادکردنی شنگالدا تیمەکانمان لەگەڵ رێکخراوی (ICMP) کە رێکخراوێکی تایبەتە بەکەسە ونبووەکان کارمان کردووە، نزیکەی ٣٠ گۆڕی بەکۆمەڵمان پاراستووەو بەپێی یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کاری لەگەڵ دەکەین، بەهۆی هەڵوەشانەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی کارەکانمان راوەستا، بەڵام ئێمە بەهەموارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بەم بوارە توانیومانە دووبارە لەم کەیسانە کاربکەینەوە.

*** ئەوەی جێگەی شانازی بوو بۆ نەتەوەکەمان لەشەڕی دژی داعش ئەوە بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆیان تێکەڵاوی کێشمەکێشی حزبە سیاسییەکان نەکرد، بەڵام بەم دواییە نەك هەر پێشمەرگە، بەڵکو کەسوکاری شەهیدانیش کرانە موزایەدەی سیاسیی نێوان حزبەکان و تەنانەت ئاماژەیان بەوە کرد کە گوایە کەسوکاری شەهیدان لەبەر موحتاجی خۆیان دەفرۆشن. ئایا ئێوە وەك وەزارەتی شەهیدان چ رێوشوێنێکتان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی موزایەدەو سووکایەتی بەکەسوکاری شەهیدان تەحریم و تەجریم بکرێت؟**

-پێش ئەوەی یاسا بۆ تەحریم و تەجریمی سووکایەتیکردن بە کەسوکاری شەهیدان دەربکرێت، پێویستە هەموو مرۆڤێك ئەوەندە ئەخلاقی نیشتمانی و نەتەوەیی بەرز بێت، هەست بەوە بکات کە هەرچی لەم وڵاتە هەمانە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، لەهەموو پێگەو بستێکی ئەم خاکە خوێنی شەهیدەکانمانی تێدا رژاوە، هەر کەسێك لەهەر ئاستێك بێت دەبێت لەبیری نەچێت کە خوێنی شەهیدەکانمانە ئەوی گەیاندۆتە ئەو ئاستە، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبەتە کەسانێك هەیە خۆیان لەم راستییە گێل دەکەن، هەربۆیە لەداهاتوودا هەوڵ دەدەین کار بۆ ئەو یاسایە بکەین کە هەرکەسێك بێڕێزی بەکەسوکاری شەهیدان بکات، ئیجرائاتی توندی لەگەڵ بکرێت. شەهیدو کەسوکارەکانیان سیمبوڵی نەتەوەیی و نیشتمانین، بۆیە بەهەموو شێوەیەك دەبێت ئەم سیمبولە بپارێزین، شەڕی داعش سەلماندی کە گەلی کورد بە پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆو خۆبەخش و خۆڕاگری کەسوکاری شەهیدان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی توانرا ناو و ناوبانگێکی بەرزتر بۆ پێشمەرگەو گەلی کورد بەدەستبهێنرێت، هەروەها لیژنەمان بۆ رێکخستنەوەو چاککردنی پلەی شەهیدەکانیش هەیە کە لەگەڵ دۆخی ئێستاو واقیعەکەدا ناگونجێت، تەنانەت پێش ساڵ و نیوێك پرۆژە بڕیارێکمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی هەموو کێشەی شەهیدانی سەنگەر بەتایبەتی ئەوانەی پێش راپەڕین چارەسەر بکەین، کە تێیدا رەچاوی پلەو ساڵانی خزمەتی پێشمەرگایەتی بکرێت، وەك مووچەو ئیمتیازاتی خانەنشینەکان.

*** ئەی بۆ مووچەی شەهیدان کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە دواکەوتووەو بەبەردەوام گلەیی و گازندە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چیتان کردووە؟**

ئێمە نزیکەی وارسی ٩٨ هەزار شەهیدو ئەنفالکراوانمان هەیە ئەمەش ژمارەی هەموو شەهیدان و ئەنفالکراو نییە، چونکە وارسمان هەیە سێ چوار شەهیدی هەیە. کە لە وەزارەت مینحە وەردەگرێت، دوای هەوڵێکی زۆرو بەسوپاسەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران مینحەیان لێ کەم نەکرایەوە، راستە حەوت مووچە دراوە، بەڵام بەتەواوەتی دراوە، ئەمەش بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە نەتوانراوە هەموو مووچەکان دابین بکرێت. ئێمە چەندین جار لە ٢٠١٤ ـەوە چەندین نووسراومان کردووە بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە ریزبەندی وەزارەتەکان لەدوای وەزارەتی پێشمەرگەوە مووچە وەربگرن و بەڵێنی زارەکی لەلایەن بەڕێز سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی داراییەوە دراوە.

**لەدوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە راستەوخۆ کۆبوونەوەیەک لەئەنجومەنی وەزیران بۆ دوو مەبەست ئەنجام درا، هەم بۆ پێشوازیکردنی ئاوارەکان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستی بەپەلە بۆیان، هەمیش لیژنەیەک دامەزرا بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو زانیارییەکان و ناساندنی کەیسی ژینۆسایدی ئێزیدیەکان بەدنیای دەرەوە کە لێپرسراوێتی ئەم لیژنەیە بە بەندە سپێردرا**

**سەردانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی دەرەوەو باڵیۆزخانەکان و بارەگای یەکێتی ئەوروپامان لەبرۆکسل کردووە و لەنزیکەوە کەیسی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدیمان بۆ باسکردون**

**نزیکەی وارسی ٩٨ هەزار شەهیدو ئەنفالکراوانمان هەیە ئەمەش ژمارەی هەموو شەهیدان و ئەنفالکراو نییە، چونکە وارسمان هەیە سێ چوار شەهیدی هەیە**

# چیرۆکی چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی لەعێراقدا



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەدیدی عەمار حەکیمی سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانییەوە، چارەسەری یەکلاییکەرەوە بەواتای بەسفرکردنی قەیرانەکانەو براوەو دۆڕاوی تێدا نییە، خۆی لە راستیدا بریتییە لەکردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەی بیرکردنەوە لەئایندە و هەڵنەدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو، پێموایە کە ئەم پڕۆژە گرنگە هەموو حزبە شیعییەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانی لەسەری رێك ناکەون، لەسەرروویانەوە حزبی دەعوەی باڵی مالیکی، بۆیە مالیکی ناوبەناو لەکاتی سەردانەکانی بۆ باشوورو دیدارو لێدوانە مەترسیدارەکانی مەرجی سەخت بۆ چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی دادەنێت، ئەو لەگەڵ سوننەکانی عێراقدا چارەسەری یەکلاییکەرەوە رەتدەکاتەوە، تەنیا لەگەڵ ئەوانە نەبێت کە بە پڕۆژەکەی ئەو قایلن، ئەوانیش تەنیا سوننەکانی ئەون، کە بە سوونەی مالیکی ناسراون، ئەوانە تاقمێکی کەمن و تایفەکەی خۆیان فرۆشتووە لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسیدا، مایەی سەرسوڕمانە کە خالد مۆلای سەرۆکی کۆمەڵەی زانایانی سوننەی عێراق داوا دەکات ئەوانەی دژی پڕۆژەی چارەسەری یەکلاییکەرەوەن لە پڕۆسەی سیاسی بکرێنە دەرەوە، مەبەست لەم لێدوانە توندەش رازیکردنی هاوپەیمانیی نیشتمانییە تاکو رۆڵی گرنگی هەبێت لە قۆناغی داهاتووی نوێنەرایەتیکردنی سوننە، ئەمەش لێدوانێکی بەهێزترە لە لێدوانەکانی هەندێ پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا، هودا سەجادیش تەنیا ئاشتبوونەوە رەتدەکاتەوە لەگەڵ ئەوانەی بوونەتە هۆکاری کەوتنی پارێزگاکانی رۆژئاوا.

ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە، مالیکی چارەسەری یەکلاییکەرەوە لەگەڵ ئەوانە رەتدەکاتەوە کە دژی پڕۆژەکەی ئەون یان دژی مەرامەکانی و سیاسەتە ستەمکارەکانی دەرحەق کوردستان وەستاون، بە دیاریکراویش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام زۆر جار رایگەیاندووە کە چارەسەری یەکلاییکەرەوە لەگەڵ ئەوانە قبوڵدەکات کە دژی دابەشکردنی عێراقن و پابەندن بە یەکێتیی ئەو وڵاتەوە، ئەوانیش ئەو کوردانەن کە هاتوونەتە پاڵ پڕۆژەو هاوپەیمانییەکەی، من خودی خۆم بە کوردانی مالیکی ناوزەدیان دەکەم، هەروەها ئەوانەی نایانەوێت یان رازی نین یان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان کارناکەن ئەوانە خائینن بەرامبەر نیشتمان و گەل و مێژوو و ویژدانی خۆیان و لەهەمبەر خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە.

لەبەرئەوە چارەسەری یەکلاییکەرەوە بەم مەرجانە سەرناگرێت و ئەگەر چارەسەری یەکلایکردنەوەی راستەقینەمان بوێت، ئەوەیە کە هەروەك سەرۆك بارزانی دوای راپەڕین دووپاتی کردۆتەوە، بۆیە دەبینین هەموو سەربازانی عێراقی ئازادکردو بە بێ زیان گەڕانەوە ناو ماڵی خۆیان، ئەم هەڵوێستە مرۆییە مایەی شەرەفمەندییە بۆ هەموو هاووڵاتییەکی کورد، دواتر کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەیە لەنێوان رۆڵەکانی گەلی کوردستاندا، ئەمەش هەڵوێستی پێغەمبەر(د.خ) مان دێنێتەوە یاد، کاتێ چووە ناو مەککەوە دوای ئەوەی بۆ چەند ساڵێك دەریانکردبوو، کافرانی ئەو شارەش وایانزانی پێغەمبەری خوا تۆڵەیان لێدەکاتەوە، بەڵام

بە قسەیەکی نەرم و جوان فەرمووی: بڕۆن ئێوە ئازادن، بۆیە ئەگەر سەرۆك بارزانی وەك مالیکی مەرجی دانابوایە، ئەوا کوردستان دەبووە گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆ، بەم عەقڵییەتە کراوەو شارستانییە سەرۆك بارزانی توانی وڵات بەرەو کەناری ئارامی بەرێت و کوردستان لە شەڕەوە بکاتە ئاشتی، بەم بیرکردنەوە ساغڵەمە هەڵبژاردنی پاکی دیموکراسی ئەنجامدرا، یەکەم پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران، بۆیە ئێمە لە کوردستاندا لە قۆناخی دوای چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویدا دەژین و ئەو ناکۆکییانەی نێوان حزبە کوردییەکان دیاردەیەکی سرووشتییە و حاڵەتێکی دیموکراسییە و تەنیا بە گفتوگۆی جیددی و بنیاتنەرانە چارەسەری یەکلاییکەرەوە دەکرێت. دانانی مەرج بۆ چارەسەری یەکلاییکەرەوە واتە شکستهێنانی پڕۆژەکە، بۆیە ئەگەر چارەسەری یەکلاییکەرەوەمان بوێت دەبێت پێشمەرج رەتبکەینەوە، ئەگەر بمانەوێت وڵاتەکەمان لە رووی سیاسییەوە سەقامگیربێت، پێویستە لەگەڵ هەموو لایەك بێ جیاوازی دیالۆگ بکەین، چارەسەری یەکلاییکەرەوە بە بێ مەرج دەست پێدەکات، دوای چارەسەری یەکلاییکەرەوە ئینجا مەرجەکان دێن بۆ چۆنێتیی چوونە نێو پڕۆسەی سیاسییەوە، ناکرێت چارەسەری یەکلاییکەرەوە لەگەڵ سوونەدا ئەنجام بدرێت لەکاتێکدا کە سەرانی سوونە داواکراوی دادگا بن، وەکو تاریق هاشمی و رافع عیساوی و ئەسیل نجێفی و هەندێ کەسی ناحەزی وەك خەمیس خەنجەر و دەستەی زانایانی موسڵمانان، کاتێ عەممار حەکیم دەرکی بەو ناکۆکی و هەڵوێستە جیاوازانە کرد لە هاوپەیمانیی نیشتمانیدا رایگەیاند کە ناکرێ چارەسەری یەکلاییکەرەوە لەگەڵ تاوانباران ئەنجام بدرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، تاوانباران کێن؟ رەنگە ئەوانەی تاوانبارن لای شیعە پاڵەوان بن لای سوننە، بۆیە پێویستە بە وردی ئەو راستییانە بناسرێن، بە شێوەیەك کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەسەر پێناسەی تاوانباران رێکبکەون.

هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە بە سەرۆکایەتیی عەممار حەکیم بەپەلە ئەم پڕۆژەی پێشکەشکرد، قەناعەتی وابوو کە ئایندەی سیاسیی شیعە لە عێراق لە مەترسیدایە، بۆ ئەوەی ببێتە چارەسەری یەکلاییکەرەوەیەکی گونجاو بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بەتایبەتیش سوننە، واتا پێش رزگارکردنی موسڵ، چونکە بە تەواوی دەزانێت کە قۆناخی دوای داعش، زۆر سەخت دەبێت، بۆیە ئەگەر هاوپەیمانیی نیشتمانی پڕۆژەیەك یان کارنامە یان پێشنیارێك بۆ لایەنەکانی دیکە پێشکەش نەکات، ئەوا بەرپرسیارێتیی ئایندەی عێراقی دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە لەوەتەی رووخانی رژێمی بەعس حوکمڕانیی عێراق دەکەن، بۆیە خەڵکەکە قەناعەتیان وایە کە چینی سیاسیی شیعە هۆکاری ئەو بارودۆخەی ئێستای وڵاتە، بەتایبەتیش حزبی دەعوە، چونکە لەسەردەمی ئەواندا ئابووری هەرەسی هێنا، داعش ناوچە سوننەنشینەکانی داگیرکرد، بێکاری سەریهەڵدا، گەندەڵی تەشەنەی کرد، فیتنە لەنێوان شیعەو سوننە قوڵتربۆوە، پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر گرژیان تێکەوت و دیبلۆماسییەتی عێراق بە هۆی دەستتێوەردان و هەژموونی وڵاتانی دراوسێ کەوتە قەیرانەوە، ئەمانە هەموو ئاماژەی روونن بەوەی کە ئایندەی سیاسیی شیعە لە مەترسیدایە، رەنگە لەناوبچن و ئەگەر فریای خۆیان نەکەون بە تەواوی بنبڕبن.

دیارە عەممار حەکیم سوورە لەسەر سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە ئەگەر بەم شێوەش بێت، چونکە دەزانێت کە بەدیهێنانی لە عێراق ئەستەمە، بۆیە چاکتر وا بوو سەردانی دەوڵەتان نەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆسێی چارەسەری یەکلاییکەرەوە لەگەڵ سەرانی ئەو دەوڵەتانە، چونکە ئەمە کێشەیەکی ناوخۆی عێراقییە و پەیوەندیی بە دەوڵەتانەوە نییە.

رۆژ لە دوای رۆژ عەممار حەکیم قەناعەتی زیاتردەبێت بەوەی کە ئەم چارەسەری یەکلاییکەرەوە ئەستەمە لە عێراق، چونکە لە سەردەمی مالیکیدا شکستی پێهێنرا، بەڵام دەیەوێت لەماوەی سەرۆکایەتیدا پەیامێکی دڵنیاکەرەوە بدات بە گەلی عێراق کە وڵات هێشتا لە خۆشیدایە، هەروەها دەکرێ کێشەکانمان بە شێوەیەکی شارستانیانە چارەسەری یەکلاییکەرەوە بکەین، بەڵام لێرەدا حەکیم کەوتە هاودژییەوە، لەلایەك داوای چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی دەکات و لەلایەکی دیکەوە هاتە نێو پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی پشتگیریی لە یاسای حەشدی شەعبی بکات، ئەو یاسایەی کە سوننە دەنگی بۆ نەدا جگە لە سوننەکانی مالیکی، چونکە ئەم یاسایە هەرەس بە چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی دەهێنێت، چۆن دەبێ داوای چارەسەری

**ئەگەر چارەسەری یەکلاییکردنەوەی راستەقینەمان بوێت، ئەوەیە کە سەرۆک بارزانی دووپاتی کردەوەو دوای راپەڕین هەموو سەربازانی عێراقی ئازادکردو بە بێ زیان گەڕانەوە ناوماڵی خۆیان**

**مالیکی ناوبەناو لەکاتی سەردانەکانی بۆ باشوورو دیدارو لێدوانە مەترسیدارەکانی مەرجی سەخت بۆ چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی دادەنێت، ئەو لەگەڵ سوننەکانی عێراقدا چارەسەری یەکلاییکەرەوە رەتدەکاتەوە، تەنیا لەگەڵ ئەوانە نەبێت کە بە پرۆژەکەی ئەو قایلن**

**رۆژ لە دوای رۆژ عەممار حەکیم قەناعەتی زیاتردەبێت بەوەی کە ئەم چارەسەری یەکلاییکەرەوە ئەستەمە لە عێراق، چونکە لە سەردەمی مالیکیدا شکستی پێهێنرا، بەڵام دەیەوێت لەماوەی سەرۆکایەتیدا پەیامێکی دڵنیاکەرەوە بدات بە گەلی عێراق کە وڵات هێشتا لە خۆشیدایە**

یەکلاییکەرەوە ی مێژوویی بکەین و لە هەمان کاتیشدا یاسایەك دەربکەین دژی چارەسەری یەکلاییکەرەوە بێت، یاسای حەشدی شەعبی دەوڵەتی ئایینی و مەزهەبی دەچەسپێنێت، دامەزراوە سەربازییەکان کورتەباڵا دەکات، دەوڵەتی مەدەنی لەگۆڕدەنێت، لەوەش خراپتر ئەم یاسایە بە زۆرینەی شیعە تێپەڕێنرا. دواتر کاتێ دەنگ بە یاسای حەشدی شەعبی درا هاوپەیمانیی نیشتمانی زاراوەیەکی دیکەی دەرحەق بە سوننە بەکارهێنا، سوننەی میانڕەو، بێگومان ئەم زاراوەیە دروستکراوی شیعەو داڕێژراوی تایبەت بەخۆیانە، بەدیدی ئەوان سوننەی میانڕەو خائینە بەدیدی تایفەکەی، ئەوەی دەنگی بۆ یاسای حەشدی شەعبی دا ئەوە بەدیدی هاوپەیمانیی نیشتمانی، مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری دڵسۆزە، بە پێچەوانەوەش ئەوەی دەنگی نەدابێت، پێموایە کە چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی یان نیشتمانی یان سیاسی یان کۆمەڵگەیی دوای دەرکردنی یاسای حەشدی شەعبی کۆتایی هاتووە، چونکە ئێمە بەتەواوی دەرك بەوە دەکەین کە دەرکردنی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی خێرا پێش رزگارکردنی موسڵ بەڵگەو هێمای نهێنی هەڵدەگرێت، زانراویشە کە حەشدی شەعبی حەشدی شیعەیە، بە فتوای سیستانی دامەزراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی داعش، ئەمە پێکهاتەیەکی کاتییە بۆ دۆخێکی پێویست، دوای تەواوکردنی ئەرکەکانی هەڵدەوەشێتەوە، بەتایبەتیش دوای رزگارکردنی موسڵ، کەس نکوڵی لە قوربانییەکانی حەشد ناکات لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا، ئەوانە یان دەخرێنە نێو سوپاوە، یان بە هەموو دەستکەوت و مافەکانیانەوە دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان، هاوپەیمانیی نیشتمانی بەتایبەتی حەکیم دەیزانی کە رزگارکردنی موسڵ واتا کۆتایی حەشدی شەعبی، بۆیە پەلەیان لە دەرکردنی یاسا کرد، بە فشاری ئاشکرای ئێران، بە بەڵگەی ئەوەی کە کاتێ حەکیم سەردانی رابەری باڵا خامنەیی کرد لە تاران، قسەکان زیاتر تایبەت بوون بە حەشدی شەعبی، خامنەیی بە شاندەکەی گوتبوو: حەشدی شەعبی سامان و سەرمایەیەکی گەورەی ئێستاو ئاییندەی عێراقە و پێویستە پشتگیریی لێ بکرێت و بەهێزبکرێت.

ئەوەی مایەی پێکەنینە کە ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق، لەجیاتی ئەوە وەزیری دەرەوەی هەموو عێراقییەکان بێت، بووە بە وەزیری حەشدی شەعبی، هیچ موحازەرەیەك نادات یان کۆنگرەیەك نابەستێت و چاوی بە بەرپرسان ناکەوێت لە وڵاتان، ئەگەر ستایشی حەشدی شەعبی نەکات بە رێگایەکی ناسرووشتی، زۆرجار گوتوویەتی کە ئەگەر حەشدی شەعبی نەبوایە عێراق دەڕووخا، وەك بڵێی پێشمەرگە تەماتەیان لە بازاڕدا فرۆشتبێت، سەختترین کاتیش لای جەعفەری ئەوەیە کە باس لە ئازایەتیی پێشمەرگە بکات، وەك بڵێی ژەهر بنۆشێت، فیکریی تایفیی جەعفەری گەیشتە قۆناخێك کە نەهێڵێت نوێنەرانی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە کۆنگرە جیهانییەکاندا بکەن دەربارەی داعش، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەم رەفتارە ناشارستانییەی سەرکۆنەکردووە، چۆن دەبێ چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مێژوویی بێتەئاراوە، کەچی وەزیری دەرەوەی عێراق و یەکێك لە سەرانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی و سەرۆکی حزبێکی سیاسی بەم شێوەیە بیربکاتەوە؟ چۆن چارەسەری یەکلاییکەرەوە بێتە ئاراوە کە کەسێك هەبێت دژی مافەکانی پێشمەرگە دەنگبدات؟ چۆن چارەسەری یەکلاییکەرەوە بێنینە ئاراوە کە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ وە بوودجە بڕاوە؟ چۆن چارەسەری یەکلاییکەرەوە ئەنجام دەدرێت لە بەغدا پیلانێکی چەپەڵ دژی پێکهاتەی کورد لەئارادا بێت؟

ناکرێ چارەسەری یەکلاییکەرەوە بێتە ئاراوە و ئێمەش بڕوامان بە دەوڵەتی مەدەنی نەبێت، یان کەسانێك هەبن هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی موسڵ بدەن گوایە رۆڵەی یەزیدو مەعاویەن، پێموایە کە دەوڵەتی مەدەنی لە عێراق هەتاهەتایە کۆتایی هاتووە لەسایەی دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە مۆرکی تایفەگەرییان پێوەیە، ناکرێ، چونکە بەراستی عێراق بەرەو گۆڕانکاریی ریشەیی و جوگرافیای تازەیە، بەتایبەتی دوای کۆتایی رزگارکردنی موسڵ، هەموو ئەگەرێك لەئارادایە، وەك دابەشبوون یان کۆنفدراڵی یان فیدراڵی، عێراقیش ناگەڕێتەوە سەردەمی پێشووی، مەگەر بە کودەتایەکی سەربازیی خوێناوی، چونکە مێژووی عێراق خوێناوی و ترسناکە، هەرچەندە ئەم ئەگەرە لە واقیعەوە دوورە.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**حەشدی شەعبی حەشدی شیعەیە، بە فتوای سیستانی دامەزراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی داعش، ئەمە پێکهاتەیەکی کاتییە بۆ دۆخێکی پێویست، دوای تەواوکردنی ئەرکەکانی هەڵدەوەشێتەوە، بەتایبەتیش دوای رزگارکردنی موسڵ**

**ناکرێ چارەسەری یەکلاییکەرەوە بێتەئاراوەو ئێمەش بڕوامان بە دەوڵەتی مەدەنی نەبێت، یان کەسانێک هەبن هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لەخەڵکی موسڵ بدەن گوایە رۆڵەی یەزیدو مەعاویەن**

**ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق، لەجیاتی ئەوەی وەزیری دەرەوەی هەموو عێراقییەکان بێت، بووە بە وەزیری حەشدی شەعبی، هیچ موحازەرەیەک نادات، یان کۆنگرەیەک نابەستێت و چاوی بە بەرپرسان ناکەوێت لە وڵاتان، ئەگەر ستایشی حەشدی شەعبی نەکات**

# سۆشیال میدیاو سووکایەتی به بەهاو پیرۆزییەکانی نەتەوە!



ڕێباز عوسمان

سۆشیال میدیا بەرهەمێکی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەکانی سەردەمە کە جیهانێکی خێراو گۆڕاوی وای خولقاندووە جیهانی زۆر بچووك کردۆتەوە. ئەوەتا ئەم تەکنەلۆژیایە کە زیاتر بەکارهێنەرانی لەگەنجانە بەشێوەیەکی زۆر خێراو زۆرجار ڕەها گەیشتە هەرێمی کوردستان و بمانەوێت، یا نەمانەوێت خۆی خزاندە ناو هزری مرۆڤەکانەوە. سۆشیال میدیا تا ڕادەیەك جیهانی بچووك کردۆتەوە کە بۆ بەیەك گەیشتن و یەکتر ناسین و ئاڵوگۆڕی هەست و فکر و دەربڕینی ناخی کەسەکان و لەهەمان کاتدا ریکلامێکە لەسەر ئاستی کەسەکانە بۆ خۆیان و ریکلامە بۆ پارت و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئاستی فراوان و گشتی، چونکە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەو هەر کۆمەڵگەیەکیش پارت و لایەنی سیاسی تایبەتی لەخۆ گرتووە.

لەجیهاندا سۆشیال میدیا لەبەکارهێنانیدا سنووردارە لە پۆستکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانەوە ئەو وڵاتەی کە ڕێگە بەو کۆمپانیای نێت ۆرك ئەدات، خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش بە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بکات لەگرێبەستەکەدا کە لەنێوان حکومەت و کۆمپانیاکەدا واژوو دەکرێ، حکومەت هەندێك خاڵ بەسەر کومپانیاکەدا ئەسەپێنێ بە سەرپەرشتی و ئاگاداری وەزارەتی ناوخوی ئەو وڵاتە کە دەبێت پابەندبێت پێوەی، ئەوانەش هەر بابەتێك بڵاوبێتەوە و ببێتە هۆکارێك بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت ئەو کۆمپانیایە پابەندبێت بە سڕینەوەی و نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی، خاڵێکی دیکە بابەتی سووکایەتیکردن و ناوزڕاندنی کەسایەتی و سیمبول و ئایین و نەتەوەکانە، هەروەها بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی نەشیاو کە دەبێتە هۆکارێك بۆ لەکەدارکردنی کەسایەتییەکان، ئەمانە مەرجی بەکارهێنانی سۆشیال میدیایە لە وڵاتانی ئەورووپای دیموکرات و وڵاتانی دیکتاتۆریش، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی خاڵێکی گرنکە لای هەموو وڵاتێك و ناوزڕاندنی کەسایەتیەکانیش بە هەمان شێوە و لەهەر کاتێکدا ڕووداوێکی نەخوازراو لەو وڵاتەدا ڕوودات، ئەو کۆمپانیایە هێڵی ئینتەرنێت دەبێت ڕابگرێ، یان سنوورداری بکات. بۆ نموونە سۆشیال میدیا بەگشتی ڕادەگری بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی بابەت و ڕووداوەکان، ئەوەتا هەر لە ڕۆژی هەینی کاتێك داعشەکان فیدیۆی دوو سەربازە تورکەکەیان بڵاوکردەوە کە بە زیندوویی داعشەکان دەیانسووتێنن، ڕاستەوخۆ لەو وڵاتەدا فەیسبووك و سۆشیال میدیا بۆ ماوەیەکی زۆر ڕاگیرا. ئەم حاڵەتە لە وڵاتی ئێمە پێچەوانەوە بووەتەوە، کە جێگەی داخە هیچ سنوورێك بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا نییە بۆ دانانی خاڵی وەستان و ڕێگریکردن لەدەست خستنەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و لە لەکەدارکردنی پیرۆزیی ئایین و سەرکردەو نەتەوەکەمان و شەهیدانمان، وەکو ئەوەی کە لە ڕابردوو ئەمانبینی لەئۆپۆزسێون لەپەلاماردانی پیرۆزییەکانی نەتەوەی کوردو لەکەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی کوردستان، ئەمڕۆش لەکەدارکردنی سیمبولی نەتەوەکەمان کە کەسوکاری پیرۆزی شەهیدانی کوردستانەو بێشەرمانە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی گاڵتەکردن بە بەها پیرۆزەکانی کورد و کوردستان!

بەداخەوە سۆشیال میدیا لەکوردستان لای هەندێك لەکەسان کە خاوەنی هیچ هەستێکی نەتەوەیی نین، بۆتە شوێنێك بۆ گاڵتەجاڕی و لەکەدارکردنی کەسایەتییەکان و دەسەڵات و حکومەت، لەگەڵ ڕێزمدا وەك دەرگای توالێتی شوێنە گشتییەکانی لێهاتووە کە جاران لەسەر ئەو دەرگایانە هەرچی وشەی ناشیرین و نەشیاو بوو، دەنووسرا، ئێستا گوێزراوەتەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە هیچ سنوورێك و ڕێگرییەکی لێنەکراوە. تائێستا بە پێی بڕگەی یاسایی و گرێبەستی حکومەت و ئەو کۆمپانیانەی کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش دەکەن، سنوورێك بۆ ئەم بابەتە ترسناکە دانەنراوە، چونکە یاریکردن بە ئاسایشی نەتەوەیی و پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان هێڵی سوورە، وەك ئەوەی لای هەموو وڵاتانی دیکەی دنیا هێڵی سوورە، دەبێت حکومەت بەئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ئەو مەرجانەیان بەسەردا بسەپێنێ کە خزمەتگوزارییەکانیان مەرجدار بێت.

ئێمەی گەلی کورد خاوەنی کۆمەڵێك پیرۆزی و قوربانین و خاوەنی کۆمەڵێك کەلتووری ڕەسەن و جوانین کە ناکرێت بە هۆی تەکنەلۆژیا و ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە کە بە سوشیال میدیا ناسراون و کۆمەڵێك بەکارهێنەری نادڵسۆز و هەستنەکەر بە بەرپرسیارێتی فەرامۆشیان بکەین. بەپێچەوانەوە پێویستە بۆ پارێزگاری لەکوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێگری لە تەشهیرکردن بەدەسەڵات و کەسایەتییەکانی کوردستان ئەم سۆشیال میدیایە سنووردار بکرێت.

لە هەر وڵاتێکی ئەم جیهانە لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەیی و بەپێی کەلتوور و یاسای تایبەتیی وڵاتەکە ڕێگری لە هەندێك سایت و پەیجی نەشیاو دەکرێت لەکارکردن، بۆ نموونە وڵاتە ئیسلامییەکان ڕێگری لە سایتی ئیباحی و خراپەکان دەکەن لەکارکردن لە ڕێگەی سێرڤەری کۆمپانیای خزمەتگوزاریی (نێت ۆرك)ـەوە کە پێشتر لەگرێبەستەکەدا خاڵی سەپێندراو بووە لەسەریان، بۆیە دەبێت کوردستانیش وەك هەموو وڵاتانی جیهان چۆن بێبەش نەبووە لە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیاو لەبەکارهێنانی، دەبێت دانانی لەیاساشدا جیاواز نەبێت. ئەگەر سەرنج بدەین لەکوردستاندا و بەتایبەت لە شاری سلێمانی زۆر لەبەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس دەبینن، بەڵام بە ڕاستی ڕۆژنامەنووسی دوور لە بەهای کوردایەتی و دوور لە ڕێزگرتن و کوردبوونن و دوورن لەخوێنی شەهیدان، بۆیە دەبێت سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت بە هاوکاری حکومەت و وەزارەتی ناوخۆی کوردستان لەدانانی یاسای بەکارهێنانی سۆشیال میدیاو دۆزینەوەی چارەسەری دروست بۆ خزمەتکردنی دۆخی ئایندەی کوردستان.

## چەییم کۆفمان
### پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# تێکشکاندنی داعش بەمانای سەقامگیریی عێراق نایەت و زەمینەی توندوتیژی هەر دەمێنێت



**چەییم کۆفمان پرۆفیسۆرە لەبەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لیهای، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ناکۆکیی ئیتنی و نەتەوەیی، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەگەرەکانی ئاشتی لە سەدەی بیست و یەکدا. بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خستنەڕووی چۆنیەتی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ئەم ناوچەیە و باسکردن لەسیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** پێشتر کاتێك باس لە هۆکاری شکست و ناسەقامگیریی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی دیموکراسی دەگەڕێندرایەوە، بەڵام لەئێستادا کاتێك باس دێتەسەر ئەم ناوچەیە، ئەوا راستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەم ناوچەیە بەدەست نەبوونی سەقامگیرییەوە دەناڵێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت جارێکی دیکە سەقامگیری بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە بگەڕێندرێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، ئەوەی پێوەندی بە وڵاتی سووریاوە هەبێت، ئەوا سەقامگیرییەکی درێژخایەن نایەتەئاراوە، لەبەر ئەوەی راستە ئەسەد سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ناتوانێت سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بێنێت، لەبەر ئەوەی هۆکار و سەرچاوەکانی یاخیبوون لەئارادا دەمێنن و دواتر یاخیبووان دەگەڕێنەوە. کەواتە سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە سووریا بەدی ناکەین، ئەگەرچی وا پێدەچێت ئەسەدیش براوە بێت. هەروەها ئەوەی پێوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا راستە ئێوە دەقاودەق ئەم پرسیارەتان نەکردووە، بەڵام من لێرەدا شتێك دەڵێم کە رەنگە زۆر کەس نەیلێت، ئەویش ئەوەیە کە داعش بە تەواوەتی تێکدەشکێندرێت، داعش بوونی نامێنێت و هەموو خاکی ژێر دەستی لەدەست دەدات و ئەمەش کاتێکی زۆری پێناچێت، چونکە داعش دوژمنێکی زۆری هەیە کە زۆر بەهێزیشن. کەواتە داعش هەمان چارەنووسی ئەلقاعیدەی بەسەردا دێت، کە رێکخراوە بنەڕەتییەکە بوونی نامێنێت و تێکدەشکێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بە مانای سەقامگیری نایەت بۆ عێراق، لەبەر ئەوەی مامەڵەی حکومەتی عێراق لەگەڵ سوننەکاندا ئەگەرچی بە چەشنی دووساڵ پێش

ئێستا خراپ نییە، بەڵام هێشتا هەر زۆر خراپە. کەواتە لە عێراقیشدا فاکتەری -نیمچە هەمیشەیی- یاخیبوون لەئارادایە. کەواتە ئەگەر ناچارم بم لە نێوان سووریا و عێراقدا دەستنیشانی ئەوە بکەم، کامیان زیاتر ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت سەقامگیر بێت، ئەوا پێموایە عێراق زیاتر لەسووریا ئەگەری ئەوەی هەیە سەقامگیر بێت، بەڵام ئەویش نە لەئایندەیەکی نزیکدا و نە لەمەودای مامناوەندیشدا. ئەسەد لەسووریادا بە هیچ شێوەیەك چاکسازی ناکات، لەبەر ئەوە سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە سووریادا نایەتەدی. هەروەها عێراقیشمان بینی کە لەماوەیەکی درێژداو لە سەردەمی سێ سەرۆك وەزیراندا چۆن هەڵسوکەوتی کردووە، کە ئەویش مایەی ئومێد نییە. کەواتە لەناوبردنی داعشیش بە رادەیەکی گەورە فاکتەرێکی یارمەتیدەر نابێت.

*** ئایا واقیعییە پێشبینی ئەوە بکەین کە تەناتەت دوای تێکشکاندنی داعش، عێراق و سووریا وەك دوو وڵاتی یەکگرتوو دەمێننەوە؟**

- ئەگەر پرسیارەکەتان ئەوە لەخۆبگرێت، ئایا ئەو بارە خۆبەڕێوەبەرییەی کورد لەئارادا دەمێنێت و درێژەدەکێشێت، ئەوا وەڵامەکەی من ئەوەیە بۆچی نا، ئەگەرچی بەدەستهێنانی سەروەریی تەواو لەئایندەیەکی نزیکدا رەنگە بەدیهێنانی ئاسان نەبێت، لەبەر ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی لەسەروەختی نەتەوە یەکگرتووەکاندا —لەساڵی ١٩٤٥ـەوە- دژی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانە، ئەگەرچی مەحاڵ نییە ئەم کارە بکرێت. بۆ نموونە، تەیموری رۆژهەڵات کە حاڵەتێکی ئیستیسنا بوو. بەڵام ئەمە کارێکی زۆر قورسەو لەپێوەندی بە کوردەوە ئەوا دراوسێگەلێکی بەهێز هەن کە هەر کارێکی لەدەستیان بێت بۆ رێگری لێکردنی دەیکەن.

*** بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێتوانیە لە رووی ئەمری واقیعەوە عێراق وەك وڵاتێکی دابەش بوو دەمێنێتەوە؟**

- راستە، رەنگە دابەشبوونی ئەمری واقیع بەردەوام بێت و بۆی هەیە لە سووریاش دابەشبوونی ئەمری واقیع بێتەئاراوە.

*** پێتوایە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە رێککەوتنێك هەیە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستمێکی ئیقلمی لەم ناوچەیەدا، بە چەشنی ئەوەی کە رێککەوتنی ویستڤالیا کۆتایی هێنا بە شەڕو ئاژاوەی ئەوروپا؟**

- پێموانییە ئەوە مۆدێلێکی باش بێت، ئەوەی رێککەوتنی وێستڤالیا کردی، بریتی بوو لەباڵادەستکردنی دەوڵەتێکی عەلمانی و خاوەن سەروەری بەسەر فۆرمی رێکخستنی ئایینی، یان هەر فۆرمێکی دیکەدا. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا گەورەترین شەڕ و ململانێ لە نێوان دوو لایەندایە، ئەوانەی دەیانەوێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەلمانی دابمەزرێنن و ئەوانەی دەیانەوێت دەوڵەتێك بێت ئایین بەسەریدا باڵادەست بێت، کە بە مەزەندی من رەوتی دووەمیان بەهێزترە. پێموایە ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە کە ئەگەر ئێمە بتوانین بگەینە رێککەوتنێکی هاوشێوەی وێستڤالیا — لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- ئەوا ئەمە کارێکی باش دەبێت و هاوشانی سەرکەوتنی ئەو لایەنانە دەبێت کە دەیانەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنن لەبەرامبەر هێزە پان-ئیسلامیزمەکاندا، ئەگەرچی ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە ململانێکە کۆتایی هاتووە، بەڵام هەندێ هۆکاری ململانێکە لەناو دەبات، ئەگەر ئەو هێزانە براوە بن کە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی نەتەوەیی دەکەن، کە هێشتا ئەمە رووی نەداوە.

*** ئێوە باستان لەوە کرد کە دڵنیان لەتێکشکاندنی داعش، بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە، یان زەمینەی ئەوە لەئارادایە کە گروپی هاوشێوە لەئایندەدا سەرهەڵبدەنەوە، دەتوانن ئەمە زیاتر روون بکەنەوە؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، پێموایە بزوتنەوەی جیهادی زیاتر دروست دەبن و سەرهەڵدەدەنەوە، هەروەك لەدوای تێکشکاندنی ئەلقاعیدەوە بەدیمان کرد، ئەگەرچی هەندێکیان هەمان ناو هەڵدەگرنەوە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە هەمان رێکخراوی پێشوو بن. کەواتە جیهادیزم بەردەوام دەبێت، راستە ئەم دەوڵەتە جیهادییە —چونکە ئێستا خاکی لەژێر دەستە، ئەگەرچی وەك پێشوو خاکێکی زۆر نییە- تێکدەشکێندرێت، بەڵام رێخراوی جیهادیی دیکە جێیان دەگرنەوە.

*** کەواتە تا چەند پێویستە دووبارە سیستمی حکومڕانی لەعێراقدا دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ئەگەرە روونەدات؟**

- ئەمە ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق -کە لەلایەن شیعەوە کۆنترۆڵ کراوە- بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کەمینەی عەرەبی سوننەدا بکات، بەڵام ئەمە مەسەلەیەك نییە پەیوەست بێت بە چاکسازیی دامەزراوەییەوە، بەڵکو پەیوەستە بەو سیاسەتەی حکومەت دەیگرێتەبەر،

**هەموو کەس دەیزانی سەرۆک کلینتۆن چی دەکات، هەموو کەس دەیزانی سەرۆک مەککین چی دەکات، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بووایە، بەڵام خەڵکی زانیارییەکی کەمتریان هەبوو بۆ ئەوەی پێشبینی ئەوە بکەن سەرۆک ئۆباما چی دەکات، کە لەئێستاشدا ئێمە هیچ شتێک نازانین لەبارەی ئەوەی ترەمپ دەیکات**

**بەلای منەوە باشترە تیلیرسۆن سەرۆک بێت لە بری ترەمپ، چونکە بەلای کەمەوە تیلیرسۆن کەسێکە لەماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا تۆمارێکی جێگیری هەبووە، راستە من لە زۆر شتدا لەگەڵیدا هاوڕا نیم، بەڵام ئەو کەسایەتیەکی شێتانەی نییە**

یـان ئـەوەی چـۆن مامەڵـەدەکات. مۆدێلێـك هەیـە کـە دەخرێتـەڕوو بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکـی لـە کۆمەڵگـەدا کـە پێی دەوترێت دابەشکردنی دەسـەڵات، بەڵام ئایا ئـەم دەستەواژەیە مانـای چییـە، بە مانـای ئـەوە نییـە کـە حکومەتێکـی مەرکەزیـی بەهێـز هەبێت، بـەڵام بـە گوێـرەی ڕێککەوتنێکی دەستووری دەسـەڵاتیش بەسـەر پێکهاتـە جیاوازەکانـدا دابـەش بکرێـت، لـەم ڕووەوە دەتوانیـن ئامـاژە بـە دەسـتووری ساڵی ١٩٦٠ی قوبرس بکەیـن، کاتێك سـەربەخۆ بـوو. گرنگتریـن لایەنـی دابەشـکردنی دەسـەڵات ئەوەیـە کـە پێی دەوترێت ڤیتۆی کەمینـە، کە کەمینـە دەتوانێت ڕێگری لەکارێکی حکومـەت بـکات، تەنانـەت ئەگـەر زۆرینـەش خواستی لەسـەر بـوو، بـەڵام کێشـەکە ئەوەیـە کاتێـك کەمینـە ڤیتـۆ بـەکار دەهێنێـت، ئـەوا زۆرینـە پێـی ڕەوا نییـەو ڕێککەوتنەکـە هەڵدەوەشـێنێتەوە و شـەڕی ناوخۆی دروست دەبێت، کە ئەمە چارەنووسی نزیکـەی سـەرجەم ڕێککەوتنەکانـی دابەشـکردنی دەسـەڵات بـووە کـە تـا ئێسـتا کـراون. چارەسـەرێکی دیکـە بریتیـە لـە پێدانـی بـاری خۆبەڕێوەبـەری بـە هەرێمێـك، وەك ئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لێـی بەهرەمەنـدە، کـە ڕەنگـە دروسـتکردنی هەرێمێـك بـۆ سـوننەکان دەرئەنجامێکـی باشـی لێبکەوێتـەوە، بـەڵام چارەسـەری بنەڕەتـی بریتـی نییـە لـە چاکسـازی دامەزراوەیـی، بەڵکـو گۆڕانکارییـە لەمامەڵـەی زۆرینـەدا.

*** ئایا چۆن لـە ڕۆڵـی ئێران دەڕوانیت، پێتوایـە ئەم وڵاتـە سوودی لەو پشێوی و ئاژاوەیەی ناوچەکە وەرگرتـووە بـۆ بـرەودان بـە دەسـەڵاتی خـۆی و بـۆ ئـەوەی ببێتـە هێزێك کە لەئایندەدا لەبەرچاو بگیرێت لەهـەر دووبـارە داڕشـتنەوەیەکی ناوچەکـەدا؟**

- لـە ڕاسـتیدا ئەوانـەی بیـر لـەم پرسـە دەکەنـەوە، زیاتـر تەرکیـز لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە ئێـران دەتوانێت چی بـکات، هـەروەك ئەوەی لـە پێوەندی بە سعودیەوە ئـەوە لەبەرچاو دەگرن کە سعودیە دەتوانێت چـی بـکات. بـەڵام مـن پێموانییـە ئەمـە گرنگتریـن فاکتـەر بێـت. چونکـە هـەردوو وڵاتەکـە لـە ململانێدان بۆ برەودان بە دەستڕۆیشـتوویی خۆیـان. بـەلای منـەوە دوو فاکتـەری گرنـگ لەپێوەنـدی بـەم پرسـەوە هـەن کـە بریتیـن لـەوەی چـۆن شـیعەی عێـراق مامەڵـە لەگـەڵ دەستڕۆیشـتوویی ئێرانـدا دەکات و دووەمیـان ئەوەیـە ئایـا ئیـدارەی نوێـی ئەمەریـکا ڕێککەوتنـە ناوکییەکـە هەڵدەوەشـێنێتەوە، ئەگـەر ئـەوە ڕووبـدات ئـەوا شـتەکان زۆر دەگۆڕێـن. کەواتـە دوو سـەرچاوەی بڕیـار لەپێوەنـدی بـەم پرسـەوە بریتیـن لەئیـدارەی نوێـی ئەمەریـکاو پارتـە سیاسـییەکانی عێـراق. لەبـەر ئـەوە دەبێت تەرکیـزی ئێمـە لەسـەر ئـەم دوو شـوێنە بێـت، نـە سـعودیە و نـە ئێـران بێـت.

*** لـەم ڕۆژانـەی دواییـدا، سـەرۆکی هەڵبژێـردراوی ئەمەریـکا، دۆناڵـد ترەمـپ، بەڕێوەبـەری جێبەجێکاری کۆمپانیـای ئیکسـۆن مۆبیلـی بـۆ پۆسـتی وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا دەستنیشـان کـرد، پرسیارەکە ئەوەیـە ئایا ئەمـە چ گۆڕانکارییـەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت لەسیاسـەتی ئەمەریـکا لەئاست ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بەگشـتی و لـە ئاست عێراق و ئێرانـدا بەتایبەتـی؟**

- لـە ڕاسـتیدا کـەس نازانێـت. کێشـەی دۆناڵـد ترەمـپ ئەوەیـە کـەس ناتوانێـت پێشـبینی بـکات کـە چـی دەکات، ئایـا خـۆی بڕیـار دەدات، یـان بـوار بـە کەسـانی دیکـە دەدات بڕیـار بـدەن؟ ئایـا ئـەو ڕەچـاوی ئـەو ڕاوێژانـە دەکات کـە پێـی دەدرێـت، ئایـا سیاسـەتێکی جێگیـر پیـادە دەکات؟ لەدوایيـن ڕاپرسـیدا کـە لەنێـو شـارەزایانی بـواری ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمەریـکا ئەنجـام دراوە — کـە لـە هـەر ناوەندێکـی دیکـەی ئەکادیمـی موحافیزکارتـرن- لـە سـەدا ٩٥ییـان پێیانوایە ترەمـپ کاریگـەری خراپـی لەسـەر سیاسـەتی دەرەوە دەبێـت، کـە پێشـتر دابەشـبوونێکی تونـدی لـەم چەشـنە نەبـووە، ئـەو ڕاپرسـییە پێـش هەڵبژاردنـەکان ئەنجـام دراون، کـە پێشـتر دەرئەنجامـی لـەم شـێوەیەی نەبـووە، ئیـدی گرنـگ نەبـووە شـارەزای بـواری ئاسایشـی نەتەوەیـی کەسـێکی دیموکـرات بـووە، یـان کۆمـاری، یـان سـەربەخۆ. هەمـوو کـەس ترسـی لێنیشـتووە لـەوەی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا چـی بەسـەردێت لـە سـایەی ئیـدارەی ترەمپـدا، ترسـیان لێنیشـتووە لەبـەر ئـەوەی هیـچ بیرۆکەیەکیـان نییـە لەبـارەی ئـەوەی کـە ڕەنگـە ترەمـپ بیـکات. زەقتریـن نموونـە لەبـارەی ئـەوەی چـۆن شـارەزایانی بـواری سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا بیـری لێدەکەنـەوە، ئەوەیـە کـە یەکـەم فاکتـەری نیگەرانکـەر بـەلای ئەوانـەوە — لەپیوەنـدی بـە ترەمپـەوە- ئەوەیـە کـە ڕایگەیانـد ئـەو پابەنـد نابێـت بـە بەرپرسـیارێتیەکانی ئەمەریـکا لەچوارچێـوەی ناتـۆدا لەئاسـتی وڵاتانـی بەلتیکدا. کەواتـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست ئەولەوییەتـی یەکەم نییـە کـە ئـەو خەڵکانـە بیـری لێبکەنـەوە، بەڵکـو ناتۆیـە. لەبـەر ئـەوە هەمـوو کـەس ترسـی لێنیشـتووەو کـەس نازانێـت چـی ڕوودەدات. کەواتـە تەنانـەت ئێمـە ناتوانیـن پرسـیاری ئـەوەش بکەیـن کـە کەسـێکی وەك تیلیرسـۆن چـی دەکات، چونکـە سروشـتێکی وای هەیـە

**لەدواییـن ڕاپرسیدا کە لەنێو شارەزایانی بواری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا ئەنجام دراوە — کە لە هەر ناوەندێکی دیکەی ئەکادیمی موحافیزکارترن- لە سەدا ٩٥ییان پێیانوایە ترەمپ کاریگەری خراپی لەسەر سیاسەتی دەرەوە دەبێت، کە پێشتر دابەشبوونێکی توندی لەم چەشنە نەبووە**

**گرنگترین لایەنی دابەشکردنی دەسەڵات ئەوەیە کە پێی دەوترێت ڤیتۆی کەمینە، کە کەمینە دەتوانێت ڕێگری لەکارێکی حکومەت بکات، تەنانەت ئەگەر زۆرینەش خواستی لەسەر بوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاتێک کەمینە ڤیتۆ بەکار دەهێنێت، ئەوا زۆرینە پێی ڕەوا نییەو ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و شەڕی ناوخۆی دروست دەبێت**

**داعش هەمان چارەنووسی ئەلقاعیدەی بەسەردا دێت، کە ڕێکخراوە بنەڕەتییەکە بوونی نامێنێت و تێکدەشکێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بە مانای سەقامگیری نایەت بۆ عێراق، لەبەر ئەوەی مامەڵەی حکومەتی عێراق لەگەڵ سوننەکاندا هێشتا هەر زۆر خراپە. کەواتە لە عێراقیشدا فاکتەری -نیمچە هەمیشەیی- یاخیبوون لەئارادایە**



کە ئێمە نازانین ئەویش چی دەکات، بەلای منەوە باشترە تیلیرسۆن سەرۆك بێت لە بری ترەمپ، چونکە بەلای کەمەوە تیلیرسۆن کەسێکە لەماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا تۆمارێکی جێگیری هەبووە، راستە من لە زۆر شتدا لەگەڵیدا هاوڕا نیم، بەڵام ئەو کەسایەتیەکی شێتانەی نییە، بەڵکو کەسێکی جددییە، بەڵام سەرۆکێکمان هەیە کە وانییە. بەو پێیە ئەگەر تۆ نەزانیت سەرۆك چی دەکات، ئەوا هیچ شتێك نازانیت.

*** چۆن لە ئایندەی ناوچەکە دەڕوانیت و ئایا پێشبینی باشتربوونی بارودۆخەکە دەکەیت، یان لەو باوەڕەدای پشێوەی و ناسەقامگیریی زیاتر روو لەم ناوچەیە بکات؟**

- لەسەر بنەمای ئەو واقیعەی لەناوچەکەدا هەیە، ئەوا پێموانییە لەئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری دراماتیکی رووبدات، من پێشبینی لەناوچوونی داعش دەکەم، بەڵام ئەمە بە گۆڕانکارییەکی گەورە دانانێم، چونکە رێکخراوی دیکە جێی داعش دەگرنەوە. لەبەرچاوگرتنی واقیعەکە من پێشبینی روودانی گۆڕانکاری گەورە ناکەم. بە دڵنیاییەوە نزیکەی هیچ کەسێك پێشبینی رووداني بەهاری عەرەبی نەکرد، منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی پێشبینیم نەکرد. هەروەها گەورەترین نادڵنیایی لەدەرەوەی ناوچەکە سەرچاوە دەگرێت. چونکە لە ماوەی ١٤٠ ساڵدا ئێستا لە ئەمەریکادا سەرۆکێك هەیە کە کەس ناتوانێت مەزەندەی ئەوە بکات کە چی دەکات.

پێشتر ئەمە روویداوە، کاتێك سەرۆك لینکۆڵن کوژرا و جۆنسۆن جێی گرتەوە، کە ئەوەش مایەی کارەسات بوو، بەڵام زیاتر بۆ ناوخۆی ئەمەریکا. بەڵام هەروەك وتم حاڵەتێکی هاوشێوە لەماوەی ١٤٠ ساڵدا روونەداوە کە کەس نازانێت سەرۆك ترەمپ چی دەکات و ئەمەریکاش زۆر بەهێزە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە نازانین رەنگە چی رووبدات. بۆ نموونە، چی دەبێت ئەگەر ترەمپ رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران هەڵبوەشێنێتەوە، چی دەبێت ئەگەر ترەمپ هاوپەیمانێتی لەگەڵ رووسیا بکات، چی دەبێت ئەگەر ترەمپ هەڵبستێت بە هاندانی جوولەکەی نشینگەکان «مستوگنات» بە چەشنێك کە پێوەندیی ئەمەریکا تێکبدات لەگەڵ دۆستە عەرەبەکانیدا، هەر یەکێك لەمانە ئەگەری رووداني هەیە، دوایین ئەگەریان زۆر رێی تێدەچێت، چونکە ئەو بەم ئاڕاستەیەدا کاردەکات. ئەگەر بەدواداچوونتان بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمەریکا کردبێت، ئەوا ئەو کاتە دەتوانی پێشبینی ئەوە بکەیت، کاندیدێك چی دەکات ئەگەر مێژوییەکی هەبووبێت لە پۆستێکی حکوومیدا، هەموو کەس دەیزانی سەرۆك کلینتۆن چی دەکات، هەموو کەس دەیزانی سەرۆك مەککین چی دەکات، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بووایە، بەڵام خەڵکی زانیارییەکی کەمتریان هەبوو بۆ ئەوەی پێشبینی ئەوە بکەن سەرۆك ئۆباما چی دەکات، کە لەئێستاشدا ئێمە هیچ شتێك نازانین لەبارەی ئەوەی ترەمپ دەیکات.



کریستیانەکان بەگرنگییەوە دەڕواننە داهاتووی کوردستان و ئەو هەڕەشانەی هەرێمەکە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەتایبەتی هاتنی فیکری توندڕۆیی ئایینی کە ئەو جۆرە فیکرانە بەکۆمەڵگەی کوردستان نامۆیە، کریستیانەکان کوردستانیان بەخاکی لێبووردەیی و پێکەوەژیان ناسیوەو دەڵێن لەگەڵ برایانی کورد کەلتوور و مێژووی هاوبەشمان هەیە. سەبارەت بەو پرسە قەشە دکتۆر (ریان بولص عطو) ڕاوێژکاری کاروباری کریستیانەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و شارەزا لە زانستی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی لەم دیمانەیەدا وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.

## قەشە دکتۆر (ریان بولص عطو)

راوێژکاری وەزارەتی ئەوقاف و شارەزا لەزانستی کەنیسەی رۆژهەڵاتی بۆ گوڵان:

# پیاوانی ئایینی رۆڵی خێرو ئاشتی و ریفۆرمیان لەکۆمەڵگەدا هەیە، نەک هاندانی خەڵک لەدژی دەسەڵات

## پێشمەرگە لەسەنگەری پێشەوەی پاراستنی سەرجەم ئایین و ئایینزاکانی کوردستانە

*** کریستیانەکان وەکو پێکهاتەیەکی گرنگ لەعێراقدا رووبەڕووی رفاندن و کوشتن و دەرکردن بوونەتەوە، ئێستاکە هەرێمی کوردستان تەنیا پێگەیەکی ئارامە بۆ کریستیانەکان لەناوچەکەدا، ئەمەش بۆ کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان دەگەڕێتەوە کە کوردستان پێی ناسراوە، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی رێگەنەدرێت فیکری توندڕۆیی لەکوردستاندا تەشەنە بکات؟**

- پێشتر لەکوردستان لەسەر کەلتووری پێکەوەژیانی نێوان موسڵمان و کریستیان و ئایین و ئایینزاکانی دیکە قسەنەکراوە، چونکە کوردستان خاکی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بووە، لەم بوارەشدا خاوەنی مێژوویەکی دوورو دەوڵەمەندو پڕسەروەریین، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی و دوای بڵاوبوونەوەی فیکری توندڕۆیی و هاتنی فیکرو بۆچوونی نامۆ بەکۆمەڵگەکەمان ئەم باسانە دەستی پێکرد. بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجددی دەڕواننە ئەم مەسەلەیەو ئەوان دەیانەوێت لایەنی جوانیی ئایین بپارێزن. تەشەنەکردنی فیکری توندڕۆیی ئایینی و تائیفی دوای هاتنی گروپە تیرۆرستییەکان بڵاوبووەوەو لەگەڵ هاتنی داعش ئەم فیکرە پڕمەترسییە وەکو پەتایەك بەعێراق و ناوچەکەدا زیاتر تەشەنەی کرد. ئێمەش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەبارەت بەفیکری توندڕۆیی کۆنفرانسێکی گرنگمان سازداو دواتریش هەماهەنگ بووین لەگەڵ هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی دیکە، لەو کۆنفرانسانەدا تەوەری هەموو گوتارو بیروبۆچوون و توێژینەوەکانی بیرمەندو زاناو مامۆستایانی ئایینی، دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی بوو، ئەم بیروبۆچوون و دەرئەنجامانەش پێویستی بەکردارو هەنگاوی بەپەلە هەیە، چونکە شوێنەواری فیکری تیرۆریستانی داعش و گروپە توندڕەوەکانی دیکە پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەی مامۆستاو پیاوانی ئایینی و زاناو سەرکردە و رۆشنبیران هەیە. بیری میانڕەویی و ئایینی رەسەن لەکۆمەڵگەی کوردستاندا پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت، چونکە لێبووردەیی و پێکەوەژیان رەگ و ریشەیەکی قووڵی لەناو ئەم کۆمەڵگایە هەیە. کاتێکیش ناوچەی ئارام لەسەرەتای نەوەدەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە راگەیەندرا، ئەو کاتە هەرێمی کوردستان توانی زیاتر تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێت و کەلتووری پێکەوەژیانی نێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان بەهێزتر بێت، لەدوای رووخانی حکومەتی حزبی بەعسی فاشی و هاتنی فیکری توندڕۆیی ئایینی و تائیفی جارێکی دی کوردستان توانی بەردەوام بێت لەسەر ئەم تایبەتمەندێتییەی خۆی، بە رادەیەك کوردستان بووە پێگەیەك بۆ نیشتەجێبوونی کریستیان و ئێزیدی و کاکەیی و سابیئەی مەندایی و هەموو ئەو نەتەوەو ئایینزایانەی لەناوچەکانی دیکەی خوارو ناوەڕاست و دەشتی نەینەواو موسڵ هەڵدەهاتن، بەمەش کوردستان و سەرکردایەتییەکەی رێزو تەقدیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان بەدەستهێنا، ئەو رێزو تەقدیرەش بوو وایکرد کاتێك داعشەکان شەڕی سەرتاسەری کوردستانیان کردو روویان کردە ئەم هەرێمە، دەیان وڵاتی رۆژئاوا هاتنەدەنگ و یارمەتی و هاوکاری پێشمەرگەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەکۆمەڵگەیەك بکەن کە لەناوچەکەدا نموونەی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایین و ئایینزاکانە، لەم دواییەشدا وەزارەتی ئەوقاف بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینەکانی بۆ یەهودی و کاکەیی و سابیئەی مەندایی و زەردەشتی کردەوە، کە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەقفی ئایینی ئیسلام و وەقفی کریستیان و ئێزیدی دەبنە تەواوکەری یەکتر، ئەمەش پێکەوەژیان لەنێوان سەرجەم ئایین و ئایینزاکان جوانتر دەکات و رۆڵی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیش باشتر دەکات و دیراسەتی ئایینەکانیش لەپەرتووکێکدا چاپ دەکەن کە ئومێدم زۆرە ئەم پەرتووکە بکرێتە پەرتووکێکی خوێندن تاوەکو منداڵان و نەوەکانی داهاتوومان شارەزایی راستەقینەیان لە هەموو ئایینەکان هەبێت، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی و گروپە تیرۆریستەکان.

*** دوای ئەوەی لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داعش تێکشکا ئێستاکە ئەو گروپە چەکدارە وا خەریکە لەسەرانسەری عێراقدا دەردەکرێن، بەڵام مەترسیی مانەوەی فیکرە توندڕۆییەکەیان هەرماوە، بگرە دوای داعش، یاخود مەترسیی تەشەنەکردنی بیری توندڕۆیی تائیفیش هەیە، ئایا چۆن بتوانرێت**

**رۆڵی هێزی پێشمەرگەو بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەک تەنیا پارێزەری خاک و کۆمەڵگەکەمان بووە، بەڵکو لەچوارچێوەی پاراستنی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتییەوە دێت**

**پێویستە لەداعش و فیکری توندڕۆیی عیبرەت و وانە وەربگرین و چیتر رێگەنەدەین کەسانێک بەناوی ئایینە ئاسمانییەکانەوە دووبەرەکی و فیتنەو ناکۆکی بنێنەوەو زیان بەمرۆڤایەتی و کۆمەڵگەکان بگەیەنن**

**پیاوانی ئایینی کریستیان ئینتمای هیچ حزبێکی سیاسیمان نییەو بگرە قەدەغەیە قەشەو مەترانێک ئینتمای بۆ حزبێکی سیاسی هەبێت، ئایین لای ئێمە پێوەندی نێوان مەخلوق و خوایە**

**قەداسەتی پاپای ڤاتیکان لەیەکەم ڕۆژی هێرشەکانی داعش بۆ سەر عێراق و کوردستان و کۆچکردنی بەلێشاوی کریستیان و ئێزیدییەکان بۆ هەرێمی کوردستان داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەهانای کوردستان و هەموو ئەو هێزانەوە بچن کە پارێزگاری لەخەڵک دەکەن**

**بەبێ بوونی پێشمەرگەو هێزێکی نێودەوڵەتی گەڕانەوەی کریستیانەکان بۆ دەشتی نەینەوا وا ئاسان نابێت**

**ئێمە دژی ئەوەین کریستیانەکان وەکو گرووپی چەکداری سەیربکرێن و بخرێنە ناو ڕیزەکانی حەشدو میلیشیاکانەوە، بەڵکو پێویستە لەناو ڕیزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا بن و لەتەنیشت پێشمەرگەو برا کوردە موسڵمانەکانیان پارێزگاری لەقەزاو ناحیەو گوندە کریستیانەکان بکەن**

**فیکری داعشی و فیکری تایفەگەری بەهەموو شێوازەکانیەوە بنبڕبکرێت؟**

- بڵاوبوونەوەی ئەمجۆرە فیکرە توندڕەوانەی داعش و گرووپە تیرۆریست و توندڕەوەکانی دیکە زیان بەئایینی ئیسلام و سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکانیش دەگەیەنێت، چونکە ئەو چەکدارانەی لەناو ڕیزەکانی داعش و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا شەڕدەکەن و بەناوی ئایینەوە کاری ڕفاندن و کوشتن و سەربڕین و دەستبردن بۆ نامووس و دزینی ماڵ و موڵکی خەڵکی ئەنجام دەدەن، لەکاتێکدا سەرجەم ئایینەکان بەئایینی ئیسلامیشەوە بێبەریبە لەو تاوان و هەڵسوکەوتانە. لەگەڵ هاتنی داعش و پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی دژ بە کوردی ئێزیدی ئەم هەرێمە لەبەردەم چەندین تەحەددای گەمارۆی ئابووری و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەو ململانێی ناوخۆییدا بوو، بەڵام بەهەوڵ و هیممەتی پێشمەرگەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و لەناویاندا زاناو مامۆستاو پیاوانی ئایینی توانرا ڕووبەڕووی ئەو فیکرە توندڕۆییە ببینەوە، بەڵام بەداخەوە لەزۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان پیاوانی ئایینی نەیانتوانی بەهاوشێوەی زاناو مامۆستاو پیاوانی ئایینی بگەڕێنەوە بۆ ڕەسەنایەتی ئایین و دەق و فەرموودە ڕاستەقینەکانی ئایین کە لایەنی خێرو خۆشی بۆ مرۆڤ و لێبووردەیی تێدایە، لێرە دروستکردنی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی تێڕوانینی خەڵکی و زۆرینەی مامۆستاو پیاوانی ئایینییە، کە خێر بەسەر شەڕدا زاڵ دەکات، ئەمەش لەچوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی کە بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی لەپێشەنگی هەموو بەهاکانەوە بێت.

*** باسی پێشمەرگەتان کرد وەکو هێزێکی سەربازی بۆ پاراستنی سنوورەکان، ئایا ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی چۆن دەتوانن پاڵپشتی ئەو هێزە بکەن بۆ ئەوەی لە ڕووی فیکریشەوە سەرکەوتوو بین بەسەر بیری توندڕۆییدا؟**

- ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەو بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەك تەنیا پارێزەری خاك و کۆمەڵگەکەمان بووە، بەڵکو لەچوارچێوەی پاراستنی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتییەوە دێت، هەر ئەمەشە وای کردووە ئێمە دەڵێین ئەمڕۆ پێشمەرگە لەبری هەموو جیهان شەڕی دژی داعش دەکات، چونکە پێشمەرگە بێ جیاوازی بەرگری نەك تەنیا لەپێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکەی کوردستان دەکەن، بەڵکو بەرگری لەو لێقەوماوانەش دەکەن کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی فیکریی توندڕۆیی ئایینی و تائیفییەوە ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە. ئێمەش نزاو کڕنووش بۆ خوا دەکەین بۆ پاراستنی پێشمەرگەو سەرکردایەتییەکەی و لەخودا دەپاڕێینەوە گیانی پاکی شەهیدان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و شەڕو هەرەشە لەوڵاتەکەمان دووربخاتەوە، ئەمڕۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لەسەنگەری پێشەوەی پارێزەری هەموو ئایین و ئایینزاکانی کوردستانن و زاناو پیاوانی ئایینیش پاڵپشت و هاوکاری بنبڕکردنی فیکری توندڕەوییەن. ئەم ڕۆڵی پێشمەرگەو سەرکردایەتی کوردستان لەهەموو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان شانازی پێوەدەکەین و لە ڕۆژانی یەکشەممەدا لەکەنیسەکان نوێژو نزا بۆ پاراستنی پێشمەرگە دەکەین و لەخودا دەپاڕێینەوە کە پارێزگاری لەسەرۆکی هەرێم و هەموو ئەو کەسانە بکات کە بەرگری لە خاك و خەڵکی کوردستان دەکەن و کوردستان بەخاکی پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی دەهێڵنەوە.

*** کریستیانەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا لەهەرێمی کوردستان داوای مانەوەی هێزی پێشمەرگەو زەمانەتی نێودەوڵەتی دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان و ئاوەدانی بکەنەوە؛ ئایا ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیان لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی لەسەرجەم ناوەندە ئایینی و بڕیاربەدەستە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەمان بەو ڕۆڵە کردووە، شانازی بەو پێشمەرگانەشەوە دەکەین کە لە پێکهاتەی کریستیانەکان لەناو ڕیزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدان، ئێمە دژی ئەوەین کریستیانەکان وەکو گرووپی چەکداری سەیربکرێن و بخرێنە ناو ڕیزەکانی حەشدو میلیشیاکانەوە، بەڵکو پێویستە لەناو ڕیزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا بن و لەتەنیشت پێشمەرگەو برا کوردە موسڵمانەکانیان پارێزگاری لەقەزاو ناحیەو گوندە کریستیانەکان بکەن. سەبارەت بەناوچەی دەشتی نەینەواو گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەوە بۆ خواست و ویستی دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە بەکریستیان و ئێزیدی و کوردو شەبەکەوە، چونکە من خەڵکی عەینکاوەم و وەکو پیاوێکی ئایینی کریستیان شانازی بەوەوە

دەکەم کە لە ناوجەرگەی کوردستاندام، هەروەکو چۆن شانازی بەهەرێمەکەمەوە دەکەم کە توانی ئاوارەکانی کریستیان لەهەرێمی کوردستاندا نیشتەجێ بکات. کریستیانەکانی دەشتی نەینەواش ئازادن چۆن بیر لەداهاتوو و زەمانەتی ژیانیان دەکەنەوە، بەڵام من دڵنیام بەبێ بوونی پێشمەرگەو هێزێکی نێودەوڵەتی گەڕانەوەی کریستیانەکان بۆ دەشتی نەینەوا وا ئاسان نابێت.

*** کریستیانەکانی عێراق و ناوچەکانی دەشتی نەینەواو موسڵ ژمارەیەکیان لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێن و ژمارەیەکی دیکەیان کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کردووە، ئایا بۆ راگرتنی ئەو کۆچە چیتان کردووە؟**

- کۆچکردنی کریستیانەکان و دەرکردنیان لەعێراق ستراتیژی و بەرنامەیەکی دارێژراوی ئەو گروپە چەکداری و فیکرە توندڕۆیە بووە، بەداخەوە ئەمە نەزیفێکە لەبواری سەرمایەی مەعریفی و فیکری میانڕۆیی. وەکو کەنیسەو پیاوانی ئایینی ئێمە ناتوانین زۆر لەکریستیانەکان بکەین بمێننەوە لەخاك و وڵاتێکدا کە هیچ بەهایەك بۆ مرۆڤایەتی تێدا نەمێنێتەوە، وەکو پیاوانی ئایینی پاڵپشتی و پشتگیری پێشمەرگەمان کردووەو داوامان لە پاپای ڤاتیکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە پاڵپشتی پێشمەرگەو کوردستان بکەن، قەداسەتی پاپای فاتیکان لەیەکەم رۆژی هێرشەکانی داعش بۆ سەر عێراق و کوردستان و کۆچکردنی بەلێشاوی کریستیان و ئێزیدییەکان بۆ هەرێمی کوردستان داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەهانای کوردستان و هەموو ئەو هێزانەوە بچن کە پارێزگاری لەخەڵك دەکەن، راوبۆچوونی ڤاتیکانیش ئەوەیە هاوکاری ئەو خەڵکە بکرێت لەناوچەکانی خۆیاندا بۆ ئەوەی پارێزگاری لەخاکی باوك و باپیرانیان بکەن، هەر ئەمەش هەڵوێستی فەرمی کەنیسەی باڵایە لە پاپاو باتریرك و سەرۆکایەتییەکانی دیکەی کریستیان، تەنانەت بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندین جار داوای لەکریستیانەکان کردووە بۆ ئەوەی بمێننەوەو پارێزگاریشیان لێدەکات، بەڵام پێویستە هۆکاری کۆچکردن لە بێ متمانەیی و نیگەرانی خێزان و کەسەکان بڕەوێنینەوەو ژیانێکی ئارام و ئاسوودەو خۆشگوزەران بۆ هەموو تاکێك زامن بێت، تاوەکو سنوورێك بۆ کۆچکردن دابنێین، مرۆڤ ئازادە لەکوێ دەژی، بەڵام خۆدەبێت چارەسەری هۆکاری کۆچکردن بکەین.

*** لەهەرێمی کوردستانیش ناوبەناو هەوڵ بۆ نانەوەی ناسەقامگیری و فیتنە هەیە. ئایا ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیان چۆن لەو مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- من وەکو پیاوێکی ئایینی پێموایە بۆ رێگرتن لەم ناکۆکی و ململانێ و فیتنەیە پێویستە سەرەتا لە پەروەردەو لایەنی هۆشیارییەوە دەست پێبکەین، تاوەکو لەدۆخە ناسك و هەستیارەکاندا تاکەکانی ناو کۆمەڵگە فریو نەدرێن، ئەمەش پێویستی بە ریفۆرم و دامەزرانی حوکمڕانییەکی بەهێز هەیە کە رێگر بێت لەچاندنی فیکری توندڕۆیی و دەمارگیری، ئەمەش تەنیا ئەرکی دەسەڵات و رۆشنبیران نییە، بەڵکو ئەرکی زاناو مامۆستاو پیاوانی ئایینیشە کە دەبێت وەکو بێلایەنێکی سیاسی مامەڵە بکەن، زاناو مامۆستاو پیاوانی ئایینی هەڵگری پەیامێکی بەرزی مرۆڤایەتین، نەك هەڵگری فیکرو بیروبۆچوون و ئەجیندەی حزبی، ئەوان ئەرکیان نییە خەڵکی دژی دەسەڵات هان بدەن، بەڵکو ئەرکەکەیان زۆر گەورەیە لەئاراستەکردنی دەسەڵات بەرەو چاکسازی و ریفۆرم لەپێناو خزمەتی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگە. ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیان ئینتمای هیچ حزبێکی سیاسیمان نییەو بگرە قەدەغەیە قەشەو مەترانێك ئینتمای بۆ حزبێکی سیاسی هەبێت، ئایین لای ئێمە پێوەندی نێوان مەخلوق و خوایە، بەپێچەوانەی ئەمەوە دەچینە ناو بابەتی دیکەی سیاسی و حزبی، پیاوانی ئایینی رێپیشاندەری خەڵکن کە خواو ئایینەکەیان چییان پێ دەڵێت، نەك هاندانی خەڵکی بۆ دەمارگیری و تاوان و قووڵکردنەوەی ناکۆکیی نێوان پێکهاتەو چین و توێژەکان و ئایدیۆلۆژیەتەکان. ئێمە هەڵگری پەیامێکین کە خوای گەورە چی بەخشیوە بە مرۆڤ، پێویستە لەپێناو خێرو خۆشی خەڵکیدا بەکاری بهێنن، تاوەکو کۆمەڵگە لەئارامی و ئاشتی و سەقامگیریدا بێت، ئەمەش رۆڵی سەرجەم پیاوانی ئایینەکانە، پێویستە لەداعش و فیکری توندڕۆیی عیبرەت و وانە وەربگرین و چیتر رێگەنەدەین کەسانێك بەناوی ئایینە ئاسمانییەکانەوە دووبەرەکی و فیتنەو ناکۆکی بنێنەوەو زیان بەمرۆڤایەتی و کۆمەڵگەکان بگەیەنن.

**لە رۆژانی یەکشەممەدا لەکەنیسەکان نوێژو نزا بۆ پاراستنی پێشمەرگە دەکەین و لەخودا دەپارێینەوە کە پارێزگاری لەسەرۆکی هەرێم و هەموو ئەو کەسانە بکات کە بەرگری لە خاك و خەڵکی کوردستان دەکەن و کوردستان بەخاکی پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی دەهێڵنەوە**

**پێشمەرگە بێ جیاوازی ئەوان بەرگری نەک تەنیا لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکەی کوردستان دەکەن، بەڵکو بەرگری لەو لێقەوماوانەش دەکەن کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی فیکریی توندڕۆیی ئایینی و تائیفییەوە روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە**

**دیراسەتی ئایینەکان لە پەرتووکێکدا چاپ دەکرێت و ئومێدم زۆرە بکرێتە پەرتووکێکی خوێندن تاوەکو منداڵان و نەوەکانی داهاتوومان شارەزایی راستەقینەیان لەهەموو ئایینەکان هەبێت، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی و گروپە تیرۆریستەکان**